

flTÊK
SEBARET BE
flAIRANÎ
flEQLAWE

شتێک سەبارەت بە

# شاعیرانی شەقڵاوە

هۆشەنگ شێخ محەمەد

# شتێک سەبارەت بە

# شاعیرانی

# شەقڵاوە

هۆشەنگ شێخ محەمەد

*hoshang72@yahoo-com*

***2007-2006***

**کوردستان - شەقڵاوە**

شتێک سەبارەت بە شاعیرانی شەقڵاوە
هۆشەنگ شێخ محەمەد
مارس٢٠٠٦ - نیسانی ٢٠٠٧
کوردستان / شەقڵاوە
چاپخانەی / وەزارەتی رۆشەنبیری - ٢٠٠٨
تیراژ: ١٠٠٠
تایپکردن و دیزایین:
عصام حەجی طاهر
هۆشەنگ شێخ محەمەد

# ئەم کتێبە

(وەک سێبەری سنەوبەرێک دیارییە بۆ دایک و باوکم و کەژاڵ و نەبەز و نیهاد و نیاز و دایکی دووەمم بەهیەخان و مام برایم و زیبا لە گردی زەیتوون)

بۆ کاک خەلیل برای گەورە و دڵی گەورە

بۆ کاک جەلیل مامی ئەرژەنگ و نێرڤانا

بۆ کاک شەوکەت و جوانییەکانی

بۆ کاک زیاد ،سایەم لە رۆژانی بێ سێبەردا

بۆ فەخریەی خوشک و دایک

بۆ قەدریەی روح و گیان

بۆ پەخشانی بێناز

بۆ سەعدیەی میهرەبان

بۆ نەمام بچووکی خوشکان

## دیارییە

# پێشەکی

دەمێکە شەقڵاوە بە بووکی کوردستان و جوانی و فێنکاتی و هاوینەهەواری بووک و زاواکانی کوردستان ناسراوە.

تا ئێستاش رەنگە لە رووی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەشداریکردنی شەقڵاوە لەکاروانی هزر و ئەدەبدا باسی لێوە نەکرابێت و هەموو لایەنەکانی ژیانی بەتاریکییەوە پێچرابێتەوە.

بەڵام شەقڵاوە تەنیا بووکی کوردستان نیە و زاوایەکی لێ کەم بێت؟!

بەڵکو شەقڵاوە بنکەی شۆڕش و هزر و ئەدەب و رۆشنبیریش بووە و تا ئێستاش کۆمەڵێ قەڵەم بەدەست و هزریارانی لە جۆرەها گۆڕەپاندا خەبات ئەکەن و ئەتوانن رووە گەشاوەکانی شەقڵاوە لە هزر و ئەدەب و شعر و کەلتووردا نیشان بدەن.

رەنگە ئەوەیان یەکەم بەرهەم بێت لەسەر شاعیرانی شەقڵاوە، ئەو شاعیرانەی کە رەنگە خۆیان شعرەکانییان لە بێنازترین رەوشی کەلتوری کوردیدا ژیاون و نە خۆیان و نە بەرهەمەکانییان رووناکییەکی ئەوتۆیان نەبینیوە تا جوانی و گەشانەوەی خۆیان لە زمان و فکر و ئەدەبدا نیشان بدەن.

ئەم کتێبە نیشاندانی چەند دەنگێکی شەقڵاوەیە لە شعردا، بەو ئومێدەی بتوانین ئەوە نیشان بدەین کە شەقڵاوەش نووسەری باش و زیرەکی هەن و ئەتوانن ئەوانیش بەرگری لە جوانی و لە بەهاکانی ژیان و شعر و ئەدەب بکەن و بەشداری هزری کوردی و کەلتووری مرۆڤایەتی بکەن.

دیارە ئەمە یەکەم بەرهەمە لەو بوارەدا بەڵام دوا بەرهەم نابێت و هیواداریین هەموومان پێکەوە بتوانین لایەنە گەش و شاردراوەکانی شەقڵاوە نیشانی کوردستان و دونیا و گەردوون بدەین.

دیاریشە ئەم کارەمان بۆ ئەوە نەکردووە تا بچێتە خانەی ناوچە پەرستییەوە، بەڵکو زیاتر خەمی ئەوەمان بووە کە تۆزێک مافی رەوا بە شەقڵاوە بدەینەوە و وێنەی هەقیقی خۆی نیشانی خەڵک و خوا بدەین.

جێگەی باسیشە بڵێم من لە نووسین و نووسینەوەی ئەم پەڕتووکەدا چەندین شەو و ڕۆژ لە هەولێر و دهۆکدا و لەسەر سێ کۆمپیوتەر و گوازتنەوەی بابەتەکان بە فلاش میمۆری و دیسکەوە لەم کۆمپیەتەر بۆ ئەو کۆمپیەتەر و لەگەل کارەبا بڕان و جیاوازی فۆنتی کۆمپیوتەرەکان و هەروەها لە کۆکردنەوەی بابەتەکانیشدا کە بە شێوەی پچڕ پچڕ و پاڕانەوە و دەست ماچ کردنی زۆر کەس و زۆرکردن بۆ پەیداکردنی دەقەکان و سەرچاوەکانی ئەم کتێبە پەرش و بلاویەکیان بۆ دروستکردبووم لە کاتی نووسیندا هەروەها دووبارەبوونەوەی بنەماکانی شعر لە لایەن زۆربەی شاعیرەکان و ئەزموونەکاندا تۆزێک ڕێگر بوون لەبەردەم ئەوەی ئەم بەرهەمە بە شێوەیەکی باشتر بکەوێتە بەردەستان.

هەروەها ئاسانیش نەبوو کە لەگەڵ ئەم دەقانەدا بتوانم بنیاتەکانی شعر نیشان بدەم و تووشی هەندێ دووبارەکردنەوەی قسەکانم نەبم و هەروەهاش هەر دوو لایەنی خوێندنەوەی بنەماکان و خوێندنەوەیەکی مێژوویی تێکەڵ نەبن.

هەر چۆنێک بێت هەوڵێک بوو بۆ پاراستنی ئەو بەرهەمانە و نیشاندانیان و خوێندنەوەیەکی بنیاتەکانی شعری شەقلاوە کە پێشم وایە هەمان بنیاتەکانی شعری کوردین بە شێوەیەکی گشتی.

ئیدی هیوادارم توانیبێتم خزمەتێک بەو شاعیرانە و خوێنەران و شارە خۆشەویستەکەم و کتێبخانەی کوردیم کردبێت.

لێرەشدا من سوپاسی ئەو برادەرە عەزیزانە ئەکەم کە بە زۆر شێوە یارمەتیدەر و هاندەرم بووینە،بۆ سەر خستنی ئەم پرۆژەیە ، لەوانە: (ئازا عوبێد، هەندرێن حەمەدەمین ، سەرباز خۆشناو ،زرار سەرتاش ، فەرهاد کەریم، مەلا خەلیل، هێمن عومەر ، دڵشاد خۆشناو) هەروەها سوپاسییەکی تایبەت بۆ (حاجی فەرهاد)کە وێنەکانی ئەلبومی ئەو کتێبەی پێشکەش کردم.

**هۆشەنگ شێخ محەمەد**

# سەرەتا

زۆر کەس ئەڵێن چونکە شەقڵاوە سروشتێکی جوان و دڵڕفێنی هەیە پێویستە شاعیری زۆربن، ئەگەر چی خۆشی و نەخۆشی سروشت پێموانیە زەرورەتێک دروست بکات بۆ ئەوەی ئەو شوێنە شاعیری زۆر بێت یان کەم، هەروەها مەرجیش نیە شاعیران تەنیا شعر بۆ جوانی سروشت و بەهار و پاییز و وەرزەکانی ساڵ بنووسن، چونکە رەنگە زۆربەی ئەوانەی پێیان وایە لەبەر جوانی شەقڵاوە پێویستە شەقڵاوە شاعیریشی زۆربێت، ئەوان پێیان وایە شعر تەنیا ئەتوانێت تەعبیر لە جوانی سروشت و هەندێ بابەتی سادەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بکات، نەوەک شعر بتوانێت ببێتە دونیای هزر و بیرکردنەوە و فەلسەفە و ئەدەب و دونیای تایبەتی دڵ و دەماغ و دەروون و روحی مرۆڤانێک کە ئەیانەوێ هاواری روحیان بکەنە شعر و خۆیان بە شعر بنووسنەوە.

بۆیە سەرەڕای جوانی شەقڵاوە و سروشتە دڵکەرەوەکەی و خۆشکردنی زەوقی مرۆڤ بۆ ژیان و ئارامی و حەسانەوە ، بۆیە سەرەڕای ئەمانەش ئاساییە ئەگەر شەقڵاوە بەو هەموو بەهرە سروشتیانەی خۆیەوە، شاعیریشی کەم بن و شاعیرەکانیشی تەنیا شاعری سروشت و جوانی وەرزەکان و دونیا نەبن.

لێ دیسانیشەوە بە خۆشحاڵییەوە ئەڵێم ، لەپاڵ ئەو جوانی و خۆشییەی شەقڵاوەدا، ئەوە کۆمەڵە قەڵەم بەدەستێکی پیرو گەنجانی ئەو شارۆچکەیەش توانیویانە مەراق و حە ز و خولیا و هاوارەکانی روحی خۆیان و تەماشا و پێشبەرییەکانی خۆیان بۆ ژیان و کۆمەڵە چەمکێک بکەنە شعر و بماندەنێ.

شعر کە کورد خەرمانێکی گەورەی لێی هەیە و رەنگە لە هەموو بوارەکانی دیکەی ئەدەبی و فکریدا زیاتری هەبێت و ئەتوانێت شانازیشی پێوەبکات چونکە

خاوەن دەیان ناوی گەورەی شعریە و شاعیرانیشی توانیویانە شعر بگەیەنە پلە بڵندەکانی شعرییەت و لە پاڵ سەردەمە جیاجیاکاندا ئەوانیش پەرە بە بنیاتەکانی شعر بدەن و شعریش ببێتە ئاوێنەیەکی رەوانی روحی خۆیان.

دیارە زۆرێک لەتێکستە کوردییەکان خاوەن بنیاتێکی دینین و تا ماوەیەکی درێژیش ئەو بنیاتە دینییە لە شعردا پەرەی بە خۆی داوە و چەندین شاعیری گەورەش وەک مەحوی و نالی و سالم و مەلای جزیری و فەقێی تەیران و شێخ شەمسەدین قوتبێ ئەخلاتی و هی دیکەش سوارچاکی ئەو بنیاتە بوونە و دوای ئەوانیش بنیاتی سیاسی و وڵاتپارێزی و نیشتمانی بۆتە بنیاتێکی دیکەی گەورەی شعر و بەدەیان و بگرە بەسەدان شاعیریش لەسەر ئەو بنیاتە بە هەزاران شعری باش و خراپیان نووسیوە و چەندین ناوی گەورە و دیاری شعری کوردیش وەک گۆران و شێرکۆ بێکەس و عەبدولرەحمان مزوری و پەشێو و چەندین ناوی دیکەش لەو بوارەدا بوونەتە سەرمەشق و خاوەن بەرهەمی گەورە.

ئەتوانین هەشتاکان و نۆوەدەکانیش بەسەرەتای بنیاتێکی دیکەی فراوانتر و بە بزێوتر و بە بڕشتر بۆ شعری کوردی دەستنیشان بکەین کاتێک ئەبینین بە تایبەتی لەدوای راپەڕینەوە مەسەلەی بیر و مەعریفە و خەمە تایبەتییەکان و خۆنووسینەوەی شاعیران و پێشکەشکردنی دیتنی تایبەت سەبارەت بە چەمکەکانی ژیان و پەیدابوونی دیدی نوێ و تازە بۆ دونیا و شعر و نووسین و ئەدەبیات و فکر و فەلسەفە و شۆڕش و سیاسەت و دین و نیشتمان و هەموو چەمکەکانی دیکەی هەبوون، ئاسۆی شعری کوردیش هەم لە رووی چەندایەتی و هەم لە رووی چۆنایەتی پەرەی سەند و وایلێهات چەندین ناوی نوێ و ئەزموونی نوێ لە شار و شارۆچکە و گوند و کۆمەڵگەکانی کوردستاندا زۆر بن و بەهۆی زۆری بڵاوکراوە و پێشکەوتنی بزافی

چاپکردن و بڵاوکردنەوە لە کوردستاندا و دەرەوەی کوردستانیشدا چەندین بەرهەمی جوان و نوی و تازە پێشکەش بە خوێنەران بکرێن.

دیارە شەقڵاوەش وەک شوێنێکی پڕ لەجوڵەی سیاسی و دینی و شۆڕشگێری و نیشتمانپەروەریی و وەک سەنتەرێک بۆ زۆرێک لەو ململانێیە سیاسی و تەنانەت فکریەکانی کوردستانیش و بزافی گەنجانی لە دامەزراندنی یانە و کۆمەڵەی رۆشنبیری هەر یەکسەر لەدوای راپەڕینی پیرۆزدا و کۆنگرەی راپەڕینی یەکێتی نووسەرانی کورد لە شەقڵاوە و دامەزراندنی یەکێتی نووسەران لقی شەقڵاوە و دامەزراندنی یانەی رۆشنبیریی شەقڵاوە و ئەو کۆمەڵە

چالاکییەی بۆ ماوەی چەند ساڵێک بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە کردی و دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و شانۆ و پیشانگە و کۆڕی شعری و ئەدەبی..هتد..، دیارە لەناو ئەو رەوشەی شەقڵاوەدا و بەناو ئەو جوانییەی کە لەسەرتاوە باسمان کرد ئاسایی بوو کە جوانی سروشت و زیرەکی هزر و چالاکی بیر و روحی گەنجەکانی شەقڵاوە هەروا بێ لەدایکبوونی شاعیر و نووسەر تێپەڕ نەبێت.

دیارە زۆرێک لەو گەنجانەی کە ئێستا ئەنووسن و تا رادەیەک توانیویانە جیێەک لە دونیای نووسیندا بۆ خۆیان بکەنەوە و رووی ئەوەیان هەبێت لەگەڵێک کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەرهەمەکانیان بێ شەرم و بێ بەکەم زانین پێشکەش بکەن و بیسەلمێنن کە هزر و بیرکردنەوە موڵکی کەسانێک و تاقمێک و شارێک و شوێنێکی تایبەت نیە و شەقڵاوە ش _نەوەک وەک ناوچە پەرستی

_بەڵام بۆ سەلماندنی راستی ئەو قسانەی کە هەر لەدوای راپەڕینەوە شەقڵاوە بەهۆی گەنجەکانییەوە توانیویەتی ببێتە پێگەیەکی رۆشنبیری و چەندین قەڵەم و نووسەریش بکاتە دیاری بۆ دونیای فکر و ئەدەبی کوردی. ئێمە کاتێک

باس لە شەقڵاوە ئەکەین تەنیا مەبەستمان ئەوەیە بیسەلمێنین کە کارکردنی گەنجەکانی بە تایبەتی لەناو یانەی رۆشنبیری شەقڵاوەدا لەساڵانی ٩٢-٩٦ هەروا بە خۆڕایی و بێ بەرهەم نەبووە و بەڵکو یانەش بەشێک بووە لە جوڵەیەکی گەورەی رۆشنبیری شەقڵاوە و کوردیش کە لە دوای راپەڕینەوە بە خۆیەوە دیووە.

هەر چۆنێک بێت خۆشەویستان ئەو بابەتەش زیاتر بۆ ئەوەیە بتوانم بە هەندێ دەنگی شعری و ئەدەبی شەقڵاوەتان ئاشنا بکەم کە پێویستە وەک ئەدیبێک ونووسەرێک لایان لێ بکەینەوە و پێیان بڵێین کە ماندووبوونی ئەوان و شەونخونی و بیرکردنەوە و نووسینەکانیان شایانی ئەوەن سوپاس بکرێن و دەستیان بگوشین و وەک ماندوو نەبوونێک بێت بۆ ئەو قەڵەمانە و هاندانێکیش بێت بۆ نووسینی زیاتر و باشتر و جوانتر و پێشکەوتووتریش.. بۆ ئەوەی بیسەلمێنینەوەش کە کاروانی پێشکەوتنی بیری شەقڵاوە دوای یانەی رۆشنبیریش و کۆمەڵەی دیکە بە شێوازی تر و دەرکەوتنی دیکە بەردەوامە.



**لێرەشدا فەرموون با چاوێک بەو بەرهەم و شاعیرانە دا بخشێنین:**

شایانی باسە لە ڕیزبەندی شاعیرەکانەوە زیاتر پشتم بە تەمەن و ساڵی چاپکردن و شێوازی شعرەکان بەستووە نەوەک بەهای ئەدەبی و هزری و شعرییەکانی تێکستی شاعیرەکان هەوڵیشمداوە کە بە کلاسیکەکان دەست پێبکەم و بە نوێییەکان و گەنجەکان کۆتایی پێ بێنم.

دەستنووسێکی شاعیر مەلا حەمەدەمین حوتان کە لە ساڵی ١٩٧٠ لەسەر پشتی کارتۆنی جگەرەیەک نووسراوە.



# مەلا حەمەدەمین حوتان (ئەمین)

مەلا حەمەدەمین حوتان لە ساڵی ١٨٨٤ لە شەقڵاوە لە دایک بووە. بە منداڵییەوە چۆتە قوتابخانەی دینی و بۆ ماوەی ساڵێک بۆتە مەلای مزگەوتی حاجی برایم، دوای ئەوە بۆتە چاودێر لە شەقامی هاملتۆن و دوای ئەوە دوکانێکی داناوە و لەگەڵ باوکی خەریکی پەیداکردنی بژێوی ژیان بووە.

مەلا حوتان مرۆڤێکی چالاک بووە بۆیە لە ساڵی ١٩٣٢ هەڵئەستێ بە ئیمزا کۆکردنەوە لە دژی گەندەڵی و کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتی ئەوسا و خەڵک کۆئەکاتەوە و دژی میرەکان و بەڕێوەبەری ناحیە، مۆریان پێ ئەکات.

له ساڵی ١٩٥٥– ١٩٥٦ بووه پێشەوا بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی له شەقلاوه. که ئەکرێتەوە دوای ساڵێک دوای مانگرتنی ( گەنم ) که خەڵک کردبوویان له دژی عەلافەکانی هەولێر ، ئەو کات به تۆمەتی ئەوەی که شوعییەکان قوتابییەکان هان ئەدەن بۆ مانگرتن به تەلەفۆنێک لەگەڵ وەزیر مەعارفی ئەوسا قوتابخانەکە دائەخرێ.



له ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول مەلا حوتان و خەڵکی دیکە ئەگیرێن و بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو له بەندیخانەی نوگره سەلمان به تۆمەتی یارمەتیدانی پێشمەرگه زیندانی ئەکرێت.

مەلا حەمەدەمین روحی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری وای لێکردبوو شعر بنووسێ. زمانزانێکی باش بووه و کوردی و عەرەبی و فارسی زانیووه. له ساڵی ١٩٧٤ هەر له شەقلاوه بۆ دواجار ماڵئاوایی کردووه.

مەلا حوتان شعری بۆ شەقلاوه و خۆشەویستی و نیشتمان و سروشت و جوانی نووسیوه.ئەوەندەی من له دەستنووسەکانی تێگەیشتم و بۆم خوێندرایەوە ئەم شعرانەی خوارەوە بوون.

له شعرێکیدا بۆ سەفین ئەڵێ:

**ئەم کێوە ناوی سەفینە　　دەرمانی دەردی حەزینە**
**دەرمانی دەردی سیلە　　با بچین بۆ سەفینە**
**راببویرین هەفتەکی　　با روکەینە سەرینە**
**سەفین خۆشە هەوای سافی　　راوچی لێئەدا لافوگەزافی**

**کۆرانەی بەرخان جادەی عامە      لایەک شاخە لایەک هەردێرە**
**لایەک دیدار و شینە      لایەک کەوەت و کنێرە**
**لایەک گیابەند و خاوە      لایەک گول عوزارە**
**سەفین جێی زۆرو زەبەندە   ئەگەر غیوم نەبێ دنیا هەموو دیارە**

لە شعرێکی دیکەدا مەلا حوتان روو ئەکاتە ساقی و ئاوا دەردی دڵی خۆی باس ئەکات:

**ساقی وەرە بە خۆت و بادی سەبا**
**دەردم گرانە نازانم سری دوا**
**تەبیبان عیلاجم کەن بەهەر جەفا**
**یارم دوورە بۆم بینن سرا**
**ساقی بەهود هود یا بە عالەمی غەرا**
**وەسڵم دەکەن بەیاری بە سەیر و سەفا**
**لە ناو گڵو گوڵزار و گیابەند بێ بەلا**
**ئەی یار مامەوە لە بەندیخانە هەر بەبەلا**
**کە هاتمەوە لە ملکو مار مابوو کەلا**
**سەبەب بە لەفو ئەگریجەی یاری بووم بە کەدا**
**ساقی مەقسەدم یار خویە ئەگەر بمرم بە گەدا**
**دەروونم سووتاوە وەک پەروانە بۆ چرا**
**روح دا ئەنێم تا بڵێن ئەمین ماوە بە وەفا**
**ئەی یار .........**

× × × × ×

**موڵکی خۆم فرۆشت بە قازانجی زۆرم دا**
**پەپوولە و نارنج بە ماچی لێوانم دا**

**یارم وەک مانگی چاردە شوعلەی ئەدا**
**ساقی دەسوڕا بادە بەدەست حەی ئەدا**
**وەک مەجنون بۆ لەیلا شێت و شەیدای ئەدا**
**بەهارە وەقتی بلبل و گوڵاڵە لە سمێڵ ئەدا**
**عاشقی وەک شیرن و پێش جولان ئەدا**
**بولبول موغەنی پەروانە روح لە چرا ئەدا**
**عاشق ترسی لە مردن نەما مەجبورە دەورە ئەدا**
**وەک پەروانە روحی خۆی لە چرا ئەدا**
**خۆم فدای یار ئەکەم دوشمن غەمناک ئەکەم**
**ئەمین ترسی لە دڵدا نەما دەست لە خینی دوشمن ئەدا**

× × × × ×

**ئەی فرمێچکی چاوم وەرنە خوار بەسەردا**
**وەک بارانی بەهاری غەم دەبارێ لەسەردا**
**ئەی یار یەک لەحزە چاوم بدێ دەرمانی هەموو دەردە**
**ئەگەر بمرم دەچمە دەر لە خەفەت دا**
**بەهارە کەس نەما لە ژێر عەزاب و غوبار و غەمدا**
**ئەمین ماوە لە ژێر غەم و خەفەت دا**

---

خۆشەویستان لە لاپەڕە ١٤ تا ٢١ هەشت دەستنووسی شاعیر مەلا حوتان بڵاوئەکەینەوە. کە یەکەمجارە ئەکەونە بەرچاوی خوێنەران.

عاجزە بەکوڵی بۆ خۆتوو ئاوڵاجی

عاجزی لەدەم نیاوی پیێ ڕێ لەرەجی هەرکی بێکسی
دنیا لە گەڵ خواڵە ناسی قسمتی زۆرە
فەرزە ملادە دڵیم لێوی هەرشۆرە
خەبەری خزیم نەهاتی بە ئازیەت
ئەمدیت خوشنیو گیرابێت

حالێمە دنیا بە ڕۆژی
دنیام دیت دە ڕۆژم خەزبوجی
چوبلو حادیشە بە شەر
لە حەرد تا ئێنە وەدیگەر
لە دنیا چی خەبەرە یە
هەرچی جۆر سەعی لە دووەیە
خەنت لە دنیا مە هەم
نا، دەکاڵدنیا ممە ڕبە هەم
حەقەت عاجز مەکە لا وە
چونکە دنیا دە بینە گلاوە
ئەمین لە فرمانای سەرخۆشیە
لە تەنگاو دەر دل خۆشیە

ئەمیش نە جۆش و بێدەرد و غەم دوو
زۆرم دەوەی گەدتی قەفتە دەردو دەکەم
ڕقیبە دوو ڕەنگیدو دیتگە دوو دکی
ما قفە بۆ وەصڵ حەبیبەی زلفی سیاشە زنگی




لە یادی ١١ مارت کە بیستمە بەهاری ١٩٧٠

١١ / ٣ / ١٩٧٠

٩٦٤/٢/٨

من وەسیەتم کرد لە بەدیانی بەندی خانە
کە مردم تەرمم نەنێژن لە نا و بێگانە
هەردەم بگرە بۆ نیاز و خزم و خوێشانە
بەم نێژن لە ژەی تەنی غەریبی بەندی خانە
من مسلمانێکی شەهیدم لە غەریب خانە
بێ جورم و گوناهم خودا ئاگایە
بەو جەفا کێشی بەرم دەردی زمانە
دوعام هەر بکەن شیفای تادەم جەمەوەیانە
ئەم زەمە بە دەردوودی لەم خەفەت خانە
هەم کەسی بە دوعای بەدیانی بەندی خانە
بلبل لەسەر گوڵ ناڵە و فغانە
ئامین لە بەندیخانە مەسیری خوێنانە


ساقی دەدە بەخوتو بادە سیا ،
دەردم گەنە نانێم و یا سەودا ،
طبیبێ علاجم کن بە هەر جفا ،
یا ئەم دەردە بۆم بێنێ سەدا ،
ساقی بە هودهود یا بە عالم خرا ،
وەطەن دەکەن بە یاری دەسەبەر دەشفا ،
لە نادکلو ... بلا ،
کیانێ
ئەی یار دوسانامە وە لە بەندی خانم هەروەلا
کە هاتەوە لە مەلاخرما بۆ کەملا ،
سەبەب بە لطف ئەگەر کەمی یاری بەدەم بەگەدا
ساقی نصحەم یا حقیقە ئەگەر بحرم بەگەدا ،
دەردم سوتاوە دەکە بەدوای بۆ چرا ،
روح ذانیم امن ... بە دەقا ،
تابلێ
ئەی یار بە پەروەردنا رخی ماهم لە لیونی یاد



غریبم له غریبی تنیم

هوینی چاوەکانم بوی دەم لەکوی تخیدم

ئەگەر بردم لە ولاتی سکانە

چونکە ئازانی لە غریبی برم تهیدم

ئا دەم خنە لیبت خلوەی ئەکیسم

دەم زانی ئەو دیتە نا لە خفیدم

هرکس لە غریبی عاجزە

من لە فکرەی میری خۆم هەوێنم

بۆی رانکیشا دوو سالە تە فتیو قتینم

بێ دانی ئدرکەد بە تێنم

لە غریبم بە دل عکیم

دەلی ئیمە لە غریبی ماوی

نادرم تا ئدرنە کاتی قسم بە دیتم

لە سالا ١٧ ادرها بدانی دیتم


چونکە غەریبت کەوتیتە خەتا
یا مەوقوفیت وە یا بە کۆتری بە ئاهەنگ
تکرە سلمان لەگەڵ عەربان ئاخر زستان
لەگەڵ کوردان مەرکەزی دینە
دەستی لێ بەرە ظلمی زەمانە
خۆم سلکم بە بێشتی لم کردە وانە
چونکە لەگەڵ ئەوری لم بینو بەرە
دڵ تکی بەرز بو لم کردە و ئەوانە ٢٧
ئێمە لە مەحلە بێ سێ مانگ بعضی لە غەم و بڕانە
بعضی بە سینە بعضی و هەمیشە
لە شیعرو شیکاجی بدم لە سعەتی ٢ بەرم بدم
لە ٢٧ شباط بەربووم بە حمدالله الفتح شاد بووم
لە ١٩٦١ حەپسەوە لە ١٩٦٢
هاتمەوە



عاجز بەیەکی بو خوی داوە لامی

عاجزی ئەدەم نیاوی بیپ رێ لەرە بو مێرێ بوکی
دنیا لە کن خوا نەناسی قیمەتی زۆرە
فورت لادەدائێم لیوی هەرتوورە
خیبری هێزێم نەمانی ئەدیبت
م دیت خوشیو مدایت

هاتو بە دنیا بە روحی
دنیام دیت دەروم خەبەر بدە
چونکە حادیسە بە شەر
کە مرد تابیتەوە دیکە
لە دنیا چ خەبەرە یە
هەرچی چر سەرێ لە دوومە یە
جنت لە دنیا مە خە
تا دەم لە دنیا مە ربە حە
حقیقەت عاجز ملەکە لاوە
چونکە دنیا دەبێتە کلاوە
ئەمین لە فرمانی سەرخوشیە
لە تەنگاوی دل خوشە یە

[illegible]



# مەلا گچکە

مەلا گچکە عەبدوڵڵا مفتی لە ساڵی ١٩٢٤ لە شەقڵاوە لە دایک بووە خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە ، خوێندەوارێکی چاک بووە و چەندین زمان فێربووە ، عەرەبی و ئینگلیزی و رووسی زانیوە لە ساڵی ١٩٥٧ دەستی بە نووسین کردووە، یەکەم شعریشی لەبەردەم جەماوەردا لە ساڵی ١٩٥٨ادا خوێندۆتەوە، جگە لەشیعر مەلا گچکە چیرۆک و شانۆشی نووسیوە لە ١٩٩٦/١٠/١٦ کۆچی دوایی کردووە.

بەهار مـەلاگـچکە کـارێکی زۆر باشی کـردووە کـە شـیـعـرەکـانی بـاوکی وەک دەستنووس بـۆ چاپ ئامادەکردووە ، منیش لـێرەدا بۆ ئەم باسە بە تەواوی پشتم بەو بەشە دەستنووسە بەستووە کە گەیشتۆتە دەستم.

هەر لێرەشدا من دەسـتـخۆشی لە بەهار خـان ئەکەم و خـۆزگە بەرهەمی هەمـوو شاعیرەکانمان ئاوا ئەپارێزران و دواییش رووناکیان ئەدی.

ئەم بەشـەی دەسـتـنووسە لە ژێر ناوی ( سکالآی دەروون ) کـۆکـراوەتەوە و تەنیا دوو بەشی پۆلین کراوی لە ژێر ناوی رامیاری و دڵداری لەبەردەستی منن.

دیاریشـــە هەردوو بابەتی رامـیـــاری و دڵداری پنتی هـاوبەشـی زۆربەی زۆری شاعیرە کوردەکان و شاعیرەکانی شەقلاوەیە ئەزموونی مەلا گچکە دابڕاو نیە لە کـۆی ئەزمـوونی شــعـری کـوردی کــە هەر لە ســاڵانی پەنچـاکــانەوە تا نـیـوەی هەشـتـاکـانیش و تا دوای راپەڕین شـعـرییـان دابەشی سـەر بنەمـای سـیـاسـەت و سۆزداری کردبوو.

مەلا گچکەش وەک هەموو شاعیران باسی نیشتمـان و شۆڕش و پێشمـەرگە و چیا و زۆربەی رەمزەکانی وڵات و جوانی خاک و سرووشتی نیشتمانەکەی کردووە بە شـێـوەیەک کـە وێنەی مـرۆڤی کـورد لە شـعـرەکـانیـدا بریتـیـە لەو کـەسـە شـۆڕشگێـڕەی کە بەرگری و خـۆڕاگرتن ئەکاتە نـاسنامە بەرامـبـەر بە دوژمنان، هەروەک مەلا لە شـعـری رازی کۆتر کە یەکەم بەرهەمـی دەسـتـنووسـەکـەیەتی و لە ساڵی هەفتاکان لە گۆڤاری هەولێر بڵاوکراوەتەوە تیایدا لە بڕگەیەکدا ئەڵێ:

**( بۆ قوربانیدان گیان لەسەر دەستین**
**هەتاکو ماوین**
**بۆ داگیرکەران نایێنە سەر چۆک**
**لاو و پیاو ژن**

**ئەبین بەمەرگ و دڕک و نارنجۆک**
**بۆ گیانی دوژمن )**

ئەمــە و لە چەندین شـعـری دیکەشـدا مــەلا ئەم وێنە شـعـرییـانەی بە وشــە و دەستەواژەی شعری دیکە دووبارە ئەکاتەوە کە دیسان ئەو مانایەمان ئەداتێ کە هەر لەو قۆناغەوە تا دەمێکی دوور شعری کوردی پێشکەشی خوێنەرانی خۆی ئەکرد.

ئەمە و مـەلا گـچکە شـعـری بۆ هەڵەبجـەی شـەهـید و کەرکـوک و مـەزارەکـانی شـەهـیدانی وڵات و شـەهـیدانـی شـەقـڵاوە و هـەمـوو کـوردسـتـان نووسـیـوە، بەدەیان شـعـری دەربڕی ئەو هەست و سـۆزە نیـشـتـمـان پەروەرییەن کە مـەلا لە دڵ و هزری خۆیدا هەڵیگرتوون و کردونیەتی بە شیعر.

هەروەها ئەگـەر بێت و ئێمـە ئەو شعرە بخوێنینەوە کە بۆ گڵکۆی خۆی نووسـیوە لە وێنەی مـەلا گچکە و ناسنامـەی کەسـایەتییـەکـەی ئەگـەین کە بزانین سـیسـتـەمی بیرکردنەوە و کەسایەتی ئەو زاتە چۆن بووە:

**( گەلێ سزام دیت لە دونیای پڕ غەم**
**دەربەدەر بەندی نەبوونی و ستەم**
**بەڵام زۆر مەرجە کۆڵنەدان هەردەم**
**تا ئاواتەکەت دێنیتە بەرهەم )**



لە بەشـی هۆنراوەی دڵداریدا لـە پەراوێزی دووەم شــعــریدا بە ناوی( نـامــە و شــەمــاڵ )نووسـیویـەتی ( سـاڵی ١٩٦٥ کە پێشمـەرگە بووم لە گـوندی لێـوژە لە ناو دەشت ئەوکـات مــــام هـەژاری شــــاعــــیـریش لەوێ بـوو سـەرپەرشـتی گـۆڤـاری دەنگی پێشـمـەرگـە و رۆژنـامــەی خــەباتی دەکـرد ئەم شــعـرەم بۆ خـوێندەوە و زۆر لای خـۆش بوو فـەرمـووی: شعری دڵداریم خۆش دەوێت چونکە تا هەتایە

ئەمێنن و باویان دەمێنێ، بەڵام شعری کۆمەڵایەتی و سیاسی بەم شێوەیە نین )

دیارە لێرەدا مەلا گچکەش وەک مام هەژار ئەو بڕوایەی هەبووە کە شعری دڵداری واتە بەمانای شعری بنەما سۆزداری بۆ مرۆڤ لە شعری سیاسی و کۆمەڵایەتی تەمەن درێژتر بێت و نەمر بێت و شعری سیاسی و کۆمەڵایەتی تەمەن کورت بن و بمرن.

دیارە سیاسەت و شعر هەمیشە دوو دونیای لەیەکدی جیا بوونە، بەڵام لە بەر رەوشی سیاسی کوردستان کە بەشێوەیەکی بەردەوام سیاسەتێکی توندوتیژی تێدا پەیڕەوکراوە و مرۆڤ هەمیشە قوربانی سیاسەتەکانی دوژمنان و کورد خۆیشی بووە ، بۆیە هەر سەردەمێکە و هێزێکە و بە جیا ویستویەتی گووتاری شعری بخاتە بن گووتاری سیاسی و سیاسەت سوود لە شعر و زمانی شعری وەرگرێت و خەڵکی پێ لە خۆی و حزب و خەبات و شۆڕش نزیک بکاتەوە.

دیارە شعر زووتر و باشتر توانیویەتی پەیوەندییەکی خێراتر و کاریگەرتر لەسەر خەڵک دروست بکات چونکە ئەتوانێت پەیوەندییەکی خێرا ببەستێت و کاریگەری لە هەستەکان بکات و مانای دیار و ئاشکرا بداتە گوێگر و وەرگری شعر بۆیە شعر زیاتر لە کایەکانی دیکەی پەخشان وەک چیرۆک و رۆمان کاریگەری لە خەڵک کردووە و هەروەها هەموو هێزە سیاسییەکانی دوژمن و هێزە کوردییەکانیش هەمیشە شعریان کردۆتە ئامرازێک بۆ پەخشکردنی ئامانج و بەرنامە و پلانەکانی خۆیان و خەڵکیان بە هۆی شعرەوە لە خۆیان و سیاسەت نزیک کردۆتەوە.

بەڵام دیاریشە شاعیران خۆشیان بڕوایان وا بووە کە ئەم جۆرە شعرانە شعری نەمر نین و بە کۆتایی هاتنی قۆناغەکە و گۆڕینی باری ژیان و دونیا ئەم شعرانەش لەناو ئەچن و نامێنن بە پێچەوانەی مەسەلە سۆزدارییەکان کە ئەتوانن تا مرۆڤ لە ژیاندا بێت و هەستی هەبێت و خۆشەویستی بکات ئەوە پێویستی بەو شعرانەش ئەبێت کە مرۆڤ لە رۆحی خۆیدا نزیک ئەکاتەوە و ناسنامەی مرۆڤایەتی خۆی و گەورەیی مرۆڤی پێ ئەبەخشێتەوە.

جێی دڵخۆشییە کە مەلا گچکەش جگە لەم شعرە سیاسییانەی کۆمەڵێ شعری ناسک و دڵداری و عاشقانەشی هەبێت و هەست و نەستی خوێنەری عاشق تەڕ بکات و تۆزێک عاشقانمان لەو سات و وەختە مرۆڤایەتییانە نزیک بکاتەوە کە تەنیا ئەوان هەستی پێئەکەن و پێویستیان بەوە هەیە شعر تەعبیرییان لێبکات

# دارەكەی بەرماڵی یارم

بەڵێ بەلێ لەگەڵ تۆمە
دارەكەی بەر ماڵی یارم
هەرگیز لە یادم دەرناچیت
ئەی خۆشترین یادگارم
لە لای تۆ پێك ئەگەیشتین
لەگەڵ شۆخەكەی نازدارم
ئەكەوتمە ئەو پەڕی شادی
دەرمان ئەكرا ئێش و زارم
كاتێ دا ئەهات نیوە شەو
ناحەزان چاویان ئەچووە خەو
بەو نهێنییەی لە نێومانا
بانگم ئەكردی وەكو كەو
باوەشمان بەیەكا ئەكرد
بە بێ ترس لە ئەم و ئەو
هەردەم لە بەختیاری دابووین
ئەكەوتیە ژیانێكی نوێ
وەك چۆن یەكێكی زۆر تێنوو
دەمم ئەنا لە ناو دەمت
لەسەر كوڵمەكەت لام ئەدا
ناوناوە زولف و پەرچەمت
تارێككەوێ لێوت بمژم
بنووسێنم بە سینە و مەمت
وامدەزانی لە بەهەشت دام
بەم هەموو خۆشیەی بەرهەمت

لەم شعرەی سەرەوەشدا دیسانەوە مەلا گچکە زۆر جوان باس لەو ساتە عاشقانەی مرۆڤ ئەکات کە لە گەڵ داری بەردەرگەی ماڵی یاردا دروستی ئەکات و لێرەدا تەنیا مرۆڤ ئەبێتە رەمزی گەورەی مرۆڤ ، نەوەک بابەتێکی دیکە، لێرەدا مرۆڤ بۆ مرۆڤ جوانە و شۆخە و بەختیارە و باوەش بەیەکدی دائەدەن و ماچ کردنیش ئەبێتە جوانترین کردەی عاشقانەی پڕ لە روح و گیانی خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ ، کە بە شێوەیەک ئەم ساتانە دەربڕی ئەو بەهەشتەن کە مرۆڤ بە هەست و هزر و باوەڕەوە ئەیگاتێ.

## رۆژانی رابردوو

**خۆشەویستم**
**لە تەمەنی بەهاریتا**
**بە کێلی دڵداریتا**
**دەرگای دڵم کرایەوە**
**بەم هۆیە هەموو دەردم**
**یا شەوانی تلاو تلم بڕایەوە**
× × × × × ×
**خۆشەویستم**
**هەر ئەو کاتە کەوتمە خۆشی**
**پڕ بەدڵ ژیانم نۆشی**
**کاتێ بەیەک گەیشتین**
**دەستەکانمان خستنە ناو دەست**
**پەیمانێکی ئەوتۆمان بەست**
**بە بێ نەخشەی دروست کراو**
**تەنها بە داگرتنی چاو**
**مەبەستی یەک تێگەیشتین )**
**چیای سەفین**
**پیرە سەفین**

هەروەکو چۆن داری بەڕوو
چیاکانی خۆشویستووە
ڕەگ و ریشەی لەزەویدا
کاریگەرانە ڕۆچووە
بەژن و باڵای بۆ ئاسمانا
هەروەکو ئاڵا هەڵچوە
مافی خۆمە ئەگەر بڵێم
بەیەکەوە بڕبڕەی پشتمانی
تیشکی سەرفرازی و
بۆسەو سەنگەری گشتمانی
زەردەخەنەی سەرلێوانی
کەسوکاری شەهیدانی
× × × × ×
باش لە بیرمە
چی بەدکار و خوانەناسن
چەندین هێرشیان بۆ هێناوی
بە تیزاب و ئاگر و ئاسن
بەڵام ڕۆڵەکانی چەک لە شان
بەیەکگرتن و شان بە شان
گشت پیلانی ناحەزانی
یەک لە دوای یەک هەڵوەشان
بۆیە مەحاڵە ببەزی
هەر ئەمێنێ بە سەربەرزی
هەر ئەمێنێ بەسەر بەرزی

---

هیوادارم بە زووترین کات کۆی بەرهەمە
شعرییەکانی مەلا گچکە بکەونە بەردەستی خوێنەران



# مستەفا ( مامە )

مستەفا قادر عەبدوللا ( خەلیفە ) ناسراو بە ( مامە ) لە ساڵی ١٩٣٢ لە شەقلاوە لە دایک بووە تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە مامە کەسایەتییەکی رۆشنبیربووە و دەستی لە شعر نووسین داوە.

مامە مرۆڤێکی زیرەک و چالاک بووە لە ریزی حزبی شیوعیدا کاری کردووە لە ١٩٤٩ کەوتۆتە زیندانەوە ماوەی سێ ساڵ لە نوگرە سەلمان بەند بووە.

لە ١٩٥٨ بەشداری شۆڕشی ١٤ تەموزی کردووە و لە ١٩٦٣ رووی کردۆتە چیاکانی کوردستان و بۆتە پێشمەرگە.

**له ١٩٧٣ ڕەوانەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کراوە ژیانێکی زەحمەتی هەبووە بەڵام مرۆڤێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بووە و بەردەوام لە بوارەکانی فەلسەفە و زانستدا خوێندنەوەی هەبووە زمانی عەرەبی و ڕووسییەکی باشی زانیوە.**
**مامە لە ١٩٩٣/٨/٢٥ بۆ دواجار ماڵئاوایی کردووە**

یەکێک لە دەسنووسەکانی ئەم شاعیرە شعر خۆشەم بەدەست گەیشت بەداخەوە مامەی شاعیر شعرەکانی نەکەوتنە بەردەستم ئەگەر نا دڵنیام ئەو پیاوە شعری جوانی هەبووە بەڵام ئەفسوس کە شعرەکانی دیار نین.

لێرەدا پێم خۆشبوو ئەگەر بە تەنیا شعرێکیش بێت ئەوە ئەو ناوە بخەمە ناو کتێبەکەمەوە چونکە ئەو شعرەی کە بۆ شەقڵاوە نووسیوە بەلایەنی کەمەوە بایەخی ئەو وێنەگرتنەی ئەوی تێدایە بۆ سرووشتی شەقڵاوەو جوانییەکەی و شێوازی ژیانی مرۆڤەکانی شەقڵاوە لەناو دەستی سروشتێکی بێ وێنەدا لە جوانی و ئارامیدا.

کە تیایدا هەست ئەکەین لەم شعرەدا مامە پەیوەندی مرۆڤ و سرووشتمان بۆ ئەخوێنێتەوە و وێنەی جوانی ئەو پەیوەندی نێوان شەقڵاوەییان و سرووشتی شەقڵاوەمان نیشان ئەدا کە ئەمەش کردنەوی دەرگەیەکی گەورەیە بۆ خوێندنەوەی ئەو پەیوەندیە هارمۆنی و ستاتیکی و میلۆدارییەی نێوان مرۆڤەکان و سرووشتی شەقڵاوە دا.

لەم شعرەدا هەست بە پەیوەندی ڕوحی و دەروونیانەی خەڵک و سرووشت ئەکەین کە چۆن سرووشتی شەقڵاوە لە ڕووی جوگرافیاوە ئەرکە جوگرافییەکانی خۆی ئەگوێزێتەوە بۆ قۆناغێکی باڵاتری ڕوحی و ڕەوانی بە شێوەیەک کە ئاو و هەواکەی ئەبێتە دەرمان و چارەسەرکردنی ئێش و برینەکان

یان شەقڵاوە کە هەر چەندە دەریاچەی لێ نیە ،بەڵام دیارە بە شێوەی سرووشتەکەی ئەتوانێت ماهییەتی دەریاش بە ڕەهەندەکانییەوە لە خۆیەوە خەڵق بکات و ئامازەکانی دەریاچەیەکمان بداتێ.

ماهییەتی شەقڵاوە لەم شعرەدا تا بڵێی ماهیەتێکی خاوێن و مرۆڤدۆست و ژیانبەخشە بە مرۆڤەکانی ، سرووشتەکەی سەرچاوەی هەموو خۆشییەکانی هەستەکانن و هەر لە دیتن و بیستن و تامکردن و دەستلێدان وبۆنکردن و هەستەکانی دیکەش بە شێوەیەک کە ئەبینین ڕەنگە مرۆڤی شەقڵاوەیی وێنەیەکی لە بەهەشتیش گەورەتر و جوانتر بە شەقڵاوە ببەخشێت، کە

ئەمەش دیارە چەندین ئاماژەی سەیری لێ بەدەست دێ سەبارەت بە کاریگەری ئەو سرووشتە لەسەر بیرکردنەوەی خەڵکەکەش بۆ بەهەشت و بەڵگەکانی خوا بۆ خۆشییەکانی بەهەشت ، بەڵام دیارە ئەم بەڵگانە هێشتانەکە بەس نین بۆ ئەوەی خەڵکی شەقڵاوە باوەڕ بکەن کە بەهەشت لە شەقڵاوە خۆشتر بێت بەڵکو پێیان وایە بەهەشتیش حەسوودی بە شەقڵاوە ئەبات؟!

واتە رەنگە خواش حەسوودی بە شەقلاوەییان ببات کە ئەوان لەوێ نیشتەجێن و خوا لەدەرەوەی شەقڵاوەیە؟؟!!!

## شەقڵاوە

هەوارگەی هاوین شاری شەقلاوە
بە سۆرک و سەفین دەوری دراوە
ناو و نازناوی لە وڵات باوە
بەهەشت حەسوودی لەسەر لێداوە

گەر بمانەوێ هەوا بگۆڕین
چەمی شەقڵاوە بۆ خۆ بنۆرین
ئەبینین ئاوو هەوای دەرمانە
عەیلەت پەڕێنە بۆ ئێش و برین

کە هاتینە دیار شەقڵاوەی بەرین
وەکو دەریاچە فراوان و شین
دیمەنێکی زۆر دلبەر و شیرین
شادی ئەباتە ناو دڵی غەمگین

عاردەکەی هەندێ بەرز و نشێوە
پڕی نەمامی هەنار و سێوە

باغ و بێستانی پڕ گوێز و مێوە
لێ ئەکەنەوە هەروا بە پێوە

لەهەر هەنگاوێ چەند کانی و ئاوێ
لاوان بە کۆمەڵ ئەچن بۆ راوێ
سوسکە و کەو ئەگرن بە تۆر و داوێ
هەندێکیش گوللەی ساچمەی بۆ داوێ

خورەی ئاو لەگەل دەنگی بولبولان
هاشەی تاڤگەکان لە باخی گوڵان
شالوریش دەیان نەغمە ئەخوێنن
تێکەڵاو ئەبن بە خورپەی دڵان

شنەی شەماڵیش شاپەری دێنێ
گول و بولبول و چل ئەجوڵێنێ
هەزاران ئاواز بۆ دڵی ئینسان
وەکو چەپکەی گوڵ بە دیاری دێنێ

سەرچاوەکانی ئاوی کەوسەرە
بۆ هەر لا ئەروا لە ژێر سێبەرە
دیمەنی شیرین ئەخاتە ناودڵ
بۆ سرووشی گیان پاڵ پێوەنەرە

لە هەندێ لاوە درەختی بێ بەر
لە هەندێکی تر سەر و سنەوبەر
ئەوەی تر باخی گوڵ و مێوەجات
کەپر و ساباتیش یەکتە سێبەر

بەسەدان کەپری جوان کراوە
بە گوڵ و ڕەیحان دەوری گیراوە
بە بەن و کندر هەڵچوە لاولاوە
نەفەس وەرئەگری هەر بۆن گوڵاوە

کاتی ئاهەنگ و زەماوەندی بووک
کچ و کور هەنگاو هەڵئەگرن سوک
بەرەو مەیدانی شایی و هەڵپەڕکێ
هەڵپەرکێ ئەکەن زۆر گورج و چاپوک

تا شل ئەبنەوە لە ناو ئارەقە
ئەڵێن بۆ بوکی شایی زۆر هەقە
هەتا ئێواریٚ هەر هەڵئەپەڕن
مادام دەنگی دۆڵ لە تەقە تەقە

ئافرەتیش شیری ئەدۆشن لە پەز
تەشی ئەڕێسن لە خوری و مەرەز
بۆ رانکو چۆغەڵ بۆ پیاوەکانیان
لە ژێر سێبەری درەختی ناو رەز

بە ئێوارانیش ئەچن بۆ گیا و گۆڵ
دامەن کراسیان بەستیە گورج و گۆڵ
پڕی چارۆگەی ئەکەن بە پاشۆڵ
ئەگەڕێنەوە گیایان لەسەر کۆڵ



# عەبدوللا ئیسماعیل جەوهەری (غەمگین)

سەبارەت بەم شاعیرەمان پێویستە ئاماژە بەوە بدەم، کە بە سوپاسەوە کاک (هێمن عومەر) ژیانی شاعیر و چەند شعرێکی شاعیری خستە بەردەستم کە خۆی رێنووسەکانی رێکخستبوونەوە و کاری لەسەر کردوون، منیش لێرەدا سوودم لە کارەکەی هێمن بینیوە و سوپاسی ئەکەم.

عەبدوللا جەوهەری کوڕی ئیسماعیلی کوڕی مەلا فەتحوللایە لە ساڵی ١٩٢٤، لە گەڕەکی ( خانەقا )ی شاری هەولێر چاوی بە دونیا هەڵێناوە.

لە تەمەنی دە ساڵییەوە باوکی ناردوویەتیە مزگەوتی قەڵای هەولێر بۆ خوێندن، دواتر چەندین مزگەوت و شوێنی تر بۆ خوێندن گەڕاوە، لەوانەش مزگەوتی خانەقا.

له ساڵی ١٩٣٨ دایکی ئەینێرێتە خوێندنی قوتابخانە، دوای مردنی دایکی بە ناچاری واز لە خوێندن دێنێت و دەست بە کرێکاری ئەکات. لە ژیانیدا زۆر کاری کردووە لەوانە کرێکاری، چەقماقچی، درووێنە، ئاودانی باخچە و هتد..،

له بواری عەسکەریشدا چەندین پلەی بە دەستهێناوە، تا پلەی ( نائیب عەریفی ) وەرگرتووە، لە جەنگی فەلەستینیش بەشداری کردووە، بەڵام چەندین جاریش فیراری کردووە و گیراوە.

له ساڵی ١٩٥٧ ژنی هێناوە، کوڕێک و کچێکی لە پاش خۆی بەجێهێشتوون.

له ساڵی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی گردی زەیتون لە شەقڵاوە نێژراوە.

عەبدوڵلا ئیسماعیل چەرمەسەری و دەردەسەری زۆری لە ژیان دیووە، بۆیە لە شعرەکانیدا نازناوی غەمگینی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

بە گوێرەی ئەو (٢٠ ) شعرەی کە لە دەفتەرەکەی لە دوای خۆی بەجێماوە پێئەچێ شاعیر لە ماوەیەکی دیاریکراوی تەمەنی خۆی خەریکی شیعر نووسین بووە، واتە ئەو سەردەمەی کە زۆر چەرمەسەری چەشتووە، چونکە ناوەڕۆکی شیعرەکانیشی زۆربەیان گوزارشت لەم حاڵەتە ئەکەن.

**( ١ )**

**شەب تا سەحەر ئاگرێ دایەسێ لە هەناوم**
**دائیم و سەعات جۆگەی ئاو دەڕوا لە چاوم**
**لۆمەم مەکەن یاران کە من بەم ئاگرە سوتاوم**
**ئەمەش لە قەدەمی تۆیە کە لە زیندانا خراوم**

**بۆ کوشتنی هاتی چ عەجەب سەبری لێ ناگری**
**روحم دائیمە تەسلیمە فەقەت دڵ قەرار ناگری**
**خوێنم برژێ چۆن عەکسی جەمالی وەرناگری**

تا نەمکوژی نازانی کە من بۆ تۆ سووتاوم
چ عەجەب ئەمڕۆ لەبەر چاوم هێندە شیرینی
دڵ غەرقە لە ناو بەحری غەمت بۆ نایێ دەریبینی
کافیە ئەمجارە گەر بێتو بجەڕبینی
دەستی بە شیفات بێنە بەسەر وردە برینم
زاهیر بووە ئەمڕۆکە (غەمگین )غەرقی ئەلەمی
مەحاڵە بۆ تۆ جارێکی تر ماچێکی دەمی
دەم دانەیێ سەر ئەم کوڵمە ئەم وردە پەرچەمی
بەو پەرچەمە وەک داوە کە منی پێ بەستراوم

## ( ٢ )

سەبا یاران بۆ ناپرسن غەمگین لەبەرچی شێواوی
شێواوی بەحری جەمالم لەنکاو کەوتوومە ناوی
جوانی بەحرێکی وایە مەگەر زەریای هادی وابێ
هەزاران عاشقی جەمال لە نێودایە بە بێ ناوی
ئەگەر هاتوو شەپۆلی دا بەحری عشقت لە هەژاران
ئەگەر دەستی لە حەلقەی کەعبە دابێ دەرئەچی لە ناکاوی
چونکە جەمالی شەمعە شوعلە ئەدا لە چوار لاوە
دڵی نەفامم ئەزانێ ئاگرە ئەچێتە ناوی
بۆ نەخۆشم بۆ بێ هۆشم گەر ئەپرسن گەلی یاران
جەمالی پەروەردە خاڵی وەک تەنورە دڵ لە ناوی
خاڵی سەربانی روومەتی سەربازن بەڕیز وەستاون
وەکو عەسکەری ژاپۆن بۆ پەلاماردان لە ناکاوی
ئەتۆ بەسە(غەمگین)مەکە وەسفی بێ سوودە بێ تۆ
کە چەند نێچیری وەکو تۆی پچا لە پەرچەمی خاوی

## (٣)

**عەسکەری مۆژگانی زوڵفت سەر حدودی گرتووە**
**دڵی غەمگینیماڵوێران سەبزی غەمی شین کردووە**
**سەد هەزارانی وەکو (غەمگین) کەوتە نێو بەحری غەمت**
**چەند هەزار سەیاد و غەواس زەفەری نەبردووە**
**ئاخیری کەوتمە زیندانی غەمی ئەو غەمگین بخۆم**
**من بە توڵی عومری خۆم سەهوی وام نەکردووە**
**ڕۆژ بەڕۆژ سعات بە سعات کەم ئەبێ مەیلی حەبیب**
**منیش هەڵساوم بە گورجی سوجدەی سەهوم بردووە**

دیارە شعرەکانی ئەم شاعیرەمان دڵداری و خۆشەویستی سۆزدارییان کردۆتە بنیاتێکی پڕشنگدار بۆ خۆیان، لەم سێ نموونانەدا بۆمان دەرئەکەوێت کە عەبدوڵا ئیسماعیلی شاعیر لەو سەردەمەی کە شعری نووسیووە، زیاتر خەمی دڵ و سۆزەکانی کردوونەتە هەوێنی شعرەکانی، ئەمەش وامان لێئەکات کە بڵێین شاعیر دیارە زیاتر مەسەلەکانی خۆشەویستی و جوانناسی و سۆزداری لە بیرکردنەوەی ئەودا جێگیر بوونە و بوونەتە جێگەی بیرکردنەوە و رامان و قوڵبوونەوە و دواتریش شعر و نووسین.

شتێکەی هەرە جوانیش لەم شعرانەیدا ئەوەمان نیشان ئەدا کە هەرچەندە شاعیر وەک لە ژیاننامەکەیدا هاتووە کە عەسکەر بووە و بەشداری شەڕی فەلەستینی کردووە، بەڵام ئەم عەسکەرییەی واینەکردووە کە ئەو ببێتە مرۆڤێکی بێ سۆز و شعر نەنووسێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە چەندین وێنەی جوانی شعری لە عەسکەر و ریزی عەسکەری هێرشی سوپای ژاپۆنی بینیوە. من دڵم بەو وێنانەوە زۆر خۆش بوو کە ئەم شاعیرە، یان ئەم عەسکەرە توانیویەتی بە رۆحێکی شاعیرانە و جوانناسانەوە سوود لە عەسکەری ببنێت و لە وێنە شعرییەکانیدا بەکاریان بێنێت.



ئەم دەستنووسە و تا لاپەڕە (٣٦) هی شاعیر عەبدوللا ئیسماعیلن کە بەناوی (غەمگین) دایناون، ئەمانەش بۆ یەکەمجارە بڵاوئەکرێنەوە و رووناکی ئەبینن.



(دیاری دڵی خستەی ناڵگوهەری) ملیت غلیت

دڵم پڕبوو لەغەم عەلی بەنازوبازی جوهەری
وەک ئاگری وا لە دڵە پڕبوو پەڕوباڵی ... بری
بۆ ونگوی دلبەری ئەوچەند بێ فائیدە ڕەنج بری
چەند بەنالینی دەردەکەری کوژراوە و شوعلەی فەنەری

XXX

بێ فائیدەکەی بۆم شینی نەماودیم کەجاوو ... زینی
شکاوە قینی شنگی توانا ڕوحوودڵی شەڕ بنێ
چارەناکەی شینو گرین بینی پڕ لەوەردە برنێ
قیبەکراوەدڵ فرمێسکی بەدڵنەدوری خەمی

XXX

ڕەحم ناکەی بۆ چارەکەم کاسیتە بەکەرەم کاچاوەم
ئەجاتی دڵەدەردو خەم چرکی دڵ پڕخوناوم
حەق وشیوەی ملیکی حوونی لەبەر ئەزخارەزاوم
معلوم کەتۆ خالیمی نگت نووکی نوشتەی

XXX

دڵم خوڕی هەتا باری فەڕای ناز ...... صتە ..
حبیب بێ بەرە زلتەگراوی دودی .. ناڵبنەی ..
جگرودڵم پڕعلەتە ستوادی لەبەی ..... علەنە ..
عقلو هوشی لەقلیتە عجب شنکو بوی بریەی

ئاگری عشقی دلبەری ئالاڵکاری کردوە × لە صدا یا ریشە ڕانیی جاری قەصدی حلی نەبردوە
بە خاطلانەبونی قصد عجب ماوە بیم دەردە × تا قابلی ڕنیت بیت مشتعلیە ڕوح دەردەبرێ

٣

(ڕێگای خەفەتی گۆڕەکان) [illegible]

هەردەم بە خەیاڵی ... لیلاکو مجنون لە ناخان
دڵی پەروانە سووتەی ڕێ دڵم لە دووری چرایان
ظاهیر بوو لە باغی ڕووحی گوڵ لە غونچە عاشقان
ئەدەم وەک بولبولی شەیدا ئەوسا نابینا غەمان

ظاهیر بوو بانی گۆنکت گوڵاڵە گەلادە
زوڵفی سیبەرە خاتەر سەری ئەرێ بە سیاوەدە
ڕەحم بکە جاری بەسی بێ شکەڵاکت لادە
تا شوعلە بوا شەوقی گوڵنە ترکنی شوعلەکان

دەمی تەنگت وەکو غونچانی دڵی دۆستان
ورزی خەمی بی کە شینە کە ئەبینی بۆختان
ئەگەر ئێستا ئەبێ بادە پەرستان
چاو کزی بە بۆ تۆ بەدی دەستی نصحانان

تێری بە بانی گۆنکت جەعفەر وەکو تێغی بلوور
عالەم بە زمانی عشقی شەرحی ئەوسی غرووردوو
لە هوش بەندی ... جگەر دڵ تەنەوەر
بێهوش ... سەر ... لە لای عەقڵی ئەیانان

[illegible]

غەریب
((دیلی حەسنەگوی)) مەلەقەب غەریب

. بەمەی عەشقت وەکو بەحری موحیطی لەسەفینم .
. دڵی ئاگاتە رەحمی ذاکیرم لەسینم .
. چی ضنندە چونی نیغابێ تە بەرسینم .
. بۆ تۆ رۆژ دەمی مشتاقی ئەز دینم .

. بەری بێ حقیقەت بە طەواتی حەیا تە
زەوی بێنە وەک ئەو نەمە بۆ خۆ دەرنی نیگا تە
جایز نینە بۆ کەس بە غەیرە غەمگینی ژ کا تە
یەک ماچ لەبی کافیە بۆ زەکاتی دینم

بەمەی عەشقت وەکو بەحری رشتە دووری داوم .
وەکو حوطی ژ صیادی بە دەو شێتو شیوا م .
واللە ژ معلومە بە عشقی تە سەرو تاوم .
وەکو بوێ گشادە ژ زەلی حەش بینم .

جو تە صەلاتی کە لە طاقی بیت بندە
طاهر نینە نیازی بسمی فتیە چندە
صەد مشتی بێتن بە وەکو غەمگینی لبندە
گر تە قبول کیت مشتی بدی خر بینم

عشق رە جیهانی کەکو تو بەدەغی تۆ
رۆحو جانی شیرین کرد بغدای قمی تۆ
حاصل ژ بومن بە قطع ماچی بی تۆ
صد حیف دەرچوبە ژ روحی سخت بینم

بەم دەردە کە عشق بەدانی تێخو بە جا نە
نەن سەر دە بەم دڵیوە ای سوردی مرجا نە
کەم کە ماچی بە خە بە خ . . . جا م
وەدا مکە بە خوشی داخی بکەی وەردە بەرینم

٣٧



# مەحمود حەمید حەمەدەمین ئاغا

مەحمود حەمید حەمەدەمین بەگ مەلا مەحمود لە ساڵی ١٩٣٠ لە شەقڵاوە لە گەڕەکی کریکۆر لەدایک بووە، سەرەتا نزیکەی دوو ساڵ لە حوجرە خوێندوویەتی، پاشان چۆتە قوتابخانە و سەرتایی و ناوەندی لە شەقڵاوە تەواوکردووە، دواییش چۆتە ( دار ول موعەلمین ) لە هەولێر، ماوەی ساڵ و نیوێک ئەخوێنێت و دوایی بە تۆمەتی کارکردن لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی ئەگیرێت،نزیکەی دووساڵ لە سەردەمی نوری سەعید لە گرتووخانەی نوگرە سەلمان بەند ئەکرێت. دوای تەواوبوونی ماوەی بەندییەکەی ئەگەڕێتەوە شەقڵاوە و بە وەزیفەی ( مورشید ریفی ) ١٠ ساڵ خزمەتی لادێیەکان ئەکات،

**دوای ئەوە لەبەر زیرەکییەکەی رەوانەی دەرەوەی وڵات ئەکرێت بۆ خولێکی تایبەتی بەیتەرەی زراعی لە ئەمریکا، دوای ئەوە ئەگەڕێتەوە و خزمەتی جوتیاران ئەکات. لە هەفتاکانەوە ئەبێتە بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی شەقڵاوە تا خانەنشین ئەکرێت.لە ٢٠٠٥/١٠/٣٠ بۆ دواجار ماڵئاواییمان لێئەکات.**

شاعیر مەحمود حەمید لە ساڵی هەشتاکانەوە دەستی بە نووسینی شعر کردووە، لەناو ئەو کەشە توندوتیژەی ئەوسا کە رژێم گیانی هەموو کەسێکی کوردی گەمارۆدابوو، هەروەهاش لەو سەردەمدا ئەو شعرەی ئەنووسرا زیاتر ئەو شعرە بوو کە باسی لە نیشتمان پەروەری و پێشمەرگە و شەهید و مێژووی میللەتێکی شۆڕشگێڕ ئەکرد، ئەگەرچی کەمێک لە شعرەکانی ئەو پیاوەم بەدەست گەیشتن، بەڵام لە راستیدا ئەو بەرهەمی شعری زۆری هەیە و بەڵام لەبەردەستدا نەبوون. لێ لەو بەرهەمانەش ئەتوانین لە بنیاتی شعرەکانی بگەین و بزانین کە سیاسەت و سۆزداری دووبەشی سەرەکی بنیاتەکانی شعری ئەون، بە زمانێکی سادەو ساکاری تێکەڵ بە تامی شەقڵاوەیی بەرهەمەکانی کردوونەتە شعر.

## دڵداری

## ١٩٨٦/٣/١٨

**( ١ )**

**تاکەی دانیشم لە بن چناریٚ**
**لە دڵی عاشقان خوێن دێتە خواریٚ**
**یارم زۆر جوانە ناوقەد شمشاریٚ**
**شەکر و نەباتی لە لێو دەباریٚ**
**تاکەی بسووتێم بە ئاگری عەشقی دڵداری**
**ساقی بۆم تێکە پیاڵەیەک لە ژەهری ماری**

( ٢ )

هەرچەند خاوەنی فەلسەفە و بیرم
لە باغی ژیان هەردەم ئەسیرم
نابم بە سیخوڕ هەر چەند فەقیرم
بۆ رزگاری گەل خەنجەر و شیرم

( ٣ )

زیڕەی زنجیری سەد بەندیخانە
لەلای من دەنگی عودکەمانە
هەر ئەڵقەیەک لەدەست خەراتە
لە جێی مەدالیا و نیشانەی شانە





# تەها نەبی ( خارۆ )

**گوێتان لە من بێ ئەی گەلی خۆشکان**

فکرەی دوژمنتان بۆ دەکەم بەیان
مردن هاتووە بە زاری یەزدان
وەک مریشکی کوژراو دەکوتن لاقان
وەرن تێبکۆشن لە پێناو ئینسان
چیدی نەفرۆشرێین لە شێوەی حەیوان

× × × × × × ×

من رەوشوو رووتی گەلم خۆش دەوێ
نامەوێ هەرگیز ئاغا سەرکەوێ
زەندی سووری تاریک دەبێ
قەسری بەرزی لێ دەروخێ
سەیارەکەی پەنچەر دەبێ
موحتاجی سواری کەر دەبێ

× × × × × × ×



گڕی ئاگری شۆڕشی کوردی
کاری دوژمنی شکاندو بردی
له دوژمن وایه شۆڕش شکایه
نەیزانی لەولا گەمارۆ درایه

ئەم سێ شعرانەی خارۆ کە لە نێوان سالآنی ١٩٥٨ و ١٩٦٣ دا نووسراون وەک نموونە کەوتنە بەردەستمان و ئەتوانین وەک پێشەنگێک لە شعرەکانی شەقلاوە تەماشای کەین.

دیارە خارۆ ئەندامێکی چالاکی حزبی شیوعی عێراق بووە و ئەم شعرانەشی بۆ ڕوونکردنەوەی سیاسەتی حزب و کۆکردنەوەی جەماوەر نووسیوون وەک کاک ( حوسێن زەخۆک ) لە یادەوەرەیەکەیدا باسی ئەکات و ( ئەڵێ خارۆ کادیرێکی جەماوەری چالاک و دیار بوو دێ بە دێ دەسوڕایەوە کە هەڕشتەی دروست ئەکرد و مەقەسی تیژ دەکردنەوە بە بیانووی ئەم کارە سیاسەتی حزبی بۆ خەڵک روون دەکردەوە و بە قسە خۆشەکانی جەماوەری لە دەوری خۆی کۆ دەکردوە هۆنراوەی بە جۆشی نیشتمانی بۆ دەخوێندنەوە)

دیاریشە شعرەکانی خارۆ وێنەیەکی تەواو ئاشکرای تێکەڵبوونی شعر و سیاسەتە لەو سەردەمەدا و لەسەر زاری ئەو کادیرە حزبییەوە شعر بۆتە ئامرازی گەیاندنی مەرامە سیاسی و شۆڕشگێرییەکانی حزب.

# حەمەدەمین مەحمود گاوان

## نه جاشی دوێنێم

## نه پێشمەرگەی ئەمڕۆم

نه جاشی دوێنێم نه پێشمەرگەی ئەمڕۆم
دەروێش و مورید وجاغێکی بە وەفا
دلسۆزی گەل و نیشتمانم
لە ناخۆشی و خۆنەویستی
هەمیشە لە پێشەوەی هەموانم
لە خۆشی و شادی
لە دوای گشتانم
ئامانجی بەرزم ئاشتی و ئازادی
هەموو میللەتێک بژی بە شادی
لە بۆ میللەتە ڕێی ڕاستی خەبات
نەوەک بۆ کورسی یان بۆ دەسەڵات
نه پایەی ئەمڕۆ نه ترسی دوێنێ
هیچ هێزێک نەبوو هەلمزەلێنێ
نەزێڕ و دۆلار
نه کۆشک و تەلار
نەیانتوانی
بمکەن بە بەندەی خۆیان
هەتا لە ژیانم
هەروا ئەمێنم
قەت ڕۆژێ نایێ
لاکەچکەم بۆیان
مێژوو گەواهی دڵسۆزیم ئەدات
لەتەک هەژاران
لە کۆڕی خەبات

هەردەم پشتگیری مافخوراوان بووم
لە رێی تێکۆشان
دڵفرەوان بووم
بە گیان فیدابووم
لە پێناو راستی
تەمەنم دانا
لە رێی سەربەستی
لەوەتەی من هەم
راست و راستگۆمە
جێگای شانازی دوێنێ و ئەمڕۆمە
نەچاوبەرەژێر نەشەرمەزارم
نەکۆیلەی کەسم نە کۆیلەدارم.

پەروەردەی بیری ئەم شەهیدانەم×
قوتابی نوگرە و دەرسی زەمانەم
قەت پێموانەبوو
رۆژێکی وابێت
ناوی شەهیدان وا لەبیر بکرێت
بە پارچە زەوی
بفرۆشن خوێنیان
بە گیانی ئەوان
خۆشبکەن شوێنیان
ئای لەو رۆژگارە
چەند شێواوە
جاش و پێشمەرگە
تێکەڵکراوە
لەوەش ناخۆشتر

**ئەوەی بەراستی سەرئەسوڕمێنێ**
**پێشمەرگە رازیە**
**بخرێتە ئاستی جاشەکەی دوێنێ.**
**ئەویش ئەمڕۆکە بە پێی هەوەس**
**ئەخوا**
**ئەبا**
**ئەدزێ و لەکەس ناپرسێ**
**بە ویستی خۆیان هەلس و کەوت ئەکەن**
**هەر چۆنیان بوویێت ئاوەها ئەکەن**
**کێیان مەبەست بێت**
**زوو بەرزی ئەکەن**
**ئەوانیتریش بە پشت گوێ ئەخەن**
**گرینگی نادەن بەکاری دوێنێی**
**ئاخۆ جاش بووە یان پێشمەرگە**
**تەنیا ئێستایان لەبەر چاوانە**
**کە بۆ بەرژەوەندیان**
**چەندە بەکەلکە.**

١/ ئایاری ٢٠٠٦

× ( حەیدەری، عەبەلی، حەمزە سەلمان،نافع یونس، مەهدی حەمید، ئیبراهیم محەمەد عەلی مەخموری ) ئەمە ناوی بەشێک لەو هەزاران شەهیدانەن کە لە پێناو گەل و نیشتمان گیانی خۆیان بەخشی، تا ئێستا بەداخەوە کە نەگۆڕەکانیان دیارە و نەکەس باسیان لێوە ئەکات، جارێکیتر سەری رێز و نەوازش بۆ هەموو شەهیدانی رێگای ئاشتی و ئازادی، بەتایبەت ئەو شەهیدانەی کە گۆڕ و ناویان ونە.



# جەلال مەدحەت خۆشناو

ناوی تەواوی جەلال مەدحەت تەها یە لە ساڵی ١٩٣٤ لە شەقڵاوە لە دایک بووە لەساڵی ١٩٤٦ قوتابخانەی سەرەتایی لە شەقڵاوە تەواو کردووە مامۆستا خەلیل محەممەد خۆشناو دەورێکی باڵای هەبووە لە رووی ژیانی ئەدەبی و زمانەوەیەوە لە ژیانی شاعیردا هەورەها لەرێی خاڵیشی مەلا سادقی زانای دینی چۆتە کۆڕی فەقێیانی مزگەوت و رێزمان و شعری عەرەبی خوێندوە.

لە ١٩٥٢ قوتابخانەی ناوەندی هەولێر بەشی زانستی تەواو کردووە

لە ساڵی ١٩٥٦ کۆلیجی ئەندازیاری لە بەغدا تەواوکردووە ، لە ساڵی ١٩٩٨ بۆ دواجار ماڵئاوایی لە شەقڵاوە و دونیا کردووە

**جەلال مەدحەت خۆشناو یەكێكە لە شاعیرە پێشەنگەكانی شەقڵاوە و كۆمەڵە بەرهەمێكی شعری بە چاپ گەیاندوون كە ئەمانەن**

**١- كاروانی یار كە خۆی لەسەر بەرگی كتێبەكەی نووسیووە چەپكێكی چێنراوەیە لە شیعرەكانی خۆشناو ساڵی ١٩٧٥**

**٢- سێ دەنگی تورە ساڵی ١٩٧٩**

**٣- ئاسمان و ئاو و خاك ١٩٨١**

**٤-نەوای حەیرانێكی چر ١٩٨٢**

**٥-گڕەو ٢٠٠٣**

## كاروانی یار

ئەم كتێبە یەكێكە لەو بەرهەمانەی كە بە جوانی و ڕێكوپێكییەوە بەر لەماوەیەكی درێژ چاپ كراوە هەروەها كاك عەزیز گەردی پێشەكییەكی چڕ و پڕ و پوختی لەسەر نووسیوە و وەك پێشەكی كتێبەكە بڵاوبۆتەوە هەروەها كاك جەلالیش لە بن ناوی چەند گفتێكی پێویست بە كورتی بە زمانێكی تەڕ و شاعیرانە باسی خۆی و بنەماڵەی و شەقڵاوە ئەكات




هەروەها ئەوەش ڕوون ئەكاتەوە كە چۆن دەستی بە شعر نووسین كردووە و چۆن سەرەتا خۆرسكانە هاتۆتە ناو ئەم دونیایە و دوایش چۆن سوودی لە ئەزموونی شاعیرانی دیكەی كورد وەرگرتووە هەروەها ئاماژەش بە سەرچاوە ڕۆشنبیرییەكانی خۆی ئەدات لە ڕێی ئەو بەرهەمانەی ئەو لەو كاتەدا ئەیخوێندنەوە

به کورتی ئەتوانم بڵێم کاک جەلال مەدحەت یەکێک بووە لەو کەسە بیرتیژانەی کە لە ڕێی ئەم بەرهەمەوە هەم بەها ئەدەبیەکانی شعر و هەم بەها مێژوویەکانی کتێبەکەیشی بۆ بەرهەم هێناوین و پێشەکییەکەی مامۆستا عەزیز گەردیش تەنیا پێشەکییەکی هاکەزایی نیە بەڵکو بە قوڵی چۆتە ناو شیعرەکان و خوێندنەوەیەکی سەردەمیانەی سەردەمی خۆی بۆ کردوون و زۆر شتی بۆ خوێنەر روون کردۆتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر و جوانتر بچێتە ناو دونیای شعرەکانی کاک جەلال

هەروەها کاک جەلالیش لە گفتەکەی خۆیدا شتێکی جوانمان بۆ روون ئەکاتەوە کە ئەویش ئەوەیە ئەو خۆی پێی وایە کە شعرەکانی هەم رۆمانسین و هەم ریالیزمین.

کە لێرەشدا ئەو خۆی ریێەک بۆ خوێنەر ئەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت کە کاک جەلال هەم شارەزایی لە شێوازی نووسین و قوتابخانە شعرییەکان هەیە و هەمیش کاریگەری سروشتی شەقلاوەو سروشتی ژیانی خۆیمان بۆ روون ئەکاتەوە کە چۆن وایکردووە شعرەکانی رۆمانسی بن .

هەروەها دواییش ئەوە روون ئەکاتەوە کە تێکەڵاوبوونی ئەو بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەل و چاوکرانەوە بە رێبازی شۆرش کاری کردۆتە سەر ئەوەی بە شێوازێکی ریالیزمیانە شعر بڵێ.

کەواتە ئەو خۆی کلیلی رۆمانسییەت و ریالیزمان ئەداتە دەست بۆ ئەوەی بەم کلیلانەوە شعرەکانی بکەینەوە.

دیارە شعرەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ و ١٩٧٥ دا نووسراون یەکەم شعری کە بەناوی زەنگی ئازادییە لە تەموزی ١٩٥٨دا نووسراوە کە بۆ شۆرشی ئەو ساڵە نووسراوە دیارە برێکی باش لە شعرەکانی کاک جەلال بۆ شۆڕش و خەبات و ئازادی مللەتەوە نووسراون دیاریشە ئەم بابەتانە، بابەتی وڵاتپەروەری و ئازادیخوازی و سەربەستی و شۆرش و پشتگیریکردنی خەڵکی بندەست و دژایەتیکردنی هێزەکانی دژ بە ئازادی بە ئاشکرا دیارە کە ئەم بابەتانە بنیاتێکی سەرەکی شعری کوردی بوون لەو سەردەمەدا و شعری کوردی بە شێوەیەکی گشتی پێش بزافە نوێخوازییەکانی هەفتاکان و هەشتاکان بەم هەناسەوە ئەنووسران و دەربڕینێکی راستەوخۆ بوون لە هەست و سۆز و بیرو باوەڕەکانی شاعیر بەرامبەر بەو چەمکانە.

دیاریشە کاک جەلاک بە دەیان شعری بۆ ئەو بابەتانە و بابەتی وەک نەورۆز و

چەمکەکانی شۆڕش شگێری نووسیون و لە شعرەکاندا بە ئاشکرا ماناکانی خۆی ئاشکرا ئەکات و بیرو باوەرەکانی بێ پەردە ئەخاتە روو کە هەموو خوێنەرێک ئەتوانێت بە ئاسانی لە مەبەستەکانی شاعیر بگات و زمانی شعرەکان هەموو ماناکانی شاعیر بە ئاسانی بۆ خوێنەر ئەگوازنەوە.

دیارە لەو سەردەمەدا شعر و سیاسەت تەواوکەری یەکتری بوون و سیاسەت بنیاتێکی سەرەکی شعری کوردی بوو ئەو شعرانەیش کە زیاتریان لە ژێر ناونیشانی ریالیزمدا ئەنووسران خەرمانێکی زۆر و گەورەیان لە شعری کوردیدا چێکرد.

دیاریشە تێگەیشتن بۆ شعر لەو سەردەمەدا هەروا لە خۆڕا نەهاتووە بەلکو ئەویش دەربڕی ئەو بەها رۆشنبیری و سیاسییانەی ئەو سەردەمە بوون و دەربری باری رۆشنیری و هزری ئەو نووسەرانە بووە بۆ ئەو ژیانەی ئەوان تیایدا ئەژیان و ئەرکی ئەدەبیش لەو سەردمەدا ئەرکێکی سیاسی و کۆمەلایەتی بوو و شاعیر لە شعرەکانیدا مانای سیاسی و کۆمەلایەتی ئەبەخشییە خوێنەر خوێنەریش ناچار بوو ئەو مانایانە وەک خۆیان وەربگرێت و بێ دەستکاری قبوڵیان بکات.

هەر لەو سەردەمەدا شاعیران لە رێی شعرەکانیاندا تەعبیریان لە خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی ئەکرد خەمەکانی شاعیر خەمی گشتی بوون و کەمتر خەمە تایبەتییەکان ئەبینران شاعیر وەک ویژدانی جەماوەر وابوو ئەو وەلامانەی بە خەڵک ئەبەخشی کە جەماوەر چاوەڕێیان ئەکرد.

لەگەل ئەم رەوتە شعرییەدا سیاسەت وەک گووتارێکی کاریگەر لە ناو رۆشنبیریی کوردیدا بەربلاوبوو و شعری کۆنترۆل کردبوو.

کۆمەڵێ بەها رۆشنبیری و نەتەوەیی لەم ریێەوە درووست بوون کە گرنگترینیان ئەوەبوو سیاسەت بەسەر شعردا زاڵ بوو و شعر پڕ بوو لەو بابەتە پیرۆزانە و شعر بووە بابەتێکی یەقینی هەروەها شاعیرانیش وێنەی کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و قەهرەمانەیان وەرگرت.

بوونە دەنگی مللەت و دەربڕی ئێش و ئازارەکانی ئەوان پەیوەستی خۆیان بە خەبات و شۆرش و مەسەلە شۆڕشگێرییەکانی کورد و هەموو مللەتانی چەوساوەی دونیا نیشاندا دیارە کاک جەلالیش بە هەمان دەستووری ئەو شاعیرانە ئەویش بە روونی و ئاشکرایی توانیویەتی لەو سەردەمەدا ئەسپی شعری خۆی تاو بدات و وەک

شاعیرانی دی ببێته دەنگێکی شعری و هەموو ئەو بابەتانە بوروژێنێ کە لەو سەردەمەدا ئەوروژێنران هەر لە نوێکردنەوەی بۆنە کوردییەکان، هەر لە پشتگیریکردنی خەباتی گەلانی وەک کوبا و کەمبۆدیا و فێتنام و فەلەستین و هەم لە دژایەتیکردنی هێزە ئیمپریالیزمەکانی ئەو سەردەمە و وەک ئەمریکاو هەم دەربرینی ئێش و ئازارەکانی جەماوەری ستەمدیدە.

دیارە ئەتوانین چەندین نموونە لەو شعرانە دەست نیشان بکەین کە کاک جەلال بۆ ئەو بابەتانەی نووسیون وەک شعری ( زەنگی ئازادی / منم کوبا / نەورۆز / کاروانی یار / ڤالنتینا تریشکۆڤا/ کێ/ نەورۆز ئەکەم / جەژنە پیرۆزە / لە یادی نەورۆز / هەڵوێست و هەویست )

دیارە کاک جەلال جگە لەم شعرانەی سەرەوە ئاماژەم پێدان چەندین شعری دیکە و بابەتی دیکەی لە ناو بەرهەمەکەی خۆیدا جێ کردۆتەوە کە بە شێوازێکی وەک خۆی گووتەنی رۆمانسییانە باس لە هەندێ بابەت ئەکات هەروەک لە شعری ( نازی لەیل ) بۆ نموونە کە لە ساڵی ١٩٥٨دا نووسیویەتی باس لەوە ئەکات کە چۆن بای شەماڵ پچە و عەبای کچێک لائەبا و چۆن زولفی خاو و سینگ و مەمکی خڕ و باڵای عەرعەری دەرئەکەوێ

**یان لە شعری راموو‌ساندا کە لە ساڵی ١٩٦٣ نووسیویەتی ئەڵێ:**

**( هەنگوینم خوارد**

**زمان زیز بوو**

**بیری هەر لە لای ئازیز بوو ! )**

هەورەها چەندین وێنەی شعری جوان و تەڕو ناسکی دیکەی هەن کە زەوق و سەلیقەی کاک جەلالمان نیشان ئەدات و هەروەها کاریگەری سرووشتی شەقڵاوە لەسەر شعرەکانی دا دیارە وەک شعری سکاڵا کە لە کەرکوک نووسیویەتی بەڵام بۆنی سرووشتی شەقڵاوەی پێوەیە:

**( شنەی شەماڵ**

**دەنگی شمشاڵ**

**ورشەی گەڵا**

**له هەموو لا**
**بولبول و گوڵ**
**سکاڵای دڵ**
**خوناو شەونم**
**لەسەر پەلکی خونچەنم نم**
**هۆنراوە ئەهۆنێتەوە**
**خۆشی لە دڵ ئەنێتەوە**
**لەگەڵ با ئەشێتەوە! ) لاپەڕە ٤٩**

**یان لە شـعرێکی دیکەدا بەتایبـەتی بۆ گـۆرانی شـاعـیری نـووسـیـوە بە ناوی بۆ یادگاری گۆران لە ساڵی ١٩٧٣ کە تیایدا ئەڵێ:**

**( دە ساڵە من**
**بۆ بەراوردی مەبەستم**
**بۆ بیرو رام هۆش و هەستم**
**ئەرۆمە بن**
**دەریای قوڵی شیعری کوردی**
**بۆ چنینی چەپکێ ئاوات**
**لە وشەی ئاگری خەبات**
**زۆر بە وردی**
**لە پاش گەڕانی دە خەزان**
**ئەوەی چنیم هاوارێک بوو**
**ئاوازی نەرمی تارێک بوو**
**لە رێی مرۆڤ کردارێک بوو**
**لە دەفتەری شعری گۆران )**

بە ئاشکرا لە شـعـرەکـانی ئەم جـوامـێـرەدا تەڕ و نـاسکایی نووسـین دیارە و بە

هەناسەیەکی فێنکەوە شعرمان وەک سرووشت پێ ئەبەخشێ .

دیارە کاک جەلال مەدحەت خۆشناو توانیویەتی لە شعرەکانیدا دەنگێکی رەسەنی شعری سەردەمی خۆی بێت و هەروەها بە قوڵی تێکەڵ بە دونیای شعر بێت و چەندین بابەت و چەمک، باس بکات و بە پێوەری سەردەمی خۆیشی شاعیرێکی چاک بێت و بە پێوەری شعری شەقڵاوەش شاعیرێکی داهێنەر بێت بە شێوەیەک کە رۆژی ئەمرۆش چەندین وێنەی شعری شایانی هەموو جوانییەکانی شعر بن.

## شیعرەکانم

**هەولێر ١٩٥٩/٣/٧**

**هەڵبەست هۆنراوەی شیعری من**
**مانای سەرچاوەی بیری من**

**هەڵقوڵاوە لە کانگەی دڵ**
**وەک چریکە بولبول بۆ گوڵ**

**یا وەک شەونمی نیوە شەو**
**گوڵی خەوتوو بکا لە خەو**

**بەڵام دێتە دەر بە هاوار**
**بۆ گەلی چەوساوە و هەژار**

**بە هاوارێکی پڕ دەروون**
**بۆ رووناک کردنەوەی گەردوون !**

# کاروانی یار

کەرکوک ١٩٦٣/٥/٢٥

به گرمەی هەوری بەهارم
لە نەورۆزم
پەردە لە گوچکە ئەدڕێنم
بە شوارکی شلکی بروسکە
لە ڕێی هۆزم
ئەستێرە دا ئەوەشێنم!
بڕژێتە ناو گۆمێکی مەنگ
لە شەوە زەنگ
بچەسپێ وەکو چەقە بەرد
تاکو یارم
بە پشتیە باوەڕی بێ گەرد
لەسەریا ئەو پێ و ئەم پێی ئەکا
دیاری ڕێی ئەکا
لەناو ئەم کۆڵانە تەسکە
کە پڕی توترکی کەسکە
دوور و درێژ و بێ سنوور
هەتا ئاسۆی شەبەقی سوور
بڕوا بە گوڕ بۆ هەرەوەز
چوست و نەبەز
بۆ بەشداری لە شاکارێ
هەڵگرتنی سەنگی یارێ
بژار کردنی ناڕێکا
بە جارێکا

دڕکی زیان و دارو جان

لە خەرمانی بووکی ژیان!

بەگم بەزم

بچەقێنێ هەزاران رم

لەسەر نووکی هەر یەکێکا

بلەرێتن بەیداخێکا

ئەندام لەت کا

خڕان شەت کا

دەیان پەت کا

دەرزی لە برینان رەت کا

تیماری شینە خەفەت کا

تەلار دروست کا لە ئێسقان

بۆ پارێزی نرخی ئینسان!

بروسکە ئەکوتمە ناو خاک

قووڵ بیر ئەکەم

هەر دە گاسن

ئاسن ئاسن

لە بەردی زەیتا گیر ئەکەم

لێشاوی رەش

خم خانەی هەش

ئەپەستمە ناو برینی بەش

هی ئەو دڕکە

ئەو جۆبڕکە

هەتا هەتا ببێتە ماک

لە رووی ناپاک!

لێ ناگەرێم

گەر ببێتە کۆسپی سەر رێم

ئەیخەمە بن
پەڕی جەنجەر
رم و خەنجەر
بیکا ئەنجن
ئەنجن ئەنجن
وەک ماری کوشتەی دەستی ژن!
بۆ خۆم هەزاران ئەستوندە
هەر لەو بەندە
ئەچەقێنم
پۆلا پۆلا
دەم ناقۆلا
لە بنی دەریا خۆی گیرکا
دولکەی لەگەل ئاسمان شەڕ کا
قینم لە گەردوون دەردێنم
سەر ئەکەوتمە دیواری رەق
لەو بەریکەی ئەنوارم زەق
وێنەی سیبەری یار ئەگرم!
هەر بەو رەنگە
هەر لەو جەنگە
ئەگرم ئەبڕم
ئەکوتم ئەدڕم !
لەگەل رمبازێ سایە دەق
بە تاو ئەڕنم خەستی شەبەق
بۆ ئالای بووکینی یارم
نەو بەهارم
کە لە ئەسپی ئاسن سوارم
خەریک خوارکردنی خوارم



وێنەیەکی شاعیر جەلال مدحەت خۆشناو
کە لەگەل کتێبی کاروانی یار و لە
سالی ١٩٧٥ دا بلاوکراوەتەوە.

**لەگەل یارم**
**وا ئەنوارم!**
**بۆ میللەتێکی ئازاد و**
**نیشتمانێکی بەختیارم !!!**

## سێ دەنگی تورە

ئەم بەرهەمە کە لە کۆی تەنیا ١١ لاپەڕەدا بڵاوبوونەتەوە تەنیا سێ شعری لە خۆگرتوون و هەر سێ شعرەکەش وەک لە ناونیشانی کتێبەکە دیارە سێ دەنگی تورەن کە یەکیان لە ئەفریقیایە و ئەوی دییان لە فەلەستینە و سێیەمیشیان هی شاعیر خۆیەتی یەکەم شعر لە ساڵی ١٩٧٨ نووسراوە پێئەچێ شعرەکانی دیکەش هەر لەوماوەیەدا نووسرا بن چونکە خاوەن هەمان هەناسە و شێواز و دەنگن.

بە گشتی هەر سێ شعرەکە دابڕاو نین لە کاروانی کاروانی یار و شێوازی جەلال مەدحەت کە هەمیشە دەنگی مرۆڤە بندەست و بەشخوراو و هەژارەکانە و دووپاتی ئەوەش ئەکاتەوە کە ئەو بەشعر بەرگری لە مرۆڤی بندەست و چەوساوە ئەکات، بەو مانایەی بنیاتی شعرەکانی هەمان بنیاتی کاروانی یارن و گۆڕانییان بەسەر دا نەهاتووە.

## ئاسمان و ئاوو خاک

لەم کۆمەڵە شعرەشدا کاک جەلال وەک بەرهەمەکانی دیکەی دیسان کۆمەڵێ شعری دیکەمان ئەداتێ کە هەر خاوەن هەناسەی خۆیەتی لێرەشدا کە شعرەکان لە ساڵانی هەفتاکانەوە نووسراون لە١٩٧٦ تا ١٩٧٩ ئەگەر بە خێراش سەیری تایتلی شعرەکان بکەین ئەوە هەست بەو بنیاتانە ئەکەینەوە کە لە بەرهەمی یەکەم و دووەمدا هەبوون ( کارتێکی خۆشەویستی،بۆ گەلی پورتوگال، لە یادی شۆڕشی گەلاوێژ، ئاخێکی رژاو....لە کەناری گۆلی وان، لاوێک لە ئەفریقا، کاروانی شۆڕش، بانگەواز ) ئەمەو لە شعرەکانی دیکەشدا کە تایتلیان زۆر راستەوخۆ نیە دیسانەوە هەمان ئەو بیروباوەڕە شۆرشگێڕیانەی شاعیر ئەبینینەوە بۆ کوردستان و عێراق و

ئەفریقا و کوبا و هەموو وڵاتانی دیکەی کە لەو سەردەمەدا رەمز بوون بۆ ئازادی و خەباتی میللەتانی چەوساوە.

رەنگە لێرەدا باش بێت بۆ ئەوەی زۆر درێژە بەقسەکانمان نەدەین بەشێک لەو شعرە بنووسینەوە کە تیایدا شاعیر بە روون و ئاشکرایی باس لە ماهییەت و ناسنامەی شعر ئەکات لە لای خۆیەوە:

## شیعر چی یە ..؟

**شیعر چی یە ...؟**
**شیعر زەنگە رستەی وشەی پڕ دەنگە**
**داستانی گۆلێکی مەنگە**
**ماچی شەپۆڵ و نەهەنگە**
**ئاگرێکی بێ ئامانە**
**گەنجینەی پڕ لە سامانە**
**لافاوێکە بێ بن ئەهەژێنێ**
**کام شاخ سەختە ئەلەقێنێ**
**هەتاوی چرقەی گەرمایە**
**سەهۆڵی شەوی سەرمایە**
**چەکی دەستی لێ قەوماوە**
**دووا هەناسە ماوە**
**شیعر باوەڕە ...بڕوایە**
**شیعر بەرزایی باڵایە**
**شیعر تیرە**
**ئاڕاستەی دڵی نێچرە**
**ئاسمانێکە**
**تا بڵێ ی شین**
**هاوارێکە**

**له گرمەی جەنگ و راپەڕین!**
**شیعر چی یە...!**
**گەر خەناوکەیەک نەبێتن**
**بۆرازانەوەی هەوکی یار**
**گەر لاووک و حەیران نەڵێتن**
**له هەڵپەڕکێ ی جەژنی بەهار**
**.....**
**....**
**.....**
**شیعر چی یە....؟**
**گەر بۆ برسی و چەوساوەکان**
**ئاسمان و ئاو و خاک نەبێ!**
**ئاسمان و ئاو و خاک نەبێ!!!**

دیاره لێرەدا کاک جەلال خۆی بە زمانی خۆی واتەی شعر و ماهییەتی شعرمان لەلای خـۆی بۆ روون ئەکـاتەوە و لەم شـعرەشـدا جـەخت لەسـەر هـەردوو بنیـاتی سیاسی و سۆزداری ئەکاتەوە

ئیدی رەنگە پێویست نەکات لەمە زیاتر قسە لەسەر شعرەکانی ئەم بەڕێزە بکەین کە بەهەق ویستوویەتی لە رێی شعرەکانیدا خزمەتی نەتەوە و مەسەلەکانی گەلانی چەوساوە و بندەست بکات لە هەموو دونیادا و بە چاوێکی مرۆڤدۆستانەوە تەماشای مرۆڤەکانی سەر رووی زەمین بکات و خۆی بە خاوەنی مەسەلەکانی ئەوانیش بزانێت.

جـێگەی دڵخـۆشیـشـە کە لە شـەقـڵاوەوە شـاعیرێکی ئاوا هەڵکەوتوو هەبێت و توانیـبـتـی لە ژیانیـدا کـۆمـەڵە بەرهـەمـێک بە چاپ بگەیەنێت و هەورووەها لە دوای خۆشییەوە کوڕەکەی گەنجینە هەڵساوە بە چاپ کردنی دیوانی ( گرەو ) کە جێگەی سوپاس و پێزانینە بەو هیوایەین رۆژێک بێت هەر هەموو شعر و دیوانەکانی وەک تەواوی بەرهەمەکانی چاپ بکرێن و بگەنە بەر دەستی خوێنەران. روحت شاد کاک جەلال و یادت بۆ ئەبەد بە شعر و خۆشەویستی و وەفا .

# جەلال مەلا حەسەن

جەلال مەلا حەسەن خاوەنی کتێبەی ( خرپن ) کە کۆمەڵە شعرێکی تایبەت بەخۆی لە خۆوە گرتوون،لە ساڵی ١٩٧٨ چاپ کراوە، و دەنگی تایبەتی شاعیر خۆیەتی . کاک جەلال یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە خوێندنەوەی شعرەکانی تێئەگەین کە ئەو لەگەل سەردەمی خۆیدا جیاوازبووە و هەم وەک بابەتی شعری و هەم وەک شێوازی دەربڕینیش ، توانیویەتی چەندین خاڵی جیاواز لەگەل هاوچەرخەکانی خۆیدا تۆمار بکات و هەندێک تایبەتمەندیی بداتە شاعیرییەتی خۆی و شعرەکانی کە لێرەدا هەوڵ ئەدەین کورتییان بکەینەوە:

■ – کاک جەلال یەکێکە لەو کەسانەی کە بەدەر لەو بنیاتە باوانەی شعری کوردییان پێ ئەنووسرا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ –١٩٧٨ ئەو بنیاتی تر و بیری تر و بۆچوونی دیکەی لە شعرەکانی خۆدا باسکردوون ، یەکێکە لەو شاعیرانەی نەوەک تەنیا لەسەر ئاستی شەقڵاوە بەڵکو لەسەر ئاستی شعری کوردیش خۆی لە بابەتی سیاسی راستەوخۆ و بابەتی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بە دوور گرتووە و زۆر لەسەر ئەم بنیاتانە رانەوەستاوە، بەڵکو بیرتیژ بووە و هەوڵی داوە لەو بنیاتانە دەرچێت و شتی نوێتر و بابەتی نوێتر لە شعرەکانیدا پێشبەر بکات.




**جەلال مەلا حەسەن**
**وێنەی بەرگی کۆمەلە شعرێکی شاعیر جەلال مەلا حەسەن بە ناوی (خرپن) کە لە سالی ١٩٧٨ دا چاپکراوە.**

■ – شکاندنی ریتم و شێوازە باوەکانی شعری ئەوسا و ئەو قۆناغە کە بەشێوەیەکی گشتی بە شێوازی عەرووز یان کێشە میللی و خۆماڵییەکان و پەنجە ئەنووسران یان هەوڵی نەداوە پێنچ خشتەکی و شعری خشتەکی لەسەر شاعیرانی

دیکه دامەزرێنێت. کاک جەلال لە هەندێ لە شعرەکانیدا خۆی لەو کۆت و پێواندانەی شعر ئازاد کردووە و هەوڵی داوە جۆرە شعرێک بنووسێت کە ئازاد بێت.زیاتریش لەمە کاک جەلال زۆر وێنەی فانتازی و شتی نامەقوڵی بە ماقوول کردوون لە شعرەکانیدا کە ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە داهێنانێکی جوان بووە

■– (خرپن ) کە ناوی کۆمەڵە شعرەکەیە و هەروەها ( خرپن ) وەک رەمزێک بۆ کچ و مرۆڤ لە زۆر شعری دیکەدا دووبارە ئەبێتەوە، نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤ لە روئیا و دیتنەکانی شاعیردا بۆتە سەرچاوەیەک بۆ تەماشاکانی و شعرەکانی. بە شێوەیەک کە ئەم مرۆڤە ئەبێتە سەرچاوەی شعر و روانین و بیرکردنەوەکانی شاعیر، دیارە ئەمەش تایبەتمەندییەکە کە کاک جەلال هەیبووە، بۆ ئەوەی هەمیشە مرۆڤ بابەتێکی شعری گەورە بێت و بەردەوام بگەڕێتەوە سەری.

■– پێشبەرکردنی هەندێ بیرۆکە و فەلسەفە لە ناو شعرەکانیدا کە رەنگە بۆ ئەوسا زۆر نوێ بن و باو نەبن، کە کاک جەلال بە شێوازێکی رەخنەگرانەی دوور لە تەقلیدییەت هەوڵی داوە بابەتی هزری و بیرو بۆچوونی خۆی سەبارەت بە هەندێ ترادیشیۆنی کۆمەڵگەی کوردی پێشبەر بکات.

– شاعیر لە زۆربەی شعرەکانیدا خۆی ئەنووسێتەوە واتە باس لە هەست و بیر و خولیا و حەزەکانی ناوەوەی خۆی ئەکات نەوەک ئەو رووداو و شتانەی کە لەدەرەوەی ئەو روودەدەن ئەو زیاتر بە کاردانەوەی هەستەکان لەسەر روحی خۆی ئەنووسێت نەوەک شتە دەرەکییەکان

■– بەهایەکی گەورەی ژیان دۆستانە و مرۆڤ دۆستانە لە شعرەکانیدا بەرجەستە کراون بە شێوەیەک کە رەنگە کەم شاعیر هەبووبن لە سەردەمی ئەودا زیاتر بەهای ژیان و خۆشەویستی کچ و عەشق و جوانی پەخش بکەن چونکە شعری کوردی لەو سەردەمەدا زیاتر خەریکی بەها نیشتمانی و ئایدیایی و بەرگری و بەها پیرۆزە گشتییەکان بوو.

ئەمـــە و لێــرەدا چەند نموونەیەکی شـــعــری ئەهێنمـــەوە کـــە دەربڕی ئەو تایبەتمەندییانەی شاعیرن، شـاعیرێک کە من پێموایە یەکێکە لەو داهێنەرانەی کە توانیویەتـی لەسـەردەمی خۆیدا شـعری ناوچەکەی ببەزێنێت و دەنگێکی نوێی شـعری کوردی ئەوسا بێت.

## ساکاری یە

گۆزگیران ١٩٦٤

بزەی لێوی یار
گۆنای سووری خوێناوی یار
قژی کاڵی لوول و بڵاو
سینگ و مەمکی رێک و تەواو
چاوی جوانی وەک گەلاوێژ
بەژن و بالای شۆخ و درێژ
جوانی یارم ساکاری یە
نەک کردەوەی دەسکاری یە

## یار

هەولێر ١٩٦٠

یارەکەم یار
بەلەنجەو لار
بە چاوی کاڵ
بە کوڵمەی ئاڵ
بە پێکەنین
گۆنا خوێنین

وەک ئاسکۆڵەی
نێو مێرگوڵەی
دەمی بەهار
یاری نازدار
دڵ پڕ ئاوات
بۆ لام ئەهات
پێی ئەوتم
ئەت پەرستم
هۆش و هەستم
تۆی مەبەستم
هەر ئەو یارە
چاو بە خومارە
کاتێ گۆڕاو
وەکوو چەرخی فەلەک سوڕا
لە یادی چوو گشت یادگار
وەک نەی دیبێ منی دڵدار
بەرۆژو شەو
من لەگەڵ ئەو
لە جێگەی چۆڵ
لە نێو باخا یا لە نێو دۆڵ
دەست لە نێو دەست
بە گۆرانی یا بەهەڵبەست
رامان ئەبوارد خۆشی ژیان
دوور لە گریان

لاپەڕە ٨ خرپن

## دڵەکەت بردم

موسڵ ١٩٦٧

ئەگەرچی خرپن حەزت لێ کردم
هەزار بەڵێن و سوندت بۆ خواردم

گیانە بەم جۆرە دڵەکەت بردم
کەچی ئێستا کە پشتت تێ کردم

لاپەڕە ٨ خرپن

## بەهار

تەلەعفەر ١٩٦٩

چەند خۆشە من و تۆ شیرین
ببەینە سەر بەهاری ژین
لەقەد پاڵی لوتکەی بەفرین
لە نێو مێرگوڵەی سەوز و شین
بە دڵ شادی دوور لە زاری
بەرەو ئاواتی دڵداری

لاپەڕە ١٠ خرپن

## پەرستگاکەم

شەقڵاوە ١٩٧٢

گیانە هەر تۆی پەرستگاکەم
دوور بێ نزیک بێ جێگاکەم

رووت تێ ئەکەم ئەتپەرستم
هەتا مردن تۆی ڕێگاکەم

ڕێگام دیارە نەشێواوم
لەو پەیمانە نەگۆڕاوم
کە مۆرت کرد لە نێو گیانم
بۆیە ئەبینی هەر ماوم

لاپەڕە ١٥ خرپن

## ووشەی کۆن

خرواتان ١٩٧١

ووشەی کۆنی
نێو دەروونی
پێش دەها ساڵ
لە گوێ ئاگردانی ناو ماڵ
خاوەن مێشکە رزیوەکان
وەکوو بنێشت ئەجوونەوە
ئەڵێن راستە و ئەڵێنەوە
زۆر دار ئەبێ کاربەدەست بێ
کورد چەوساوە و لەژێر دەست بێ
هەروا ئەبێ و هەر وابووە
بەردی گەورە و بچووک بووە
بەڵام ... بەڵام
نەوەی نوێ
بۆی هەڵکەوێ
بە مەشخەڵی کوردایەتی
کە چەوساوە رابەریەتی

ڕەگ و ریشەی ئەم ووشانە
ئەم بیرە چەوت و پوچانە
لە بنەڕەتا دەری دێنێ
لە نێو ئاگر ئەی سووتێنێ

لاپەڕە١٩ خرپن

## شەو

شەقڵاوە ٩٧٧/١٠/١

ئازیزەکەم
کە شەو داهات
شەوی تاریک
هەر من شەوم
شەویش منە
هەر من لە باوەشی شەوم
شەویش لە باوەشی منە

کەخۆر هەڵات
خۆری راستی
شەوی تاریکی ئەهریمەن
لە ترسانا
رەشماڵی خۆی پچایەوە
وزەی نەما
رای کرد هەڵات

لاپەڕە ٢٤ خرپن

# گەشتێک لە شاری وون بووەکان

شەقڵاوە ١٩٧٢

بەیانی زوو
سواری با بووم
گەڕام بەسەر شار و دێهات
لە رۆژ ئاوا تا رۆژ هەڵات
تا گەیشتمە شاری وون بووی
پشت ( قوللە قاف )
لە دەروازەی شارەکەدا
رێگەیان دام
چوومە ژوورێ
ئەو دیمەنە سەیرانەم دی!
درەختەکان
رەگیان لە ئاسمان رووابوو!!
رووبارەکان
بە پچەوانەی خۆیان ئەگەڕانەوە!!
رێوی راوی شێری ئەنا!!!
چۆلەکەم دی بازی ئەخوارد !!
سپی رەش بوو !!!
رەش سپی بوو!!!!
ئادەمیزاد زۆر سەیر بوو!
زوبانی لاڵ بووگوێ ی کەڕ بوو!
چاوەکانی لە پشت سەر بوو !!!

دیوارەکان
بە کەللە سەری مرۆڤان
نەخش کرابوون
پەرستگاکان
زۆر تاریک بوون
بە بێ مۆم بوون!
جامبازەکان
بازاڕگەیان زۆر گەرم بوو
هەگبەی پڕیان هەڵ گرتبوو!
لەشار دەرچووم
سواری با بووم
گەڕامەوە
زۆرم نەمابوو
چەشنی ئەوان
خۆشم وون بم
خۆشم وون بم



# قادر محەممەدەمین قادر

ناسرا و بە قادر مەلا حوتان لە ساڵی ١٩٣٨ لە شەقڵاوە لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شەقڵاوە خوێندووە و قۆناغی ناوەندیش لە هەولێر.

لە ساڵی ١٩٥٩ بۆ یەکەمجار لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک دامەزراوە.

لە ساڵی ١٩٦٩ بە هۆکاری سیاسیەوە دەرکراوە. ئێستا نیشتەجێیە و لە شاری هەولێر دائەنیشێت.

## شەقڵاوەی بەهاران

هەولێر نیسانی ١٩٥٦

شەقلاوەی جوان من ئەتپەرستم هاوین و زستان
رۆژئاوا بوونت هەر لەبەر چاوە کاتی هێواران
کوانێ مەحمەگول باخچەی هەناران کانی شا سوڵتان
دەبەرت گەڕێ پارچەی ئەوروپا و شام و ئەسفەهان
بیری یارم کرد بۆ ئامۆژگاری لە مانگی گوڵان
هەڵسە با بڕۆین هەندێ هەڵچنین کەنگر و رێواسان

## سکاڵای شالوور لەگەڵ خاتوو خانزاد

خاتوو خانزاد
خاتوو خانزاد
شالوورێکی سەرلێشێواوم لە نێو گوڵزار
بە دڵێکی پڕ لە غەم و پڕ لە ئازار
وا هاتمە لات بە گریە و زار
چارەم بکە گوڵی نازدار
لە زوێکا بە ئاواتم ببم رزگار
کۆتری سپی چەشنی بەللور
خۆی ششتوە بە خوینی سوور
هەموو ساڵێ کژی بەهار ئەسوتێنن گوڵ و گوڵزار
بۆ کوێ بفڕم بۆ کام بەهار

هەمو ساڵێ هەر چوار بچووم ئەبرژێن لەناو تەنور
خاتو خانزاد بۆ کوێ بفرم بۆ کام سنوور
ئای ئای تۆ مەلی سەر سەنگەرانی
تۆ دڵداری گولی زەرد و سوورەکانی
ئەی شالووری دڵ بە ئازار
زۆر نەماوە بێتن بەهار
لەناو ئەشکەوت لە بن شاخا
بچریکێنە لە چەشنی مار
زۆر نەماوە بەفر سەهۆڵ هەلوەشێنێ
زۆر نەماوە ببین رزگار
ببین رزگار

× × × × × ×

## بۆ بارەکای ژیان

نیسانی ١٩٧٠

کچێ گیانە
لە یادتە کە رێبواربووم
کاتێ کۆ و کۆچبارەکەم لەبەردەمتا تێدەپەرێ
بە هیوابووم چەند قومێ ئاو
لە بی و سەرچاوەکانت بخۆمەوە

بەبێ وەستان
تێدەپەڕیم
بە تێلای چاوەکانم ماڵئاواییم لێدەکردی
دڵ بە ئازار
کۆچ و کۆچبارم تێکئەنا
جێم ئەهێشتی
کچێ ئازیز
وا من لێرەم
شەوانی درێژ لەم زستانە
لە ژێر نزاری سەفینا
لە شارۆچکەی شەهیدان
ئەبەمە سەر
یادی رۆژانی منداڵیم دەکەمەوە
شەوچەند درێژ بێ رۆژ دێتە دەر
کەچی وێنە و پەرچەمی تۆ
زامەکانی کۆن و ئێستام
سەر لەنوێ ئەتەقنەوە
ئەوسا ئەوجار دێمەوە
لە ژێر نزاری دارەکان
تێر تێر ئاوی نێو کوێستانا ئەخۆمەوە
تێر تێر لێوت هەڵئەمژم
ئەوسا ئەڵێم ئۆخەی ژیان
ئۆخەی ژیان
ئە ئاوایی ساڵەهای ساڵت ئەژیام

× × × × × ×

# بووك و ڕێگای تاریك

ئاداری ١٩٧٣

شەوە زەنگ بوو
دەست خوێناوی
نێو شەقامی شاری ئازاریان ئەپێکا
بە خەیاڵی
چراکانی نێو شارەکە
یەکە یەکە دەست ڕێژ دەکرد
ڕۆناکیان لێ ون دەکرا
کەژاوەی بووك لە ڕێگایە
بوکی ئەو سەردەمە وایە
بە ڕۆژ ڕێگای بۆ چۆڵ بکرێ
ئەوسا زاوا لە نێو پەردە
ئۆقرە بگرێ
خەڵکی شاری ئازار تێکڕا
زامی لەشیان سارێژ ناکرا
ناچارکشایت چەشنی فەرهاد
شاخەکانی ڕێگای هیوا
ورد ورد ئەکەن
چراکانی سەر شەقامی شاری ئازار
یەکە یەکە پڕ لە خوێنی لاوان دەکەن
چەشنی زۆر دەشت بۆ ڕوناکی
کڕنۆش دەبەن.

# لەگەڵ یارێکی ون بوودا

١٩٧٥

له خەوما پێش بیست ساڵ
کەژەکەژی بەهار بوو
هەمو گوڵاڵەی جوان جوان بوو
له ناو مێرگه گیایەک
پاڵ کەوتبووم
( شنه کاکۆڵی ئەبزاوتم )
فریشتەیەکی خڕو پڕ
به تریقەی پێکەنینەوه
دەستی نەرمی بەسەر سینگا دائەخشاندم
ورده ورده مەمکی سپی ئەنا چەنگم
قژی رەش و ئاوریشمیەکەی
ورده ورده لەسەر چاوا ئەتەکاندم
کاتێ ویستم لێوی سپی بمژم
لێی داو فڕی
بۆ بیابانێکی سامناک
ئا لەو کاتەی که لێم تۆرا
[redacted]



# خەلیل خۆرانی

یەکێکە لە دەنگە جوانەکانی مەسیحییەکانی شەقڵاوە کە بە کوردییەکی زۆر جوان و زۆر رەوان شعری نووسیوە خەلیل خۆرانی تاکە نامیلکەیەکی چاپکراوی هەیە کە لەدوای مەرگی ناوەختیدا لە لایەن بزافی رۆشنبیرانی نوێخواز لە ساڵی ٢٠٠٤ چاپکراوە کە هەڵبژاردەیەکە لە شعرەکانی خۆرانیشعرەکانی ناو نامیلکەکە ئەگەڕێنەوە بۆ ماوەی ساڵانی ١٩٧٨ - ١٩٩٩

لەم کۆمەڵە شعرانەدا کە لە جێی خۆیەتی پێیان بڵێین شعرە خنجیلانەکان یان قەشەنگەکان لە خوێندنەوەیاندا هەست بە قوڵایی و جوانی هەستەکانی خۆرانی ئەکەین بەرامبەر بە مرۆڤ و سرووشت و شۆڕش و بەرگری و جوانی و چەندین چەمکی دیکە

دیارە خۆرانیش لە سەردەمێکدا شعری نووسیوە کە هەم سیاسەت و هەم عەشق و سۆزداری بنەمایەک بوونە لە بنەماکانی شعری ئەو سەردەمە، دیارە سیاسەت هەمیشە بنەمایەکی بەهێز بووە لە شعری کوردیدا خۆرانیش لەسەرئەو بنەمایە چەندین تێکستی شعری داینێ کە ئەتوانین بە ئاسانی درک بەوە بکەین کە شاعیر هەڵگری کۆمەڵێ خەمی دەستە جەمعی و گشتییە هاوارەکانی هاواری میللەتێکی بندەست و ئازار چێژە، هاواری شۆرشگێرێکە بۆ شۆڕش و بەرگریکردن

**هەر بۆ نموونە لە شعری ( بەرد ) دا خۆرانی ئەڵێ**

**( سور هەتا ماوم**

**ئەو ئالایەی بەناوم کرا ( شۆڕشی بەرگری )**

**هەڵی بگرم - هەڵی بگرم هەتا بیکەم**

**بە بەیداخی وڵاتەکەم )**

**لاپەرە (١٧)شەوی یەڵدا**

دیارە جگە لەم شعرەش چەندین وێنەی دیکەی شعری لەسەر ئەو بنەمایەن و دەربڕی هەمان ماناکانی یەکدین.

دیارە لەم قۆناغەدا وێنەی مرۆڤ بریتی لە وێنەی ئەو شۆڕشگێرەی کە پابەستە بە مەسەلە نیشتمانی و شۆڕشگێرییەکانی گەل و وڵات و هەمیشەش کەسایەتی شاعیر ئەو کەسایەتییە بوو کە دەربڕی ئەو پێگیربوون و وابەستە بوونە بوو بەو مەسەلانە بە شێوەیەک ئەگەر شاعیرێک باسی ئەو مەسەلانەی نەکردبا ئەوا رەنگە بە خۆپەرست و قەڵەم فرۆش و دەیان توهمەتی دیکە ناوی زڕابا بەشێوەیەک کە لەم قۆناغەدا شعر و ئەخلاق و شعر و قارەمانی لە ناو تێکستەکاندا ئاوێتەی یەکدی ئەبوون و شاعیری سەرفرازیش ئەو کەسە بوو کە شعری نیشتمانی و ئاگرینی بۆ شۆڕش و نیشتمان و ئازادی بڵێت بە زمانێک کە هەموو کەس تێی بگات و شعرەکان قابیلی ئەوە نەبن راڤەی دیکە و خوێندنەوەی دیکە لەناو خۆیاندا هەڵگرن.

بەڵام جگە لەو شعرانەی خۆرانی کە دەربڕی ڕەوتی باوی شعری کوردی ئەو سەردەمە بوون چەندین شعری ناسک و جوانی دڵداریشی هەن کە تیایدا خۆرانی بە سوود وەرگرتن لە کلتووری دینی مەسیحییەت و ڕەمزەکانی ئەو دینە چەندین وێنەی جوانی خوڵقاندوون دیسانیشەوە ئەڵێمەوە لەو سەردەمەدا سۆزداری و عەشق و خۆشەویستیش بنەمایەکی دیکەی شعر بوون و زۆربەی شاعیرانیش شعرەکانیان دابەش ئەکردنە سەر ئەو دوو ( جۆر ) ە شعرە.

ئەگەرچی من ئەو ( جۆرە ) شعرانە زیاتر بە بنەما وەسف ئەکەم چونکە لە نێوان جۆر و بنەمادا جیاوازی زۆر هەیە بەڵام دیارە ئەو دوو بنەمایانە ناسنامەی جۆری شعرییان وەرگرتبوو دوای ئەوەی شعر لەو سەردەمەدا لە قاوغی دین و بابەتە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیەکان رزگارییان ببوو.

**هەر چۆنێک بێت خۆرانی لە شعری ( بارانی زێرین ) دا ئەلێ**

**( پرچت بارانی زێرینە**
**لە پایزی تەمەندا**
**وا دەبارێ**
**دڵی وشکم لێ تەڕ دەکا و**
**خۆرەتاوی داوەتە بەرشەق**
**دەست لە تاریکی شەو دەنێ**

× × × × × ×

**داوداو پرچت**
**لەگەڵ لەنجەی ڕۆیشتنت**
**مۆسیقای باڵێ دەژەنێ**
**شلشل بەژنت شۆڕە بیە**
**لەگەل ڕەزمی دڵی منا**
**لەگەل قاقای پێکەنینت**
**هێدی هێدی کەروێشکە سەما دەکا**
**گەورەترین سیمفۆنیای**
**خۆر و سروشت**

تۆمار دەکا

× × × × × × ×

پرچت رووبارێکی خۆرەتاوە

بەرەو خواروو

رام دەماڵێ

دەمخاتە گێژاوی بێ بن

ئای چەند خۆشە

بە کەزی و ئەم پرچە جوانە

هەڵمواسن

بۆ نابێ لەو بەژن و شاتانە

وەکو عیسا لە خاچم دەن

خۆ منیش هەر خاچ هەڵگرم

لاپەڕە (٣) دیوانی شەوی یەلدا




وێنەی بەرگی پێشەوەی (شەوی یەلدا) تاقانەی بەرهەمە شعرییەکانی خەلیل خۆرانی. ئەو شاعرەی کە مەسیحی بوو و بە کوردییەکی رەوان شعری ئەنووسی و، بەرهەمەکانیشی بوونەتە بەشێکی جوانی شعری شەقڵاوە.



وێنەی بەرگی پشتەوەی کۆمەڵە شعرێکی خەلیل خۆرانی بە ناوی (شەوی یەلدا) کە ساڵی ٢٠٠٤ کە دوای مەرگی ناوەختیدا بڵاوکراوەتەوە.



# شاكر عەوديش

مامۆستا شاكر عەوديش لە بنەماڵەيەكى هەژارى كريستيانانى شەقڵاوە لە ١٩٣٩/٩/١٥ لە دايك بووە

لە ١٩٤٥/٩/١٥ چۆتە قوتابخانەى شەقڵاوە كە ئەو كاتە لە قشڵە نزيك بووە

لە ١٩٥٣/٦/٣٠ لە تاقيكردنەوەكانى بەكەلۆريا دەرچووە و چۆتە قوتابخانەى ناوەندى شەقڵاوە بەڵام بەهۆى داخستنى قوتابخانە لەبەر بارى سياسى ئەوسا قوتابخانەكە داخراوە

لە ١٩٥٥/٩/١ چۆتە كەركوك و لەوێ پۆلى دووەم و سێيەمى ناوەندى تەواو ئەكات

له ساڵی ١٩٥٨ – ١٩٥٩چۆته خانەی مامۆستایان له هەولێر و له ١٩٦١/١٠/١٣ یش به مامۆستا دامەزراوه.

مامۆستا شاکر له ١٩٦١ هوه دەستی به نووسین کردووه بەرهەمەکانی له ( تەریق ئەلشەعب – بیری نوێ ) به ناوی ( نەنۆ خۆشناو ) بڵاوکردوونەتەوه.

پاشان له رێگای کوردستان و برایەتی و کلدو ئاشور و ئەلفکر ئەلمسیحی بابەتی بڵاوکردوونەتەوه به ناوی باوکی نیهاد و باوکی هانی و باوکی شەهلا و باوکی نورا و زێرینگەر و ناوی دیکه.

مامۆستا شاکر دیوانێکی ئامادەی بۆ چاپ هەیه و هیواداریین به زووترین کات بکەوێته بەرچاوی خوێنەران.

دواپین شعری مامۆستا شاکر شعرێکه بۆ هیرانی نووسیوه

هیران

٢٠٠٥/٨/١٥

هیران گوندی دێرینه
باغی سەوز و رەنگینه!
هەنار و سێو شیرینه
مەڵبەندی خۆشی ژینه !!
ئاوی سارده بەفراوه
له سەفین هەڵ قوڵاوه
تاڤگه و سولاوکی بچووک

ئاوێنەی بەر هەتاوە !
دار گوێز و دارتوو و هەنار
باڵا بەرزن وەک چنار
هەنگوین و سرکە و دۆشاو
گەلێک زۆرە لە بازاڕ
گەراز و نانە قەیسی
هیچ کەس لێ یان ناپرسی
خۆخ و سێوی شیرینی
خۆشترن لە هەنگوینی
مێوژ و سماق و باوی
چ کەس ناهێنێ ناوی
هیران دایکی فەقیرە
پر لە ترێ و هەنجیرە

هیران جێ ی شاعیرانە
قیبلەگای کوردوستانە!
خەڵکی وەک برا دەژین
لە ژێر سێبەری سەفین
کاکی هیران مەشهوورە
تەکیەکەی بێ قسورە
هەموو کەس رووی تێ دەکا
نوێژی جەژنی لێ دەکا



# جەمیل شێخ محەمەد

کاک جەمیل (کە زیاتر بە جەلیل) ناسراوە لە ساڵی ١٩٤٦ لە شەقڵاوە لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شەقڵاوە خوێندوە، ئامادەییشی لە هەولێر، لە ساڵی ١٩٦٢-١٩٦٣ تەواوی کردووە، دواتر نەیتوانیوە بەردەوامی بە خوێندن بدات، لەبەر هۆکارە سیاسییەکانی ئەوکات و پێشمەرگەش بووە، دواتر لە ساڵی ١٩٦٤ چۆتە بەغدا لە کۆلیجی ماف ( حقوق ) وەرگیراوە، ١٩٦٨ -١٩٦٩ کۆلیژی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧١ وەک بەڕێوەبەری ناحیەی مریبای سەر بە قەزای شێخان دامەزراوە، تا کو ساڵی ١٩٧٤ کاری کردووە، لەو ساڵەدا پەیوەندی و بەشداری بە شۆرشی ئەیلول کردووە.

**دوای ئەوە ئاوارەی ئێران بووە .**

**دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان و عێراق ، لە لایەن حکومەتەوە بۆ ماوەی شەش ساڵ بۆ شاری بەسرا دوورخراوەتەوە.**

**ئێستا لە شاری هەولێر نیشتە جێ یە و وەک پارێزەر درێژە بە کارەکانی ئەدات.**

کاک جەلیل لە ساڵی شەستەکان و هەفتاکانەوە شعری نووسیوە، بەڵام هەرگیز لە خەمی نووسینەوەی بەرهەمەکانی دا نەبووە، ئەو شعرانەی ئێرانەشی ئەوانەن کە لەلایەن بەندەوە نووسراونەتەوەو بڵاوکراونەتەوە.

پێمـوایە شعرەکانی کاک جەلیل بەرهەمی ناسکی کوردایەتی و شۆڕشگێری قۆناغێکن کە زۆربەی زۆری شاعیرە کوردەکان کاریان لەسەر ئەکرد.

کاک جەلیلیش وەک شاعیرەکانی دی لەسەر بنەمایەکی سیاسی نەتەوەپەروەریی بەرهەمەکانی خوڵقاندوون. بە شێوازێکی هێمن و ئارام باس لە خۆشەویستی خۆی و نیشتمان و کوردستان ئەکات، هەندێجار هەروەک ئەوەی شیعر بۆ کچێک یان ژنێک بنووسێ ئاوا ناسکانە بۆ کوردستان ئەنووسێ.

## گوڵەباخ

**گوڵێکە خۆشمئەوێ، شادومانم کاتێ دەرکەوێ**
**گەر لە نێو گوڵدانا نەبینێم دڵ ناخەوێ**
**گەر لەگەڵما نەنوێ چاو نانەوێ**
**گوڵێکە جوانتر لە وەنەوشەی بەهار**
**گەشتر لە شاگوڵی نێو مێرگوزار**
**گوڵێکە چەشنی گوڵە باخ**
**لە دڵم ئەکا ئاخ و داخ**
**گیان گوڵە ، ئامان گوڵە**
**پێشکەشی کە ئەو خونچە گوڵە**
**رزگاری کە ئەو دڵە**

## لە بیرت ناکەم کوردستان

بەسرا ١٩٧٦/١/١

ئارەق و شەڕابی مەیخانان نەما نەیکەم بە قوڕگما
بۆ ئەوەی دەرچێ ئەو هەستەی لە هۆش و بیرما
نەهۆشم ما،نەبیرم ما، کەچی هێشتا لە هۆش و بیرمە
چۆن دەرئەچێ تێکەڵاوی جەرگ و خوێنمە
کاتێک دەرئەچێ کە خوێن لە لەشما نەما
کە لاشەم نێژرا
بەڵام پێش ئەوەی بمرم
ئەو هەستەی لە هۆش و بیر و فکرم
پێشکەشن ، دیارینە بۆ رۆڵەی کوردم
با لە هۆشی بێ با لەبیری بێ
هەقی کورد و کوردستانی پێ دەستگیر ئەبێ

## نیشتمانم

بەسرا ١٩٧٦

کوردم ئاشقی کوردستانم ئەمن
ئاشقی شار و لادێ و شاخ و کێوانم ئەمن
ئاشقی ئاوی سارد و بەفری کوێستانم ئەمن
ئاشقی دار بەڕوو و مازوو و مێوم ئەمن
دوژمن پێمدەڵێ لە کوردستانت چی؟

من دەڵێم گەر کوردستانم نەبێ ، لە ژیانم چی؟
گەر ژیانم نەبێ لە بەهارم چی؟
گەر بەهارم نەبێ لە سەیرانم چی؟
گەر سەیرانم نەبێ لە کوێستانم چی؟
شەرتە تێبکۆشم خوێن بڕێژم ، سەر بنێژم
بە خوێنی سوور نەخشە بۆ کوردستان بکێشم

## گەڕانەوە

بەسرا ١٩٧٦

لەگەڵ شنەبای پاییز خەزەڵوەرە، بەڵام من بوژامەوە!
لە کانگای سەرمای زستان سەرم هەڵێنایەوە!
لەگەڵ گوڵی بەهاریشا وا گەشامەوە
جارێکی تر وا گەڕامەوە نێو کوردستان
بۆ نێو شاخان بۆ دەشت و کێوان
بۆ شۆڕش هەڵگیرسان
بۆ تۆ ئەی کوردستان



# ماهیر وەسمان خۆشناو

لەساڵی ١٩٥٠ لە شەقڵاوە لەدایک بووە، سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر خوێندوە، ساڵی ١٩٦٧ لە کۆلیجی پەروەردە دانیشگەی بەغدا زمانی ئینگلیزی خوێندووە لە ساڵی ١٩٧٠ بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی وەرگرتووە.

لە ١٩٧٣ تا ١٩٨٦ مامۆستایەتی کردووە.

لە ١٩٨٦ ئاوارە بووە و رووی لە ئێران کردووە دووساڵ لەوێ ماوەتەوە و زمانی تورکی و فارسی و ئازەربایجانی لەوێ فێربووە.

لە ١٩٨٨ چۆتە پاکستان لەوێ بە وەرگێڕی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراوە.

له ســـــالّی ٢٠٠١ ( ناڵەی دووری ) و له ســــالّی ٢٠٠٢ ( نۆبەرەی ) بە چاپ گەیاندوون

یەکەم کۆمەڵە شیعری لە نێوان ساڵانی کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نۆوەدەکان و تا ساڵی ١٩٩٧ نووسیوون دیارە شعری کوردی بە شێوەیەکی گشتی لە هەشتاکان و سەرەتای نۆهەتەکانیش لەسەر دوو بنەمای سەرەکی پەیڕەوکەیان ئەکرد کە یەکەمیان بنیاتی نیشتمانی و وڵاتپەروەری و سیاسی بوو دووەمیشییان سۆزداری و عەشق.

بۆیەشە کاک ماهیر دیارە وەستایانە لە هەر دوو بنیاتدا شعرەکانی چنیون و توانیویەتی دونیایەکی هەستەوەری گەورە بۆ نیشتمان و دووری و تاراوگە و عەشق و خۆشەویستی و کچ بنووسێتەوە.

کاک ماهیر لە دەیان شعر و دەیان وێنەی شعری لەو بنیاتانە ئەکۆڵێتەوە و پەیوەندی خۆی بە خاک و بە مرۆڤەوە باس ئەکات.

دیارە وەک وتم نیشتمان و عەشق هەردوو بابەت بنیاتێکی سەرەکین لە شعری کوردیدا و بەتایبەتیش لە ساڵانیهەفتاکان و هەشتاکان و سەرەتای نۆوەدەکایش بگرە زێدەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێن تا ئێستاش ئەو دوو بابەتە بنیاتێکی بەهێزی شعری کوردین.




لێرەوە تێئەگەین کە کاک ماهیر شاعیری سەردەمی خۆیەتی واتە لەگەڵ بابەتەکانی سەردەمەکەیدا تەبایە و ئەو بابەتانە ئەنووسێتەوە کە رەنگە تەواوی شاعیرەکانی کوردیش لەو سەردەمەدا باسی هەمان شتیان کردبێت، بەڵام ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەوەیە کە هەر شاعیرێکە و بە شێوازی

تایبەتی خۆی ئەو بابەتانە بە شعر تۆمار ئەکات.

کاک ماهیریش هەست و نەست و روانینەکانی خۆی تێکەڵ بەو ستایلە کردووە کە دیسانەوە شێوازی باوی شعری کوردی بووە لەو ماوەیەدا.

لە شعرەکانی کاک ماهیردا هەمیشە ناڵەیەکی بە سوێی دووری هەیە بۆ نیشتمان و ماڵ و رۆژانی بەسەر چووی ژیان لە نێو کوردستاندا و هەمیشەش دووپاتی وەفا و دڵسۆزی خۆی ئەکاتەوە بۆ نیشتمان و سەربەرزی وڵات و بەها جوانەکانی ژیان لە باوەشی نیشتماندا و لەگەڵ ئەو ترس و ئەو بێ بەهایی و بێ مانایەی مرۆڤ لە دووری و دەربەدەریدا ئەیباتە سەر.

دیارە لە شعرەکانی کاک ماهیردا هەمان ئەو بەها باوانەی شعری کوردی دووبارە ئەبنەوە کە شاعیرانی دیکە وتوویانەتەوە ، رەنگە بە دەیان نموونەی شعری قۆناغێکی درێژی شعری کوردیمان هەبێت بۆ ئەو بابەتە شعرییانە، هەروەک شعرەکانی مام هێمن و پەشێو و شێرکۆ بێکەس و موئەیەد تەیب و موحسین قۆچان و لەتیف هەڵمەت و چەندین ناوی دیکە.

دیاریشە لەو قۆناغە شعرییەدا کە رەنگە زیاتر بە شعری شێستەکان و هەفتاکانی بناسێنین کە مانای شعری تا ئەوپەڕەکەی زاڵ بوو بەسەر وێنە شعرییەکاندا و شاعیر بەردەوام ماناکانی خۆی دەدایە خوێنەر و ئەو بەهایانەی کە ئەو بڕوای پێ هەبوو لە نیشتمان و عەشق و خۆشەویستی و سەرنجەکانی لەسەر دووری و ئاوارەیی و نامۆبوون و غەریبی و غوربەت و هەموو چەمکەکانی دیکەی ژیان ئەدانە خوێنەر.

واتە شعر لەدەرەوەی شاعیر هەبوونێکی بەهێزی نەبوو ماناکانیش هەموویان لە ناو دەقدا زۆر روون و ئاشکرا بوون و خوێنەر بە ئاسانی لە ماناکانی شعر و شاعیر ئەگەیشت.

شعرەکان سادە و ساکار و بە زمانێکی روون نووسرابوونەوە و خوێنەر سەری لێ تێک نەئەچوو وەک ئەوەی لە شعری نوێی کوردیدا لەگەڵ ئەکرێت؟!

دیاریشە شعرەکانی کاک ماهیریش لەو بارەدان کە ماناکانی روون و ئاشکران بۆ خوێنەر و پێویست بەگەڕان و راڤەی جودا ناکات لەگەل شاعیر بەڵکو شاعیر تەواو تەعبیر لە خەڵک و هەمووان ئەکات لە شعرەکانیدا و خوێنەر ئەتوانێت لە زۆر

شعر و وێنەی شعریدا هەناسە و هەستەکانی خۆی لەناو ئەو شعرانەدا ببینێتەوە.

لەم کۆمەڵە شعرانەشدا بە دەیان نموونە هەن وەک شعری ( ناڵەی دووری ، ئەوەی رۆژێک، رێگای بنبەست،سی ملیۆنین، نەفرەت ،دایکی راستەقینە، ئێمە، میللەتی کورد، نەورۆزی ١٩٨٧، کە دێمەوە ) و چەندین شعری دیکە تەعبیر لەو مانایانە ئەکەن کە لەسەرەوە باسمان کردن.

هەروەها چەندین نموونەی شعری دیکەش بەهای خۆشەویستی و عەشق و دڵداری بەیان ئەکەن کە زۆریان بە وێنەی شعری تەڕ و ناسک و سۆز ئامێزانە باسیان لێوەکراوە و لەگەل خوێندنەوەیاندا هەستەکانی خوێنەریش فێنک ئەبن و هەست بە قولایی هەستی مرۆڤ ئەکەین لەو شعرانەدا هەروەک لە شعری ( بۆ گیانی من،بۆ سێبەری خۆم،ئەی پێم ناڵێی، بێچوە دیوان ) و شعری دیکەش.

هەروەها کۆمەڵەی دووەمی کاک ماهیریش کە (**نۆبەرەیە**) لە هەمان ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان و تا ٢٠٠٢ یشی تێدایە. نۆبەرەش خاوەن هەمان کەش و هەواو بەهاکانی ناڵەی دوورییە لەوێش لە دەیان شعردا هەمان هەست و خوست و بۆچوون بەرامبەر بە وڵات و خۆشەویستی دووبارە ئەبنەوە بە وێنەی دیکە و هەناسەی دیکە و رەنگی دیکە ئەو بەهایانە ئەچنێتەوە کە لەنۆبەرە پێی بەخشیبووین.




**بەرگی پشتەوەی دیوانی نۆبەرە**

لێرەشدا دونیای هەستەوەری شاعیرانەی کاک ماهیر لە ناو شعرەکاندا بە ئاسانی هەستییان پێئەکرێت و ماناکانیشی هەروا روون و ئاشکران.

زمان لە هەر دوو دیوانەکەدا زیاتر ئامرازە بۆ گەیاندنی پەیام و ماناکانی کاک ماهیر و لە رێی زمانەوە هەم هەستەکانی خۆی و هەم

هەستەكانی زۆرێكیش لە ئێمەی دەربڕیووە.

هەروەكو كاك ماهیر لە پێشەكی شعرەكانیدا خۆیشی ئەڵێت ( بێگومان لە پاڵ هەر یەكێك لەو هەڵبەستانە هەستێكی پاڵدەری تایبەتی هەیە و هیچ لەگێن نیە تەنها ئەو جۆرە هەستە لە دڵی من بەكار بووە بەڵكو هەزارانی تر هەمان مەبەستیان لە دڵ زاوە)

بە كورتی شعرەكانی كاك ماهیر سەفەرێك و گەڕانێكن بە ناو روح و هەستی مرۆڤێكی ئاوارە و پڕ خۆشەویستی بۆ وڵات و بۆ ژیان ، مرۆڤێك كە بریندارە بە دووری و دەنگی بۆتە ناڵە و رەنگ و رووشی هەر نامۆبوون و لێكدابڕان و ئاوارەیی پێوەیە، مرۆڤێكە عاشقە و عەشقیش وەك تەنیا هێزێك وایە كە ئەتوانێ لەو كولەمەرگی دوورییە و برینەكانی ئاوارەییدا سەبووری بدات و خۆشییەكانی وڵات و عەشقی بۆ بگێڕێتەوە.

كاك ماهیر هەست ناسكانە لەو بابەتانە ئەدوێت و سۆزدارییانە ئەیانكاتە وێنەی شعری و پێشكەش ئێمەی ئەكات.

چۆن وەك ئەو خۆیشی لە پێشەكی دیوانەكەیدا شانازی بە شعرەكانی ئەكات ئێمەش وەك خوێنەرێك بە شانازییەوە خۆشحاڵین بە شعرەكانی و بەو سەفەرە هەستەوەرییە پڕ لە ناسكی و هەناسە فێنكانەی كە لە دووری و لە ئاوارەیی و لە بیرەوەرییەكانی عەشقدا بە رووماندا ئەدا و وەك هەناسەیەكی تەڕ دەروونی ئێمەش تێكەڵ بە روحی خۆی ئەكات ، دەست خۆشی لە كاك ماهیر و بەهیوای بینینی كۆمەڵە شعری دیكەین.



# ناڵەی دووری

گوێ بگرە تۆ لە نای دەروون هەڤاڵی من
چۆن باس دەکا بە مەحزوونی لە حاڵی من

هەڵدەرێژێ ئاخ و ئۆف و ناڵەی دووری
بۆ وڵات و بۆ هەوار و بۆماڵی من

تا دێتە دەر ئاوازەکەی لە دەروونم
ئاور دەگرێ دڵی پڕ لە زوخاڵی من

کە هاتە دەر، دەکرێتەوە دێتە وتار
بە وتاری دەسووتێنێ دوو باڵی من

باس دەکا چۆن بێ مانایە ژیانی من
چۆن کز و زەرد بووە رەنگی رووی ئاڵی من
چۆن لە چەشنی پەلەهەوری وەرزی بەهار
دێن و دەڕۆن رۆژ و مانگ و هەم ساڵی من

چۆن بەدەست خۆم قووڕی دووریم شێلا بە خۆم
کردم وەسەر سەری خۆم و مناڵی من

هەڵم بژارد ئاوارەیی وا بە کوێری
چۆن شێواندی رێگا لە هۆش خەیاڵی من

ناڵەی دووری دێ لە ناخم ئاخم وەسەر
تا ناخ پڕە لەو خەفەتەی وا تاڵی من

گـــــــــــوێ بـگـره تـۆ لـه نـای دەروون هـەڤـــــــــــــالّـی مـن
چـــۆن بـــاس دەكــــــــــــــــا ژیـــنـی تـــالّـی بـــه تـــالّـی مـن

نەرویج ١٢/١٠/١٩٩٧
لە دیوانی نالەی دوور لاپەڕە ٦

## بێچوە دیوان

١- چی خۆشترە بێتە ئاستی
خەونێکی خۆش بێتە راستی؟

٢- تاکە دڵێک چ ژیانێک دەسوڕێنی
لە نێو بەدەن!
ئەگەر دوو دڵ بن بەیەک
چ بەهەشتێک دروست دەکەن!

٣ .چەند بەدبەختین!
کە خاوەنی جووتێ دڵین
گوێچکە دار نین بە بێ زوبان
حاڵی دەبن لەیەک ئاسان
٤- لە ژیانی ئایندەی خۆم
نەتبینمەوە چەند غەم دەخۆم !

٥- هەر کە دەرگای دڵم لێ دەی
دەکرێتەوە
تێیدا دەکەی هەزار ئۆخەی

ماندوویەتیت دەسێتەوە

٦- سەرت لەسەر دڵم دانێ
لێی دەبیستی
تا چ رادە خۆشەویستی!

٧- چ پێویستە زمان بدوێ
کە چاو بە بێ بینینی تۆ
نەشێ بنوێ!

٨- لە هەر شوێنێ
ئاڵای ئەوین خۆشەویستی
بەرز بێتەوە
غونچەی تازە و نوێی سەربەستی
دەکرێتەوە
بەفری بەستووی هەزار ساڵە دەتوێتەوە

٩ . هەزارەها
جێ خەنجەری رقی خوێن رێژ
بە مەرهەمی خۆشەویستی
دەبن سارێژ

١٠ . یەک هەناسەی گەرمی عیشقت
بێ بە سەرما
زاڵم دەکا بەسەر شەختە و
بەسەر بەفر وبەسەر سەرما

١١ . بەسەر شاخی سەختی ژیان
هەڵدەگەڕێم
کالای ئاسن ناکەمە پێم
تۆربەی زادەم با بەتاڵ بێ
با دوور بێ ڕێم
هێندەم بەسە
کە ڕووناکی کۆی سەربەستی
جوان دیارە لێم

لە دیوانی نالەی دووری لاپەڕە ٩٦





# زرار عەبدوڵڵا سەرتاش

لە ساڵی ١٩٦٠ لە شەقڵاوە لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شەقڵاوە تەواو کردووە

لە ساڵی ١٩٨١ خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە

لە ١٩٧٧ ەوە شعر ئەنووسێت لە ١٩٩١ دیوانی هەڵچوونی تەمەنی بە چاپ گەیاندووە

بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری مەم بووە

لێپرسراوی یەکێتی نووسەرانی کورد لێژنەی شەقڵاوە بووە

لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بابەتی بڵاوکردوونەتەوە.

**له سالّی ١٩٩١ كۆمەڵە شیعرێكی لە ژێر ناوی ( هەڵچوونی تەمەن ) دەركردووە كە ١٦ شیعری لە خۆگرتوون و شعرەكانیش لە نێوان سالآنی ١٩٨٥ و ١٩٩١ دا نووسراون بەشی زۆریشیان ئەگەڕێنەوە بۆ سالّی ١٩٨٨**
**كاك زرار ئەم شعرانەی كردوونەتە دیاری بۆ كچ و كورەكەی و خێزانەكەی كە بە هاورێی شعر و تەمەن ناوی ئەبات**

لە پێشەكیەكی كورتیشدا كاك زرار ئەڵێت ( تا سنووری دەست رۆیشتنی هونەری و فكریم دوا هەولّم لە گەڵیان داوە بە شێوەیەكی پێویست بیگەیێنم بە خوێنەرانی ) لاپەڕە ٣ / هەڵچوونی تەمەن

لەیەكەم شعریدا ( گەڕانەوە و پێشوازی دەزگیران) كاك زرار بە وێنەی پێشمەرگە و شۆرشگێرێكی سوێند خۆرمان ئاشنا ئەكات كە سوورە لەسەر ئەوەی لە غوربەتی و بێلایەنەییدا بمرێت ئەگەر كەشكۆڵەكەی موژدەی سەرفرازی تیا نەبێت.
هەر لەگەڵ ئەم شعرەدا ئێمە بە بنەما نیشتمانی و بەرگرییەكانی شاعیر ئاشنا ئەبین كە بە شێوەیەكی راستەوخۆش وێنەی پێشمەرگە و شورشگێڕمان بۆ ئەكاتە كاراكتەری نێو كۆمەڵە شعرییەكەی.
دیارە هەولّە فكری و هونەرییەكانی كاك زرار هەروەك هەولّە باوەكانی ئەو سەردەمە بوونە و كە شعر تیایدا بەو هەناسە سیاسییە ئەنووسرا و رەمز و ئاماژەكانی پێشمەرگە و شۆرش و خەبات و مەراقی نەتەوەیەك بۆ ئازادی و فرین بەسەربەستی لە شعرەكاندا رەنگیان ئەدایەوە.
هەورەها دیسانیشەوە هەولّەكانی كاك زراریش وەك هەولّەكانی زۆربەی شاعیرانی كورد و تەنانەت وەك هەولّەكانی شاعیرانی شەقلآوەش تا رادەیەكی زۆر لە رووی بنیات و بنەماوە زۆر لەیەكەوە نزیكن و وەیەك ئەچن.
جیاوازییەكی گەورە لە نێوان زرار و جەلال مەدحەت و مەلا گچكە و ماهیر وەسمان خۆشناو و ئیسماعیل ئاودێر و خەلیل خۆرانی و دەنگی دیكە نیە بەڵكو ئەتوانین ئەو دەنگانە بە درێژكراوەی دەنگی گشتی شعر بزانین و ئەزموونەكانیش زیاتر ئەزموونی باو و كەیەكانی شعری كوردی بن.

دیاره تا رادەیەک تەکنیکی زمان و وێنە شعرییەکان رەنگە جیاوازییان هەبێت بەڵام جیاوازییەکی ئەوەند قوڵ نیە کە زمانی شعرەکان لە ئامرازی گەیاندنی ماناوە بگوازێتەوە بۆ مانای جۆراوجۆر و رەهەندی فرەش بە تێکست ببەخشێت.

چونکە ئەگەر ئێمە لێرەدا بە کورتی شعری ئەو سەردەمانە و بەتایبەتی لە هەفتاکان و هەشتاکاندا دەست نیشان بکەین ئەوا ئەتوانین بە کورتی سێ پنت دەستنیشان بکەین و لەسەر ئەو پنتانە پتر ناسنامەی شعری ئەو سەردەمە روون کەینەوە کە ئەو پنتانەش ئەمانەن ( نووسەر / دەق / خوێنەر ) و سیمای ئەم سێ چەمکانەش لەو سەردەمەدا بەم شێوەیە بوو.

## نووسەر

نووسەر زیاتر دەربڕی هەست و سۆز و خەمەکانی جەماوەر بوو، هەردووکیان نووسەر و جەماوەر خاوەنی هەمان ناسنامە بوون هەردووکیان لە یەک باری دەروونی و روحیدا بوون ئەزموونی هەردووکیان یەک ئەزموون بوو باوەڕ و بڕوایان وەک یەک وابوو هەردووکیان وابەستەی مەسەلە نیشتمانییەکان و مەسەلە گشتییەکان بوون نووسەر دەربڕی روحی جەماوەر بوو ئەو شتانەی ئەو ئەیگووت ئەو شتانە بوون کە لە دڵی زۆرینەدا بوون.

## دەق

دەق ئەو نووسینە بوو کە مانای سیاسی بە پلە یەک ئەدا بە خوێنەر مانایەک کە هەر هەموو خەڵک تێیئەگەیشت و پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان دەق و خوێنەردا دروست ئەبوو پەیوەندییەکی ئاسان چونکە ماناکانی

دەقەکان مانای دیار و بێ گرێ و گۆڵ بوون زمانی دەق زمانی جەماوەر بوو روحی دەقیش روحی جەماوەر بوو دەق ئەزموونێک بوو هەموو میللەت خۆی تێدا ئەدۆزییەوە دەق ئەو کەشە روحییە گشتییە بوو کە لەناو مەسەلەکانی شۆرش و خەبات و توندوتیژی و دڵرەقی دوژمنەکاندا ختم ببوو بەکورتی دەق قسەی هەمووان بوو بۆیەشە هەمووان گوێیان لێئەگرت و باوەڕیان پێ ئەکرد.

## خوێنەر

ئەو کەسە بوو کە دەقی وەک مانای خۆی وەرئەگرت و هەروەک نووسەریش بیری ئەکردەوە و ئێش و ئازاری ئەچێژا خوێنەر بە دوای ئەومانا بەرهەڤ و دیارانە ئەگەڕ کە تێکستی شعری ئەیدایێ و چەپڵەی بۆ ئەو وێنە شعرییانە لێئەدا کە ئەیانکردە پێشمەرگە و شۆرشگێڕ و خەباتکەر لە پێناو ئازادی نیشتمان و گەلەکەی پەیوەندی نووسەر و خوێنەر پەیوەندییەک بوو مانا دیار و ئاشکراکان تۆکمەیان کردبوو هەردووکیشیان لەناو مانا سیاسییەکاندا ئاوێتەی یەکدی ببوون خاوەنی هەمان ئەزموون و ئێش و خەم بوون

بەکورتی ئەمە ناسنامەی شعری ئەو قۆناغە بوو کە دیاریشە کاک زراریش بەپێی ئەو سەردەمە هەوڵە هونەری و فکرییەکانی لە ژێر سێبەری ئەو هاوکێشەیەی نووسەر و دەق و خوێنەردا پەرە پێداوە و کۆمەڵێ تێکستی بەرهەمهێناون

دیاریشە جگە لەمانا سیاسییەکان کاک زرار کۆمەلێ مانای دیکەشمان ئەداتێ بەڵام هەر بەهەمان هونەر و فکر جگە لە وەفا بۆ خاک و وڵات و شۆرش دیسانیشەوە ئەبینین کاک زرار بۆ محەمەد مەولود مەم و بۆ شەهید خەسرەو رێز و هەستەکانی خۆی بەرامبەر ئەو کەس و ئەو شەهیدانەش دەرئەبرێ کە دیسان ئەم تێکستانەش هەر لە هەمان فەزای فکری بەرهەم هاتوون

دیارە مەودا فکرییەکانی کاک زرار لەو سەردەمەدا بە هونەری ئەو سەردەمە کاری خۆی کردووە و بۆتە دەنگێکی شعری لە شەقڵاوەدا

## كەپەنگ و لێزمەی باران

شەقڵاوە ١٩٨٨/٦/٥

من ئاسن نیم
ژەنگ بمگرێ
نەرمە بارانی
پایز نیم
زەوی تێنوو هەڵم مژێ
لە باوەشیا
هەڵمگرێ
بۆ شوانێکی نیشتمانم
دەبم بە کەپەنگی سەرشان
تا بتوانم
بیپارێزم
لە باران و سەرمای زستان

لاپەڕە ١٢ هەڵچوونی تەمەن

## ئاگری دوند و نەورۆزی پرسە

شەقڵاوە ١٩٨٨/٣/٢١

هەر ئاگرێ
لەسەر دوندی هەر شاخێکا
تیشک بدا
موژدەی پێ یە
هەر ئاگرێ
گرو کڵپەی بۆ نەورۆز بێ

رووناک کەرەوەی گشت ڕێ یە
هەر نەورۆزە
دیاری پێ یە
مۆمی گەشی شەوەزەنگە
ڕێ نیشاندەری ڕێ یە
ئەم نەورۆزە
نەورۆزێکی بێ گۆڤەندە
نە زارۆیان یاری دەکەن
نە کیژۆڵان دێنە خەندە

## تانۆک و خەو نەهاتن

١٩٨٨/٨/١٥




برژانگی سەر چاوەکانم
دەکەم بە تانۆکێکی بەرز
بەدەوری
هەر دوو مەمانت
خەم گرتوومی
زارۆ ئاسا
سەر ئەخەمە سەر شلکەی رانت
رام هەژێنە
بە لای لایە نەبێ
هەرگیز خەوم نایە
من گیرۆدەی سیستەمێکم
دەم کردنەوە تاوانێکە
خۆشەویستی
کردارێکی ناڕەوایە



# شەهید    هەژار کەریم

شەهید هەژار کەریم ناسراو بە ( هەژار کۆرین ) لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٧ لە گەڕەکی (دەنگارە)ی شەقڵاوە لە دایکبووە، هەر لە منداڵییەوە کەسایەتییەکی چوست و چالاک و خۆشەویستی لە ناو هاوڕێکانیدا هەبووە، ، جگە لەوەش زۆر خولیای خوێندنەوە و ئەدەب و هونەر بووە.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا پەیوەندی بە ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لەو کاتەدا خوێندکاری پۆلی سێیەمی ناوەندی ئەبێت. بەڵام لە خوێندن دوا ئەکەوێت، دواتر لە ئایاری ١٩٨٣ ئەبێتە پێشمەرگە.

**هەر لە سـەرەتای قۆناغی ناوەندیدا خولیـای شـعـر نووسـین ئەبێت و چەندین شـیـعـری نیـشـتـمـانپـەروەری و نەتەوەیی و دڵداری ئەنووسـێت.بێ ئەوەی بڵاویان بکاتەوە. بە داخـەوە لە پێـشـمـەرگـایەتی بریندار ئەبێت و گـوللەیەکی بە سـەری ئەکەوێت، دوای ئەوە ئەگەڕێتەوە و لە ساڵی ١٩٨٥ ژن ئەهێنێت و دواتر چوار منداڵی خنجیلانە دێنێتە بەرهەم بە ناوی پێلاگیا ، چیا، ساکار و سیڤەر.**

**بەڵام دواتر جارێکی دیکە کاری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی ئەکاتەوە، هەر لەو ماوەیەدا دوو نامیلکە چاپ و بڵاوئەکاتەوە بە ناوەکانی ( کۆچ بۆ هەوارێکی نامۆ ) و ( مرۆڤ و چەک ) نامیلکەی یەکەم بریتـیە لە قەسیدەیەکی درێژ دوای کارەسـاتی هەڵەبجە،**

**لە ساڵی ١٩٨٨ ئەگەڕێتەوە ناو خاو و خێزانی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین. بە داخـــەوە لە ڕۆژی ١٩٩١/٢/٢٧ تەنیـــا بـەچەند ڕۆژێک بـەر لە ڕاپەڕین بۆ دواجـــار چاوەکانی لێکئەنێ و ماڵئاواییمان لێئەکات.**

( کۆچ بەرەو هەوارێکی نامۆ) ناونیشـانی ئەو بەرهەمە شـعرییانە کە شـەهید هەژار کەریم نووسیویەتی و لە لایەن برای شاعیر ( دلشاد خۆشناو) کۆاونەتەوەو بە سوپاسەوە ئەو خەرمانەی خستە بەردەستی من.

شـەهید هەژار کە زۆربەی شـعرەکانی لە کۆتاییەکانی هەشـتاکان و سـەرەتای نۆهەدەکـان نووسـیوون. وەک زۆربەی شـاعیـرانی ئەوسـای کورد، بـابەتی دڵداری و نیشتمانی بنیاتی سەرەکی شعرەکانی ئەون.

شـەهید هەژار خـاوەن زمـانێکی زۆر شـەفاف و سـاکار و جوانکیلەیە، زۆر جار بابەتی زۆر سـاکار و سادەی وەرگرتوون و بەم بابەتانەوە تەعبیری لە خـەم و قەهر و خەم و حەزەکانی مرۆڤ کردووە. هەروەک لە شعری زریزەی کاتژمێر کە لەم بابەتەوە دەربڕین لە بێبەش بوون و بێ خۆشەویستی و ژیانێک ئەکات کە ئەو تێیدایە.

شـەهید هەژار شاعیری سەردەمی خۆی بووەو هـەوڵی داوە بە شعرەکانی لەسەر ئەو پنتانە ڕاوەستێت کە لە لایەک دەربڕی بیر و باوەڕەکانی ئەون بەرامبەر بە مرۆڤ و نیـشـتـمـان و پرسە گـشـتـییـەکان، لە لایەکی دیکەشـەوە لە نیگایەکی تایبـەت بە خۆیەوە تەماشای خۆشەویستی و کچ و دەسگیران و ئازیزەکەی ئەکات، زۆر جار بە

خۆشەویست و ئازیز بانگی بەرامبەرەکەی ئەکات، لە هەندێ ساتدا شعرەکان ئەبنە ساتی تایبەتی بیرکردنەوەی شاعیر لە خۆشەویستەکەی و شەهیدان و ئەو کەسانەی رێبواری رێگەی ئازادی و خۆشەویستین. ئەو بیرکردنەوەکانی ئەکاتە وشەی رەنگاورەنگ و بە زمانێکی سادە گوتارێکمان پێشکەش ئەکات بۆ ئەوەی وەک مرۆڤ و پێشمەرگە و خۆشەویست شەهید هەژار ببینین.

بە داخەوەهەژاری شاعیر زوو بە جێهێشتین ئەگەر نا شعرەکانی ئەوە نیشان ئەدەن، کە ئەو مرۆڤە هەمیشە دونیایەکی هەبووە پڕە لە رامان و برکردنەوەی رەنگاورەنگ. کە لە زەمەنێکی کورتتدا توانیویەتی بە شەفافیەتێکی زۆرەوە شعر بخولقێنێ و ژیانی پێ ئاوەدان بکاتەوە.

## زریزەی کاتژمێر

**١٩٨٨/١٢/٢ هەولێر**

**ئازیزەکەم**
**ئێستاکە من هەمو دەمێ**
**لە دەستمە کاتژمێرەکەم**
**لە هیچ شوێنی نایکەمەوە**
**نە هیچ ژوانێ دێتە رێم و**
**نە منیش لە رێی هیچ ژوانێکم**
**باوەڕکە پێم**
**ئازیزی خۆم**
**بیرم نەچوە**
**جاران بە شەو تا بەیانی**
**بە سەرینی ژێر سەری**
**هەردوکمانم دەسپارد**
**بەلام ئێستا سەرینێکیشس شک نابینم**
**بسپێرم پێی ... و**

نه سەر و گەردنی زێڕین پۆشت
بەدی دەکەم
لەو شەوە ساردانەی زستان بئاڵێم لێی
سەعاتەکەم داکەنم بۆی
بەڵێ شیرین
کەسێک نییە
سەرو پرچی لە مەچەک و پەنجەکانم
بئاڵێتن تا بەیانی
تا بترسم نەبادا
زریزەی کاتژمێرەکەم
بقرتێنی چەند تاڵێکی ئەو زێڕینەی

## خۆشەویستم

من دەریام
تۆش ئەستێرەی
هەموو شەوێ
لە ناخ ناخی دەرونمەوە
ئەتبینمەوە
...
خۆشەویستم
من دەریام و
تۆش ئەو مانگەشەوەی
هەیوە شەوان
کە تریفەی جوانت بەسەر
شەپۆڵەکانی مندا
بۆ ئەوبەر کەناری خۆشەویستی ئەشەکێتەوە

## مرواری

١٩٨٩/٢/١ پیرمام

چاوەکانت
وەک دوو دەریای
هێمن هێمن
لە ناخەوە ووردەشەپۆلی ئەڤینی
بۆ نزیکم یەکتر دەخۆی
ئاگام لێیە چاوەکانیشم
لە قوڵایی وەک درەخشان
لە ناوەوە
مرواری ئەوین بە بەرگی یەکبونمان
ئەکەن

## نامەی برسیەک

١٩٨٤/٤/١١ کۆڕێ

ڕۆژێکی بەهار
لە نێوەندی مەیدانی کار
لە تەنگی شار
نامەی برسیەکیان دڕاند
پارچەکانی گریان
گریان...گریان
تا فرمێسکیان بوو بە دەریا و
خۆر لێیدا

دواییش بوو بە هەور و
لە پاییزی ئازادیدا
تک تک
خۆیان بە سەر لەتە نانێکی کەڕاویدا باراند

## لە رۆژژمێری پێشمەرگەیەک

١٩٨٨/٢/١٦ شەقڵاوە

لە رۆژژمێری پێشمەرگەیەک
رۆژانی خۆشی و ناخۆشی
چەند هێلێک و چەند تیشکێکی
ئامانجداری تیا نوسرابوو!!
لە رۆژژمێری ئەو هاوڕێ یە پێشمەرگەیە
رۆژ و ساتی سەرکەوتنی مێژوویانەی
لەنێو بەری فاشیەکانی تیا درکا بوو
لە رۆژژمێری ئەو هاوڕێ یە...
لە دە مانگدا دیدەنێکی نیوەناچڵی
لێ نوسرابوو...
لە رۆژژمێری ئەو پێشمەرگە شۆڕشگێڕە
دوا هەمین یادگاری و دوا ماڵئاوایی
چەند دڵۆپە خوێنێکی سوور بوو
بە رۆژژمێریەوە لکا بوو

# بۆ هاورێی شەهید

١٩٨٨/٦/٣٠ هەولێر

ئەگەر لافاوی خوێنی تۆ
بەرهەمی ژانی خۆشەویستی بێت
یان گەڕانەوەی بۆ ناو دەروونت
تابلۆی نەخشینی ئێسک و گۆشتی سوور
سەربەستیەکەی دیلاکرواى هاوسەنگەری خۆت
وەڵامی زەبری بێ ماناو
زەنگی ئاگاییان بێت
تۆ هەر مرۆڤی ئەو رێگا دوورەی
ئەی هاوڕێی شەهید
کە بەردەوامی هاوڕێکانت بە دواتەوە دێت
بەڵێ ئەی هاوڕێ ی ئازیزم
چ لافاوی خوێنی باڵات
کە قەڵای ستەم دادەڕوخێنێ و
چ تابلۆی راستی ناو دەرونی خۆت
کە ئێسک و گۆشتی سووری گیانی
تۆ...دەیاننەخشێنێ
هەرودوو تەوژمی ئەدەنە دەستێ..کە میت و مووساد
تێک ئەڕوخێنێ

## سنور

١١/٢/١٨٩٨ پیرمام

له ژوانی دوو خۆشەویست
کلینکسێک و هەوای بۆنێکی خۆش... بەجێ مابوو
که رۆیشتن
کلینکسەکە زبڵدانێک دەستی فڕێدراوی ماچ کردو
هەوای بۆنی خۆشیش
گەردەلولێ هەڵی لووشی
کەچی له ژوانی مرۆڤێک و مردنیشدا
لاشەیەکی روو له ئاسۆ و
چۆراوگەی خوێنی دوا هیوای
سنوری وولاتێکی بێ ئالایان
نەخشاندبوو....

## بۆ خۆشەویستم

١/٢/١٩٨٨ کەڵەکین

(١)

خۆشەویستم
که هاتیه لام
ببوره لێم
گەر هەڵشاخین
به هەورازی سەختی ئامانج
زووری کردبێ دەستم
که راموسیت هەشیار دەبم

هێدی،هێدی
چاک دەزانی منی خاوەن ئەوینی تۆ
تامەزرۆش بم
ناشڵەقێنم گۆمی بێدەنگی
هەستت. هەستم

(٢)
خۆشەویستم
کە هاتیە لام
ببورە لێم
گەر سەرمای تووشی سەرماوەز
لە شەو ڕێی کرێکاران
ڕفاندبێ گەرمای لەشم
دوور بومە لێت
نە نەرمایی باوەشی داپۆشیووم
نە گەرمایی هەناسەشت ببوە زۆپام



# ئیسماعیل ئاودێر

ئیسماعیل محەمەد خدر - ئاودێر

لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی ماوەرانی گەورە نزیک شەقڵاوە لە دایک بووە لە بنەماڵەی حەیدەریانە

لە بەهاری ساڵی ١٠٧٥ دەستی بە نووسینی شعر کردووە

لە ١٩٨٧ ەوە بەرهەم بڵاوئەکاتەوە

لە زۆر کۆریی شعر خوێندنەوە لە شەقڵاوە بەشدار بووە

لە کۆنگرەی راپەرینی یەکێتی نووسەرانی کورد لە شەقڵاوە ١٩٩١ بۆتە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد

یەکێکە لە دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی رۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی شەقڵاوە

ئاودێر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە تا ئێستا وەک کتێب شعرەکانی بە چاپ نەگەیاندوون بۆ ئەم باسەش ئێمە شعرە بڵاوکراوەکانی بەڕێزیان لە ژمارەکانی شالووردا کردنە سەرچاوە.

ئاودێر وەک ئەوەی من سەرنج ئەدەم بە هەناسەی هەفتاکان و هەشتاکانەوە ئەنووسێت.

ئاودێریش وەک زۆربەی شاعیرانی دی لە ناو کەشی گشتی شعری قۆناغێکی درێژ و گەورە و گرنگی شعری کوردیدا نووسیویەتی و وەک ئەوانیش دەربڕی هەست و مانا گشتییەکانە.

پێشمەرگە و هیوا و وڵات و عەشق ،بابەتەکانی شعرین و بە هەناسەی خۆی پەخشییان ئەکاتەوە،دیسانەوە سۆزداریش بەشێکە لە وێنە شعرییەکان و زمانیشی زمانێکی رەوان و سادە و ئامرازی گواستنەوەی ماناکانە.

شعرەکانی ئاودێر شعرێکن ئێمە راهاتووین بە گوێ گرتنیان و بەئاسانی ئەتوانن پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا دروست کەن، دیارە ئاسانی پەیوەندییەکە بۆ ئاسانی خودی شعرەکان و ئاسانی دۆزینەوەی ماناکان ئەگەڕێتەوە.

دیاریشە تا ئێستا خوێنەری کورد بە گشتی بەدوای پەیوەندی ئاسان و مانای ئاسان لە شعردا ئەگەڕێت تا ئێستا شعری ئاسان خوێنەری زیاترە و پەیوەندی خوێنەری ئاسان و دەقی ئاسانیش زیاترە و بڵاوترە.

ئاودێریش یەکێکە لەو شاعیرانەی توانیویەتی بە ئاسانی پەیوەندی لە نێوان شعر و خۆی و خوێنەردا دروست بکات و شعرەکانی بۆ خوێندنەوە رەوان و بێ گرێ و گۆڵ بن و مێشکی خوێنەر نە ئەهەژێنێ و نەدێشێنێ و نەماندووی ئەکات!

دیاریشە ئەم شعرە وەک گووتم ماوەیەکی درێژە ئەنووسرێ و ئەدرێتە خوێنەر و خوێنەریش راهاتووە بە وەرگرتنی ماناکانی شاعیر و تا رادەیەکی باشیش خۆی تێدا ببینێتەوەو تێکەڵاوی شعرەکان ببێت.

دیارە ئێمە لێرەدا باسمان لە باشی و خراپی شعرەکانی ئەو قۆناغە و هی کاک ئاودێر نیە بەقەد ئەوەی کە لەرێی ئەم شاعیرانەوە ئەمانەوێ شتێک

سەبارەت بە شعری کوردی بە گشتی و هی شەقڵاوەش دیاربکەین و بزانین کا شاعیرانی ئێمەش چەند لەگەڵ قۆناغ و کاروانی شعردا تێکەڵ بووینە و چەندیش لێی دابڕاون و چەندیش لێی دەرچوون.

دیارە شاعیرانی شەقڵاوەش لەو کەشە گشتییەی شعری کوردی دابڕا و نەبووینە و بەگوێرەی قۆناغەکانی شعری کوردیش نموونەی شعریمان هەیە و شاعیرمان هەیە دەربڕی ئەو قۆناغانە و ئەو بابەت و مانایانەن کە بە شێوەیەکی گشتی لە شعری کوردیدا خۆیان نمایش کردووە.

لە ڕێی ئەم شاعیرانەشەوە بە شعرەکانییان ئەزانین کە گوڵزاری شعری شەقڵاوەش تەنیا یەک ڕەنگ و یەک بۆن نیە و بەڵکو لە نێوان ئەوانیشدا جۆرەها گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ و بۆندار هەن

کە بە هەر هەموویانەوە باخچەی شعری شەقڵاوە ڕەنگینتر و بۆن خۆشتر ئەکەن.

دیاریشە ئەم دەوڵەمەندییە سەرچاوەکەی لە بۆچوونی جیاواز و ڕوانینی جیاوازی شاعیرەکانەوە دێت و هەر یەکەیان لە بن کاریگەری جودا تەماشای شعر و نووسین و شێوازی نووسین و بیرکردنەوە وشێوازی دەربرینیش ئەکەن.

بێجگە لەمەش ئاودێر هەندێجار بە هەناسەیەکی کلاسیزمییانەوە ئەنووسێت و هەوڵ ئەدات تێکەڵی ئەو دونیایە دەوڵەمەند و جوانە بێت هەروەکو لە پێنج خشتەکییەکی دا لەسەر پەندێکی پیرەمێرد داناوە کە دیاریشە لێرەدا ئاودێر ئەیەوێت پەیامی پەروەردەیی و وەعز ئامێزانەی بەشێکی کلاسیکەکان بگوازێتەوە ناو شعرەکانی.

دیاریشە ئەمە نیشانەی ئەو تێگەیشتن و بۆچوونانەی ئاودێرە کە نەوەک تەنیا زمان ئامێری گوازتنەوەی ماناکانی بێت بۆ خوێنەر بەڵکو ئەشێوێ لە پاڵ ماناکانیدا بە زمانی کلاسیکەکان پەیام و بۆچوونەکانی خۆیشی بە شێوەیەکی پەروەردەیی ئاراستەی خوێنەر بکات:

## پێنج خشتەکی لەسەر پەندێکی پیرەمێردی شاعیر

کورسی و پایە و پول نەتفریوێنێ
بێنەوە یادت نەداری دوێنێ
توانای یەزدانە چیت بەسەر بێنێ
( دەوران دەوڵەتت لە دەست ئەسێنێ
بەڵام ناوی چاک تا سەر ئەمێنێ )
گەر کەوتە دەستت نەختێ کارو بار
رووشکێن مەبە بەتانە و هاوار
گەیشتی یە سەر قەل بە بازووی هەژار
وریابە دەوران نەتخەڵەتێنێ
هەر ناوی چاکە تا سەر ئەمێنێ

گەر ئازارت دی لەدەست زۆرکارێ
شکست هێنا لە پەلامارێ
هەمدیس بچۆوە لای بەهرەدارێ
با ئێمرۆش دەوران جێت بلەقێنێ
بەڵام ناوی چاک تا سەر ئەمێنێ

کە هاتیە دنیا رووت بوویت و تەنیا
لە ترسی کۆشش دەروونت گریا
ئێمڕۆت پێبڕا دوای هەزار بریا
دەوران زۆری تر دەبا و دەهێنێ
بەڵام ناوی چاک تا سەر ئەمێنێ

لە ئاخاوتندا بیرکەرەوە .. بیر
کێ لە کۆڕ دایە لە گەنج و لە پیر

به تەنها تۆ نیت خاوەنی تەکبیر
ئەوە دەورانە و هەڵئەسوورێنێ
هەر نتوی چاکە تا سەر ئەمێنێ

ئەگەر لێکەوتی رۆژێ لە رۆژان
بوویتە هاوریزی ئەشکەنجە چێژان
خۆتی بۆ شل کە وەک مردوو نێژان
( دەوران دەوڵەتت لەدەست ئەسێنێ
بەڵام ناوی چاک تا سەر ئەمێنێ )

لە بڵاوكراوەی شالوور ژمارە (٥) ساڵی سێیەم لاپەڕە ٣

## یادی نەورۆز

١٩٧٧/٣/١٥

چۆن بولبول بۆ گوڵ ئاواز ئەخوێنێ
دایک کۆرپەی دڵ بەناز ئەنوێنێ
چۆن دیمەنی جوان مایەی ئەندێشە
برین بێ هەتوان سەرچاوەی ئێشە
چۆن نالەباری هەست ئەبزوێنێ
نامەی دڵداری لاو ئەتەزێنێ
چۆن ئاگر ئاسن ئەتوێنێتەوە
ئاو.. گیا.. لە مردن ئەژێنێتەوە
بەهارمان زستان قاو ئەداتەوە

گەزیزەی کوێستان چاو دەکاتەوە
نێرگز و شەو با پەیام ئەنێرن
دەهۆڵ و زوڕنا داوەت ئەگێڕن
منیش بە خەندێک ئازا و ئەویندار
دەڕوێنم هەندێک نەمام و گوڵزار
کوڕ گەلی دڵسۆز بەیادی نەورۆز
جەژنتان پیرۆز نەورۆزتان پیرۆز

## هیوای کچۆڵەی پێشمەرگە

دایە .. دایە
کە لە بازێر گەڕایتەوە
بووکە شووشەم بۆ مەهێنە
چیدی گۆمیلکەی سەرنجم
بە هەڵبەزین و ئاکاری منالانە
مەشەڵقێنە
پێنووس و پەڕاوێکی پاک
تۆپێک ریس و
شیشکەی چنینم بۆ بێنە
لە هەنگاونان بەرەو خۆر و
کاری رەنگینم رابێنە
چونکە دایە .. ئەم بەهارە
بابە لە کاروان دێتەوە

ڕەنگە دەیان قۆناغی هیوابەخشتر
ببڕێ و جارێ نەسێتەوە
حەزم لێیە .. پووزەوانەی
دەسکردی خۆمی پێشکەش کەم
بەقامکە وردیلەکانم
کەزی و قژی پەرێشانی
داستانی پڕ لە سەروەری بنوێنمەوە
گەوهەر و مەرجانی وشەی فەرهەنگەکان
بۆ سروودی پێشقەچوونی .. بهۆنمەوە
لە مەکتەب و لە کۆلانا
بۆ هاوتەمەنەکانی خۆم
بەسەر بەرزی بیخوێنمەوە

١٩٨٧/١٢/٢٦

لە ژمارە (٣) ساڵی دووەم بڵاوکراوەی شالوور بڵاوکراوەتەوە لاپەرە ٤



# بیلال جەلال کاوانی

بیلال کاوانی لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی کاوانیانی بناری سەفینی سەرکەش لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٠ چۆتە بەر خوێندن، لە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلول کاوانیان سووتاوە و کەسوکاری روویان لە ئاوارەیی کردووە. لە ساڵی ١٩٦٣ لە هەولێر چۆتەوە بەر خوێندن، دواییش دەچێتە لای باوکی لە شاخدا لە ناوچەی باڵەکایەتی، دواتریش لەساڵی ١٩٦٤ چوونەتە سنووری خۆشناوەتی، لە هەمان ساڵدا چوونەتە کۆیە و دواتریش ناوچەی پشدەر، لەوێ قۆناغی سەرەتایی و پاشانیش ناوەندی تەواو ئەکات، لە ساڵی ١٩٧٢ خولیای شعری کوردی ئەبێ و ئەوین و خۆشەویستی وڵات وای لێئەکات عەشقی وشەی جوان و پاراوی کوردی ببێ.



# گاوەی خەسرەو گاوانی

مەحمود خەسرەو ناسراو بە (گاوەی خەسرەو گاوانی) لە ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی گەناوی ناوچەی پشدەر لەسەر سنووری ئێران لەدایک بووە .

لە ساڵی ١٩٨٨ - ١٩٨٩ بەشی پیشەسازی کیمیای پەیمانگەی تەکنەلۆژیای کەرکوکی تەواو کردووە.

لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی کردووە. تا ئێستاش چەندین بەرهەمی شعری بڵاوکردوونەتەوە لەوانە:

١ - هەنسکی خەم لە ساڵی ١٩٩٦

٢- کوردستانم بەهەشتە لە ساڵی ٢٠٠٠ کە شیعرو سروودن بۆ منداڵان.

٣- چاوەڕوانی لە ساڵی ٢٠٠٤

هەروەها چەندین شعری لە لە لایەن گۆرانیبێژانەوە کراونەتە گۆرانی.

به شێوەیەکی گشتی شعرەکانی کاک کاوەش وەک زۆربەی شاعیرەکانی قۆناغی هەشتاکان لەسەر بنیاتی سۆزداری و سیاسەت یان نیشتمانپەروەری شعری نووسیووە.
کەشی شعرەکانی نزیکن لە هەموو ئەو شاعیرانەی کە لەو قۆناغەدا شعرییان نووسیوە و لەم کتێبەدا ناویان هاتووە وەک زرار سەرتاش و شەهید هەژار و سەردار کاوانی و ئاودێر و ....، کاک کاوەش لە شعری خەونە هیواکان هەر دوو ئەو بنیاتەی تێکەڵ کردووەو ئەڵێت:

**لە دوو کانیاوا تێر ناخۆم**
**یەکیان چاوی تۆ**
**ئەوی تر کانیاوی بنار**
**زۆر دووری ئازاریان داوم**
**بەڵام هیچیان**
**وەک دووری تۆ و نیشتمانم**
**نامخەنە نێو لەپی ئازار**

× × × ×

**لە دوو باوەش**
**هەست بە ئارامی خۆم دەکەم**
**یەکێکیان باوەشی چیا و**
**ئەوی تر گەرمە باوەشت،**
**دوو تروسکە**
**هێمن بەخشی جەستەی منن**
**تروسکایی مانگە شەو و**
**دوو تروسکەی چاوی گەشت.**

× × × ×

**خەو بە دووهیوا دەبینم**
**خەونی یەکەم**
**بە یەکجاری بێیتەوە لام ، بێمەوە لات**
**خەونی دووەم**
**سنوورەکان بتوێنەوە و**
**وەکو گەلان ببین بە خاوەنی وەڵات.**

ئیدی لە خوێندنەوەی بابەتەکانی کاک کاوە بە ئاسانی ئەتوانین لەو بابەتانە بگەین کە بۆی نووسیون جا چ نیشتمان بێت یان خۆشەویستی و کچ، یان هەر بابەتێکی دیکە بێت، چونکە وەک شاعیرەکانی قۆناغی خۆی خاوەن زمانێکی سادە و ئاشکرا و روونە، بێ ماندووبوون تێت ئەگەیەنێ چی ئەڵێ، بابەتی قورسی هزری و فەلسەفی و تێرامانی نیە بۆ دونیا و ژیان و چەمک گەلێک کە شعری نوێ لێیان ئەکۆڵێتەوە. سەودای کاوە لە شعردا سەودایە لەگەڵ دونیای یەقن و دوور لە گومانەکان شتەکانمان بۆ باس ئەکات.

ئەگەرچی کاوە بەردەوامە لە نووسین و بەردەوام ئەنووسێت بەڵام بە هەمان نەفەس و هەناسەی ئەو قۆناغە و ئەو بنیاتانەی لەسەرەوە باسمان کردن.

## هەژدە گوڵی دەشتی خوێنم

پێشکەشە بەو هەژدە کچە ئەنفالکراوەی کە لە لایەن رژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٧ لە ژێر ناوی (بسم الله الرحمن الرحيم) درانە مەلهەکانی شەوانی میسر و تاکو ئێستا بێ سەرو شوێنن:

**هەژدە گوڵە بۆنخۆشەکە**
**دەشتی شۆڕش و خوێنی من**
**هەژدە گوڵە دزراوەکەی**
**لە نێو باڕی زۆرە ملێی**

کۆشکەکانی حوسنیا ون،
هەژدە دڵە بێ ئۆقرەکەی
تەلیسم کراوی ئەهرام
هەژدە مۆمیای جادووی نێوان
حوسنی موبارەک و سەدام،
ئەی هەژدە روحی بریندار
سەفیرانی ئازاری کورد
لەهەر کوێ بن
لە وەڵاتی غەریبیان
لە کۆشکەکانی فیرعەونا
ئاوێتەی جادووی زەمەن بن
لەهەر شوێنێکی ئەم کەونا
ئێوە موتربەی دار بەڕوون
ئێوە بەڵگەن ، زوحاکەکان
چەندە بێ شەرم و ئابڕوون.

## ئەمشەو یەکجار بیرت دەکەم

ئەمشەو نازانم بۆ هێندە بیرت دەکەم
چ نەسیمێک بۆنی تۆی بۆ من هێناوە
چ باڵندەی خەیاڵێکم
لەسەر پەڕەی باڵەکانی
تۆی بۆ لای من هەڵگرتووە
چ عیشقێکی سۆفیانەی جاویدانە
بەرگی وەبەر ژووری تەنیا و
مردووی بێدەنگیم کردووە
بیرت دەکەم زیاتر لە فراوانی بیر

دوورتر لە سنوری خەیاڵ
بە سوێتر لەو باڵندەیە باڵشکاوەی
خەو دەبینێت جارێکی تر بفڕێت بە باڵ
بیرت دەکەم
لە تامەزرۆی حەز زۆرتر
شێتتر لە شەپۆلی دەریا
بۆ سۆزو باوەشی کەنار
ماندووتر لە قەڵبەزی تاڤگەی بەرزاری
بۆ هاتنە خوار
بیرت دەکەم
هەرچەندە ئا لەو ساتەی کە تۆم ناسیووە
بۆم سەرابی
هەرچی دەیکەم
نە لە رۆح و نە لەبیر و نە لەسەرتاپای دەروونم جودا نابی.

٢٠٠٧/٣/٢١



# سەربەست مەجید خۆشناو (زانست)

هەندێ شعری کاک سەربەست مەجیدم بە دەست گەیشتن کە زۆربەیان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ - ١٩٨١ نووسرابوون، واتە بەر لە نزیکەی بیست و پێنج ساڵێک، دیاریشە لەو پەرتووکەدا لەسەر شعرەکانی زرار سەرتاش و ئاودێر و شەهید هەژار و سەردار کاوانی و بیلال کاوانی و محەمەد ئیسماعیلیش باسم لە بنیاتەکانی ئەو قۆناغە کرد ،کە زۆربەیان لەسەر بنیاتی سیاسەت و نیشتمانپەروەری و سۆزداری شعریان نووسیوە، دیاریشە کاک سەربەستیش بەهەمان شێوەوە خەریکی شعر بووەو ئەتوانین لەگەڵ ئەواندا پۆلینیان بکەین.

## نەورۆز

١٩٧٩/١١

کاتێ روانیمە لوتکەی شاخ
کڵپەی ئاگرم بەدی کرد
کە روانیمە تریسکەکەی
دەیان دیمەنم بەدی کرد
کوتکێکی پۆڵاشکێن و
زوحاکێکی ملشکاو
مێشکی پژاو
خوێنی رژاو
فرمێسکی سەر کوڵمی ئاڵی
مناڵی بێ باوکم بەدی کرد
ئەمە دیمەن
بۆ روداویش
بەربوونەوەی هەرزەکاری دەست بەسەر و
پەڕینی ملی زۆردار و
هەڵدانی ئاڵای ئازادیم تیا بەدی کرد

## خەڵات

١٩٧٩/١١/٢١

ئەکتەرێکی سینەمایی
بۆ سەعاتێک
خۆی دەخیلی نازدارێک کرد
خەڵاتی زێڕینی وەرگرت
من چەند ساڵە دەخیلی تۆم
کەچی ماچیشم وەرنەگرت

## زەنگی دڵ

١٩٨٠

لێئەدا زەنگی دڵ هەروەک
ئامێری ئەلەکترۆنی
کەبەرچاو ئەکەوێ تیشکی
بەهێزی سەدان فۆتۆنی
چ تەکنەلۆجیایەکە دڵ
وەرئەگرێت و پەخش ئەکا
ئەتبزوێنێ و سرت ئەکا
تەنها بە شەپۆلی نیگا و
بە سحری یەک چاکوچۆنی
بێ تەل و پاڵهێز و تەزوو
بە بێ جەمسەری کاربۆنی

## شیرینی تاڵ بەخش

١٩٨١/٨/٢٩

هەرچەند قسەی
رەق و سەخت و
غەمی تاڵم
بەسەردا دائەبارێنی
هەر شیرینی و
هەر شیرینتر ئەبی لە لام
ساقیش هەرچەند
شەڕابی تاڵ دابەش ئەکا
هەر شیرینە لە لای بێ هیوا و دۆستی جام



# هەندرێن حەمەدەمین گاوان

خاوەنی کتێبی مەگیرانی، کە کۆمەڵە شعرێکی تەڕ و ناسک و پڕ هزر و دیتن و ڕووانینمان ئەداتێ بۆ کۆمەڵێ چەمکی وەک تەنیایی و دووری و خۆشەویستی و غوربەت و سەفەر و وڵات و ژن و چیرۆکەکانی پیاوێک لە سەردەمی جیاجیادا. خوێندنەوەی ئەو کتێبە ئەکرێ لە چەند لایەکەوە بکرێت کە لێرەدا هەوڵ ئەدەین بتوانین خوێندنەوەیەکی بۆ بکەین بێ ئەوەی داوای ئەوەش بکەین کە خوێندنەوەکەمان خوێندنەوەیەکی یەقینی بێت و دوای ئەو خوێندنەوەیە ئەم کۆمەڵە شعرە خوێندنەوەی دیکە بە خۆیەوە هەڵنەگرێت.

## ناونیشانی کتێبەکە: ( مەگیرانی )

دیارە ناونیشان بایەخێکی تایبەتی ستاتیکی و هزری هەیە بۆ کتێب ، زۆر جار ناونیشان وەک دەرگەی بەرهەم وایە کە خوێنەر تیایدا و بەرێی ناونیشانەوە ئەتوانێت بیرێکی سەرەتایی لەسەر کارەکە وەربگرێت، زۆر جاریش ناونیشان ئەبێتە هەڵگری یان کورتکراوەی ئەو بیرۆکانەی شاعر لە ناو بەرهەمەکانیدا پێشبەرییان ئەکات، زۆر جاریش ناونیشان ئەبینین لە چەند وشەیەکی وەها پێکدێت کە ئەتوانن پێکەوە رستەیەک دروست بکەن و مانایەکی تەواومان پێ ببەخشن، یان ماناکانی ناو بەرهەمە شعرییەکانمان بۆ کورت بکەنەوەو لە دەستەواژەیەکدا چەندین مانامان بدەنێ.

لێرەدا من بە پێویستی ئەزانم کە بڵێم بە بڕوای من ناونیشان ئاوا ستاتیکی تر ئەبێت کە بتوانێت وێنەیەکی نوێی شعری بداتە خوێنەر، واتە ناونیشان بگاتە ئەو ئاستەی کە پرسیار بکات و خوێنەر عەوداڵی ماهیەتی بێت و خاوەن جوانی و ستاتیکایەکی شعری بێت و چێژ بەخشیش بێت، واتە ناوێک بێت کە بتوانێت یەکسەر پرسیار لەلای خوێنەر دروست بکات و لە جیاتی مانایەک بتوانێت چەندین مانا پەخش بکات. ناونیشانی زیرەک ئەو ناو و دەستەواژانەن کە ئەتوانن خوێنەر سەرسام بکەن و پرسیاری لە لا دروست بکەن و وای لێبکات کە یەکسەر بکەوێتە کرداری گەڕان و سوڕان بەدووی مانا یان مانا جۆراوجۆرەکانی ناوەکەدا.




دیارە مەگیرانی یەکێکە لەوناوانەی کە ئەتوانێت پرسیاری ئەوە دروست بکات کا مەگیرانی وەک ناوێک مانای چیە، واتە یەکەم جار مانا فەرهەنگییەکەی دوای ئەوەش دوای مانا فەرهەنگییەکەی ئەوا ئەتوانێت پرسیار لەسەر مانا مەجازییەکانیشی بکات، ئەگەر ئێمە بزانین مەگیرانی ئەو داواکارییانەن کە ژنان لە کاتی ئاوسیدا ئەیکەن و حەزیان ئەچێتە شتێکی تایبەت وەک ئەوەی گەڵێ

جار ژنان حەزیان لە شتی ترشە ، یان لە شتی شیرین ، ئەوە داوای ئەو شتانە پێی ئەڵێن مەگیرانی واتە ژنەکە مەگیرانی شتێک ئەکات.

ئەوە مانا فەرهەنگییەکەی ناوەکەیە، بەڵام ئایا هەندرێنی شاعیر ئەیەوێ لەرێی ئەم وشەیەوە چ مانایەک بە ئێمەی خوێنەر بگەیەنێ.؟

ئایا ئەیوێ پێمان بڵێت کە ئەویش مەگیرانی شتێک یان چەند شتێک ئەکات. یان ئەیەوێ بلێت هەموو مرۆڤەکان مەگیرانی شت ئەکەن؟ یان ئەیەوێ باس لە مەگیرانی مرۆڤەکان بە گشتی بکات و باس لە حەزومەراقەکانی مرۆڤ بکات و سەفەرێک بەناو ئەو بابەت و خولیایانە بکات کە مرۆڤ ئەیانکات و لەوێشەوە باسی ژیان و دونیا و هەبوونی مرۆڤەکان بکات لە رێی ئەو شەوق و مەراقانەی لە دڵ و روح و دەماغیاندا هەیە و دواییش باس لەوە بکات کــا ژیان چەند مــیـــهـــرەبانە و چەندێک لەو مەگیرانیانەی مرۆڤەکان ئەبەخشێت و چەندێکیش نابەخشێت؟

دیارە ئەوپرسیارانە شیمانە و گریمانەن و رەنگە هەندرێن خۆیشی مەبەستی بێت ئەو پرسیارانە لە رێی ناونیشانەوە بکات و رەنگیشە مەبەستی نەبێت. بەڵام شعری نوێ و ناونیشانی ستاتیکی ئەوەیە کە بتوانێت چەندین مانای جیاواز و وێکچوو لە خۆیەوە هەڵبگرێت و بکرێت لەگەل نووسەر هەم یەکبگرێتەوە هەم دژ بێت، باشترین ناونیشان و تێکستیش بە بڕوای من ئەوەن کە بتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر و درێژ لە ماناکانی شاعیر دوورکەونەوەو تەنانەت شاعر لە ناو بەرهەمەکەدا ببێتە شەبەح و شوێنەورای نەمێنێ و ئەو ئێمە راپێچ ماناکانی خۆی نەکات، بەڵکو ئێمە بە خۆمان بتوانین ماناکانی خۆمان لەناو تێکستەکاندا دەست نیشان بکەین، نەوەک شاعیر دکتاتۆرانە پێمان بڵێ ئەوەیە مانای حەرف و شعر و ناوەکانی من.

شعری نوێ ئەو ئازادییە کە خوێنەر لەناو تێکستدا بەرهەمی ئەهێنێت و ماناکانی خۆی لەبەرهەمەکەدا بەرهەم ئەهێنێ ، ئەگەر نا ناکرێت ئێمە تەنیا لەگەل ماناکانی شاعردا خوێندنەوە بکەین و کۆی بابەت و شتەکان لە روانینی شاعرەوە وەرگرین و هێ بەشدارییەکی کاریگەر لە دەقی شعرەکان و ناوەکاندا نەکەین. ئەو دەقانەی کە مەودا نادەن ئێمەش لە گەڵیاندا بفڕین و ماناکانی خۆمانی تێدا ببینەوە، دەقی یەک رەهەندی و یەقینین، کە تەنیا مانایەکمان ئەدەنێ و ئازادیمان نابێت لە خەلقکردنی مانای دیکە. کە ئەوەش مانای مردنی مانا و مردنی دەق و ناوەکانە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کە مەگیرانی یەکێکە لەو ناوانەی ئەکرێت هەر یەک لە ئێمە خوێندنەوەیەکی جیای بۆ بکەین و چەندین مانای جیاوازیشی بدەینە پاڵ بە گوێرەی ئەو خوێندنەوە تایبەتییەی کە ئێمە بۆ مانای فەرهەنگی وشەکە و مانا مەجازیەکانی وشەکە ئەتوانین بەرهەمی بهێنین.

## ماناكانی هەندرێن و ماناكانی من:

دیارە هەندرێن یەكێكە لەو شاعیرە نوێخوازانەی كە شعرەكانی ئەم بەرهەمەی ئەگەڕێنەوە بۆ دوای سەرهەڵدانی ١٩٩١، نوێخوازی بەو مانایە نە ، كە تەنیا لە رووی زەمەنییەوە شعرەكانی ئەكەونە نێوان ساڵانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠١ ، بەو مانایەش نە كە توانیویەتی خۆی لە بیناتە تەقلیدییەكانی دینی و سیاسی و كۆمەڵایەتی دەرباز بكات، بەڵكو بەو مانایەی شعرەكانی هەندرێن پڕن لە مانای نوێ، چ ئەو مانایانەی خۆی وەك خوێنەرێك نەوەك نووسەری شعرەكان مەبەستییەتی و چ وەك ئەو مانایانەی من وەك خوێنەر و نووسەری شعرەكە بەرهەمیان دێنم، واتە یەكێك لە خەسڵەتە نوێخوازییەكانی هەندرێن لە شعرەكانیدا ئەوەیە كە ئەتوانێ خۆی لە گەڵ خوێنەردا جێگۆركێ پێ بكات ئەتوانێ خۆی ببێتەوە بە خوێنەر بۆ شعرەكانی و ئەشتوانێ ئەو مەودایە بداتە خوێنەر وەك نووسەرێك بەشداری بكات لە بەرهەمهێنانی مانای تایبەت بە تێكستەكانی.

دیسانەوەش با بڵێم بەرهەمهێنانەوەی مانا بەو مانا سادەیە نا .. كە تێكستەكانی فرە رەهەندن و ئەتوانن مانای جۆراو جۆر ببەخشن، یان مانای جیا لە ماناكانی هەندرێن بە خوێنەر بدەن.




نەخێر من پێموایە نوێخوازی هەندرێن لەوەدایە كە ئەو بەرهەمێكی وای داهێناوە كە ئەو خۆیشی ئەتوانێ ببێتەوە بە خوێنەری بەرهەمەكانی نەوەك تەنیا بەمانایەك لە ماناكانی تێكستەكە رازی بێت، واتە تێكستەكانی ئەوەنین كە ئەو وەك نووسەرێك هەمووماناكانییان بزانێت و بزانێت بۆچ ئەو حەرف و ئەو نوقتە و ئەو فاریزەیە و ئەو خەت وسێگۆشەیەی داناوە. پێموایە زۆر مانای شاراوە لە ناو تێكستەكاندا هەن هەندرێن خۆیشی مانای تەواویان نازانێت و ناچارە وەك خوێنەرێك تەماشای تێكستەكانی بكات و بەدوای مانادا بگەڕێت.

من پێموایە یەکێک لە خەسڵەتەکانی شعری نوێ ئەوەیە کە دەق ئەوەندە ئازاد بێت و سەودایەکی ئەوەندە روحییانە بێت لە گەڵ چەمک و بابەتەکاندا کە شاعیر خۆیشی نەتوانێت کۆنترۆلی حەرف و وشە و زمان بکات، کۆنترۆلی مانا و ئاماژە و بەخشینەکانی تێکست بکات، نەتوانێت مانایەکی زۆر دیار و راشکاوانە بە دێرەکانی بدات.

واتە پەیوەندی نێوان شاعر و شعر پەیوەندییەک بێت زیاتر روحییانە بێت، نەوەک دینی یان سیاسی یان هزری یان سۆزداری یان کۆمەڵایەتی یان هەر بابەتێکی دیکە کە ئەتوانێت شعر بکاتە ئەو بابەتە،

واتە من مەبەستم نیە ئەوە بڵێم کە دەقێک ئەتوانێت خوێندنەوەیەکی سیاسی و هزری و دینی و کۆمەڵایەتیمان پێشکەش بکات ، بەڵکو دەق ئەتوانێت مانای بێ کۆتاییمان پێ ببەخشێت بێ ئەوەی شاعر وەک دکتاتۆرێکی بچووک مانایەک یان چەند مانایەک یان چەند خوێندنەوەیەکی جۆراوجۆرمان بداتێ.

خوێندنەوەی جۆراوجۆر لای خوێنەرە جۆراوجۆرەکاندا بەس نیە بۆ ئەوەی شعر و شاعرێک بکاتە نوێخواز، بەڵکو تەماسی روحییانەی شاعر بۆ چەمک و بابەتەکانی ژیان وەبوون و دواییش تێکستەکە ئەو توانایەی هەبێت ئەو تەماسە رۆحییە لە ناو خۆیدا هەڵگرێت و ئەو ساتانە بگرێت کە تیایدا روحی شاعر لە ناو چەمک و بابەتەکاندا بدرەوشێتەوە.

پێشم وایە چەکێک کە بەدەست شاعیر بێت بۆ پێکهێنانی ئەم هاوکێشەیە بە پلەی یەکەم روحی شاعیر خۆیەتی، یان راستتر بڵێم روحی شاعیرانەی شاعیر خۆیەتی،

هەندرێنیش یەکێکە لەو شاعرانەی بە روحییەتی شعرەوە ئەنووسێ، واتە شاعیرانە شعر ئەنووسێ نەوەک سیاسییانە یان فەیلەسوفانە یان هزریارانە یان کۆمەڵناسییانە یان دەروونزانییانە یان و یان هتد....

لێرەدا رەنگە پێویست بێت بەشێوەیەکی رونتر باس لە شعرییەت بکەین.

## شعرییەت و مانا

رەنگە یەکێک لە کێشەکانی شعر و شعرییەت ئەوەیە کە زۆر کەس پێی وایە شعر ڤالایە لە هزر، بەڵام ئێمە با بپرسین شعرییەت چیە..؟ و پەیوەندی نێوان شعر و مانا چیە؟

ئایا شعرییەت ڤالایە لە بیر..؟

با بەنمونەیەکی سادەوە دەست پێبکەین، زۆر جاران کە مرۆڤ لە کەشێکی خۆش

و نەشـــئـە بەخش و ئازاد دایە، ئەڵێ کـەشـوهـەواکـە شـــاعـری بوو..!! دیارە ئەم شاعرییبوونە پەیوەندی بە شعر نووسین یان خوێندنەوە نیە لەو کاتەدا. کە مرۆڤەکە تیایدا سەربەست و ئازاد و دڵخۆشە. دیارە لێرەدا شاعرییبوون بەمانای ئەوەدێت کە پەیوندی مرۆڤەکان و چەمک و بابەتەکان پەیوەندییەکە تژی مرۆڤایەتی و جوانی و ستاتیکا و ئارامی و خۆشی و چێژ و تەناهی و دڵنیابوون و ئارامگرتن. واتە مرۆڤ لە ساتێکدا تەباییە لەگەڵ دونیا و ژیاندا. مرۆڤ لە بەرامبەر چەمک و بابەتەکانی دونیادا مانای جوان و خۆش و چێژبەخشی بەرهەمهێناوە.

باشە ئەو مانا خۆش و چێژ بەخشانە چۆن بەرهەم ئەهێنرێن..؟

دیارە بۆ هەر پەیوەندییەکی مرۆڤایەتی مانا پێویستە، مانایەک لە نێوان مرۆڤ و بابەتەکاندا، جا هەر بابەتێک بێت، هەتابابەتێکی بێ ماناش بێت، بێ مانابوونیش لەو حاڵەتەدا مانایە لەو ساتەدا. ئەو مانایەش بەڕێی پەیوەندییەوە دروست ئەبێت، پەیوەندیش لە ڕێی هەست و بیرەکانی مرۆڤەوە، هەروەها نابێت ئێمە لایەنی روحیش لە یاد بکەین، چونکە هزر و هەست و روح پێکەوە سیستەمێکی هزری بۆ مرۆڤ ئەخوڵقێنن، و مرۆڤ بەو سیستەمەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەر و بابەتەکانی بەرامبەری دیار ئەکات و ماناو ناسنامەیان پێ ئەبەخشێت.

ڕەنگە ئێمە بزانین کە هزر و هەست یەکسەر ئەتوانن مانایان دروست کەن و بماندەنێ، بۆ نموونە مرۆڤێک کارێک ئەنجام ئەدات و ئەزانێت کا ئەو کارە باشە یان خراپ،؟ یان کە شتێک ئەگرین ئەزانین کا ساردە یان گەرم خۆشە یان نەخۆش ..بۆ نموونە؟

هزر و هەست زوو مانامان پێ ئەبەخشن، مانای دیار و ئاشکرا، بەڵام ڕەنگە شعرییەت تا رادەیەک جودا بێت، ڕەنگە ئەو هزری باش و خراپ یان هەستی خۆش و نەخۆشمان بداتێ، بەڵام زوو بە زوو مانای ئەو هەستانە نزانین. واتە ( باشی و خراپی .. خۆشی و نەخۆشی ) وەک دوو بابەتی بەرەنگار زەحمەتە لە شعرییەتدا بتوانن خۆیان بکەنە بەرهەم. لە شعرییەتدا ئەو مەسافەیەی لە نێوان باش و خراپیدا .. خۆشی و نەخۆشیدا هەیە، پتر و پتر فراوان ئەبێت وئەبێتە زەوییەکی تاریک و پێویست بە لێگەڕانی مرۆڤ ، لەو مەسافەیەدا مانا بە ئاسانی نادۆزرێنەوە و ئاشکرا ناکرێن.

واتە شعرییەت ئەگەر نەتوانێت زوو بە زوو مانایان بدۆزێتەوە و بەرهەمیان بێنێت، هۆیەکەی ئەوەیە ئەو لەو مەسافەیەدا هاتوچۆ ئەکات و ئەگەڕێت. ئەو مەسافەیەش بەردەوام پڕ ئەبێت لە سحر و نهێنی و سەراب.

مرۆڤ بەردەوام تیایدا ئەگەڕێت و هەر مانایەکیش ببینێتەوە ئەبێتە سەراب و

نابێته هەقیقەتێکی رەها.

واته شـــعرییـــەت دژی ســـتـــراتیـــژی ( قـســـه هەزاره و دووانی بەکـاره ) کـار ئەکات.لەلای شعرییتەوه هەموو قسەکان بەکارن و ئەتوانن خۆیان نمایش بکەن.

شعرییەت مانایەکی کۆتایی بەرهەم ناهێنێت. تا بۆ ئێمه قەناعەتێک لەسەر بابەتێک دروست بکات. دیاره شـعـرییـەت ئەتوانێت ( هەزار قـسـه ) دروست بکات. شعرییەت هزر و هەستێکی بەردەوامه که له ئاست چ مانا و هەقیقەتان راناوەستێت و بەردەوام ئەگەڕێت. واته شعرییەت هزری بەردەوامی مرۆڤه.

بەڵام ئایا له نێوان هزر و روحدا لێرەدا چ پەیوەندییەک هەیه..؟

دیاره هزر ڤەڕێژی هەستەکانی مرۆڤه. هەروەها سۆزەکانیش دیسان دوای دیتن و بیستن و تامکردن و بۆنکردن و دەستلێداندا پەیدا ئەبن و مرۆڤ درکیان پێ ئەکات، کاتێک مرۆڤ نەیتوانی ببێته خاوەن قەناعەتێکی بێ گومان و نهێنی هەموو شتەکانی بۆ ئاشکرا نەبێت، و نەیتوانی پەیوەندی خۆی له گەڵ هەموو شتەکان دروست کات، لێرەدا ئەومەسافەیه دەست پێئەکات، ئەو ماوەیەی له نێوان جەمسەرەکانی جووته بەرەنگارەکانه، له نێوان خۆشی و نەخۆشیدایه، له نێوان باشی و خراپیدایه، لێرەدا که مرۆڤ ناتوانێت مانایه هەقیقییەکان دەست نیشان بکات، وەڵامی یەقینی پەیدا بکات، روح لێرەدا .. بنکەی پرسیار دروست کردنه، که بەردەوام هزر و هەستان چالاک ئەکات تا زیاتر بیر بەرهەم بێنێت و مانای نوێ پەیدا بکات، وەڵامی نوێتر پێشبەر بکات و دیسانیش گومانی تر و گەڕانی دیکه داوا ئەکات، واته روح کـه سەرچاوەی ئەو گەڕان و سوڕانەیه. ماوەی نێوان هەقیقەت و گومانه، نێوان نهێنی و ئاشکراکردنه، ماوەی نێوان پرسیار و وەڵامه، پەیوەندی به بیرەوه ئەوەیه که بەردەوام داوا ئەکات هزر وەک چالاکییەکی مرۆڤایەتی بەردەوام خۆی نوێ و نوێتر بکاتەوه و له چ ئاستێکی مەبەستگەرایی و ماناداریدا نەوەستێت، و بەردەوام ماناکان نەفی بکاتەوه.

واته شـــعـرییـــەت بەردەوام مـــانا دروست ئەکـات و تەجـاوزیشـــیـان ئەکـات، مـەسـافـەیەکی بێ کـۆتاییه له نێوان بابەته هـاودژەکان و جـووته بەرەنگارەکـان و تێکشکاندنی ئەو سیستەمه هزریانەیه که بەردەوام بەرەو جەمسەرێکی هاودژەکان غـار ئەدەن و لەســەر مـانایەک ئەوەسـتن وەک چۆن دین و سـیـاسـەت و فـەلسـەفـه و زانست وا ئەکەن.

واته کـایەکـانی دیکه چەند له شــعـرییــەت دووربن ئەوەندەش له هەقـیـقـەت و یەقـینەکـان نزیکن، و شـعـریش وەک کـایەیەکی هزری و روحی، هەردەم دووره ل هەقیـقـەت و یەقینان، شعرییەت چ جاران مـانای دیار و ئاشکرا بەرهەم ناهێنێت

وخۆی ناداتە دەست هیچ هەقیقەتێک.

بەو واتەیە، شعر پێویستە تژی شعرییەت بێت، تا بتوانێ دونیا پری شعرییەت و جوانکاری و سەفەر و گەڕانی هزری و فڕینی سۆزەکان بکات.

لێرەدا شعر جودایە لە کایەکانی دی، چونکە نە دین و نە سیاسەت، نەیانتوانی دونیا ختمی شعرییەت بکەن، بەڵام شعری هاوچەرخ خەریکە ئەو کارە ئەنجام ئەدات.

لێرەدا دیارە ئێمە لە هەندرێن دوورکەوتینەوە، بەڵام ئەبوایە ئەو باسە روون کەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین دوایی باس لەوە بکەین کە هەندرێن یەکێکە لەو شاعیرە کەمانەی کە توانیویانە لە بن دەسەڵاتی مانا دەربچن و بتوانن شعر بکەن بە شعرییەت نەوەک شتێکی دیکە، کە دیاریشە ئەمە یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکانی نوێخوازی لە شعری کوردیدا و کە بەدەیان ناوی گەورە لە گۆڕەپانی شعری کوردیدا وەک نوێخواز ئەناسرێن و تەماشا ئەکرێن بەڵام دیسانەوەش شعرەکانیان تا سەر ئێسقان پڕن لەمانای سیاسی و دینی و هزری و فەلسەفی و کەمبەشن یان بێ بەشن لەو ئازادییەی کە لە دەرچوون لە بن دەسەڵاتی ماناکان بەرهەم دێت.

دیارە من لێرەدا قسەم لەسەر هەندرێنە و لەسەر شاعیرەکانی دیکە نیە بۆیە باشتر وایە بگەڕێمەوە لای هەندرێن.

## هەندرێن
## و دەرچوون لە دەسەڵاتی مانا:

دیارە من ئەمەویست ئەوە بڵێم کە هەندرێن نوێخوازییەکەی لەوەیە کە ئەو وەک مرۆڤێک خاوەن سیستەمێکی بیرکردنەوەی نوێیە، بیرکردنەوەیەک ئازاد لە بنەما دینی و سیاسی و هزری و فەلسەفی و زانستی کە وەڵامی یەقینی بداتە مرۆڤ. ئەگەر وا نەبوایە نەمانئەتوانی بە نوێخواز لە قەڵەمی بدەین.

**لە شعری ئاسماندا هەندرێن ئەڵێ:**

**( ئەوەی مێشی خۆشویست**
**روحی گوڵە )**

ڕەنگە لەم دێرەدا ئێمە هەست بەوە ئەکەین بەرامبەر وێنەیەکی شعری نوێدا ین، نوێ وەک خوێندنەوەی ڤەڕێژێک بۆ هزرێک بەرامبەر بە وەزیفە سروشتی و بایۆلۆژییەکانی زیندەور و روحی مرۆڤ، دیارە لێرە من ناتوانم ئەو وێنەیە ببمەوە سەر بنەمایەکی دینی یان سیاسی یان فەلسەفیش، ئەگەر چی بۆ یەکەمجار وامان دێتە پێش چاو کە ڕەنگە ئەم دێرە تەعبیر لە فەلسەفەیەکی تا سەر ئێسقان مرۆڤایەتی بکات، خۆ ئەگەر ئێمە لێرەشدا بوەستین و راڤەیەکی فەلسەفی بۆ ئەم دێرە بکەین، ئەوا ئەتوانین لە روحانییەتی نێرفاناو بودییەتدا نزیکی بکەینەوە .. بۆ نموونە، بەڵام من پێموایە ئەم راڤە فەلسەفییە لە شعرییەتی ئەو دێرەوە دوورمان ئەخاتەوە و وامان لێئەکات کە شعرێک بکەین بە فەلسەفە، فەلسەفە بەمانا تەنگەکەی ئەو پەیڤە، کە دیاریشە رەخنەی کوردی هەمیشە لە مانا تەنگەکانی فەلسەفەوە جۆرێک لە شانازییەکی هزری ئەبینێتەوە، کە من پێموایە ئەوە زادەی تێنەگەیشتنە لە ئەرکە قورسەکانی شعر و ئاسانکردنەوەیەتی بۆ مانایەک کە لە فەلسەفەوە بەرهەم دێت، بەڵام من پێموایە پێویستە و رەخنەی شعریش ئەوە کە بتوانێت لە روحی شعرییانەی شعر نزیک ببێتەوە نەوەک شعرمان بۆ بکات بە فەلسەفە.

دیارە ئەم دێرە کە کەم وێنەیە لە شعردا و ڕەنگە زەحمەت بێت کە ئێمە زیاتر وەک شعر بیخوێنینەوە نەوەک وەک دیرێکی فەلسەفی یان هەتا وەک فەلسەفەیەکی روحانیش ئەوە ئەگەر نەڵێم وەک دین.

ئەگەر راڤەیەکی سەرەتایی بکەین، ڕەنگە بڵێین کە مێش ئەو زیندەوەرە بێزەوەرەیە لە یادەوەریی ئێمەی مرۆڤدا، کە دیسانەوەش ئەو هەست و ئەو هزر و ئەو سۆزانەی بارگاوین بەدین و سیاسەت و فکر و تێگەیشتنەکانمان وایکردووە کە ئێمە ئەو زیندەورە بە پیس و پۆخڵ ببینین و بە جۆرەها شێوە هەوڵی کوشتنی بدەین و تەنانەت کوشتنی ئەم زیندەوەرە وەک پێویستییەکی ژیانی مرۆڤانەش تەماشا کەین.. با لێرەدا پرسیار بکەین و بڵێین بۆ ئێمە وەک مرۆڤ ئەوەندە دڵرەقین لە ئاست مێشدا ..؟ بۆ ئەو ناسنامە یەقینی و حازر بەدەستەمان داوەتە مێش کە پیسە و ئەبێت بکوژرێت و لە ژیان و ئێمەدا دوور بێت..؟ باشە دینێک کە سەرتاپای دونیا و ژیانی ئێمەی تەنیوە بۆ نەیتوانیوە ئەو رۆحەمان لە ناو بچێنێت تا نەیکوژین ..؟ بۆ زانستێک وای نەکردووە بەسکات لە بەرهەمهێنانی ( بف باف ) و جۆرەها کیمیا بۆ کوشتنی..؟ بۆ هزری ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی تەبایی لەگەل مێشدا پەیدا بکات .؟ بۆ فەلسەفەیەک نەیتوانی لەگەڵ مێشدا ئاشتمان بکاتەوە و خۆشمان بوێت..؟

کەچی هەندرێن بە دەربازبوون لەو هەموو بنەما و مانای ئەو بنەمایانە بۆ مێش دێت و پێمان ئەڵێت ئەو مرۆڤەی مێشی خۆش بوێت رۆحی لە گوڵە..، لێرەدا نوێخوازی لە سیستەمی هزری هەندرێندا هەموو تخوبە هزرییەکانی بەزاندووە و بە قسەوە روانینێکی نوێ و تەماشایەکی نوێمان ئەداتێ بۆ مێش و روحی مرۆڤ و تەماسێکی ئەوەندە قوڵیشمان نیشان ئەدات لە نێوان مرۆڤ و گوڵ و ماناکانی نێوانیان یان مرۆڤ و مێش و ماناکانی نێوانیان و پەیوەندی گوڵ و مێش و مانای نێوانیان و پەیوەندی مرۆڤیش بە زیندەوەرەکان و کاریگەری و ماناکانی ئەو پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤ و ژیاندا یان مرۆڤ و هەبووندا بە شێوەیەکی گشتی.

لێرەدا با ئەوە بڵێین باشە بۆ ئێمە رۆحمان نابێت بەگوڵ..؟ تا مێشمان خۆشبوێت..؟ ئایا تەنیا لەبەر ئەوە پێویستە کە روحمان لە گوڵ بێت بۆ ئەوەی مێشمان خۆش بوێت..؟ یان هەندرێن ئەیوێ بەم شعرەوە بێت و هەزاران پرسیاری دیکەمان بۆ دروست بکات و پێمان بڵێ ئەی مرۆڤ هزر بکە ئەگەر مرۆڤ روحی لە گوڵ بوو .. ئەو کاتە ئەبێت پێشبینی چ دنیاییەک بکەین..؟ وێنای چ هەبوونێکی ژیاندۆستانە و مرۆڤدۆستانە و جوانیدۆستانە و هەزار و یەک وەسفی دیکەی ژیانبەخش بکەین..؟

من پێموایە نە دین و نە فەلسەفەش و نەهزریش ناتوانن بە راڤەکانیان کە هەر یەکەیان ئەیانەوێ ئەو دێرە شعرە راپێی ناو دونیای خۆی بکات بتوانێ دەستەمۆی بکات و بڵێت هەقیقەتی ئەو دێرە شعرە وا لە لای من.

ئەگەرچی هەمووشیان ئەتوانن پرسیار دروست بکەن و راڤەیەک پێشکەش بکەن لەسەری ، بەڵام شعرییەتی ئەو دێرە لێرەوە دێت کە هیچ کایەیەک ناتوانێت هەقیقەتی ئەو دێرە پاوان کات و بڵێت هی منە..؟ چونکە شعرەکە پڕە لە شعرییەت و تەنیا و تەنیا ئەتوانێ بە ئیرادەی خۆی بچێتەوە ناو دونیای خۆرستی خۆی کە ئەویش شعرە، لەوێوەش بۆ ئەبەد مانای نوێ و راڤەی نوێی شعرییانە بۆ خۆی تۆمار بکات و نمایش بکات.

کایەکانی دیکەش تەنیا ئەتوانن لەدەرەوەی هەقیقەتی ئەو دێرە وە پەیوەندی لەگەڵ بکەن و ماناکانی خۆیان بەرهەم بێنن، نەوەک مانا شعرییەکانی ئەو دێرە.

واتە ئێمە ئەتوانین مانای سیاسی و دینی و هزری و فەلسەفی بەو دێرە بدەین، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەمە دواهەمین مانای ئەو دێرەیە، خۆشی و جوانی شعرییەتیش ئەها ئەلێرەدا یە کە هیچ کایەک ناتوانێت بیخاتە ژێر دەسەڵاتی ماناکانی خۆی.

# شعر و ڕووداو

دیاره شعرەکانی هەندرێن ئەگەر هەموویان نەبن، ئەوه زۆربەیان ڤالان له ڕووداو ، واته بنیاتی شعرەکان لەسەر ڕووداوێکی مێژوویی یان ڕۆژانی مللەتێک یان خۆی بنیاد نەناوه، واته هەندرێن له ساتێکدا بۆنمونه.. ژنێکی هەژاری برسی نەدیووه پێی داخبار بێت و بچێتەوه ماڵەوه شعرێکی لەسەر بنووسێت.

بنیاتی شعری لای هەندرێن زیاتر ئەو ڕوحەیه که لەسەرەوه تۆزێک باسم کرد، نەوەک ڕووداو، واته هەندرێن تەنیا چاوەڕێی ئەوه ناکات کارەساتێک بقەومێت و شعرێکی لەسەر بنووسێت، واته شعرەکان ئەو شعرانه نین که ڕووداوێکی دیار و ئاشکرای له پشتەوه ڕاوەستابێت، بەڵکو زیاتر شعرەکان زادەی ئەو ساتانەن که هەندرێن شعرییانه ژیان ئەکات و تەماشای دونیا و مرۆڤ و خۆی و خوا و ئازادی و چەمکەکانی ژیان ئەکات، شعرەکانیش بیرکردنەوەی ئەو ساتانەن که ڕوح تیایدا توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش ببێته بنیات و هەندرێن لەوێوه دیتنەکانی بنووسێتەوه، واته لەو ساته شعرییەدا کا ئەو دیتنه چی نیشان ئەدات دێت ئەو شتانه ئەنووسێتەوه.

واته ئەگەر شعر نووسین خۆنووسینەوه بێت که زۆر له شاعیران باوەڕیان پێی هەیه، ئەوا من پێم وایه شعر نووسین نووسینەوەی ئەو ساتانەیه که ڕوح تیایدا ئەتوانێت پێشبەرییەکانی خۆی له ساتێکی گەشانەوەدا بنووسێتەوه، واته شعر نووسینەوەی ساته گەشەکانی ڕۆحه، ئەو ڕۆحەی که لەو ساتانەدا له دین و دونیا دەرئەچێت و غەرقی گەشانەوەی خۆی ئەبێت، ئەو ساتانەش دیاره هەر جارێکه و به شێوەیەکی جیاوازتر یان چڕ تر دەرئەکەون و ڕۆشنایی ئەو ساتانەش له شعرێکەوه بۆ شعرێکی دیکه جیاواز ئەبن، واته ئەوەی به ئەزموونی جیاوازی شاعرەکان ئەناسرێت جیاوازی درەوشانەوەی ئەو ڕوحەیه له ناو خۆیدا له ساتی گەشانەوەیدا، ئەکرێت شعرێک زۆر گەش بێت و تا ئەوپەڕی دەرچوون له دەسەڵاتی مانا دەرچێت و هیچ ڕووداوێک پێی ڕانەگات، ئەشکرێت ساتێک بێت و گەشانەوەیەک له ڕووداوێکدا ببێته تەم و مژ بۆ نموونه،

گرنگ ئەوەیه شعر چەندی له ڕووداوێکی ڕۆژانی یان هەتا کاریگەریی ڕاستەوخۆی مێژووەوه دووربێت ئەوا زیاتر شاعری ئەبێت، واته نه ڕووداو و نه مێژوو نەتوانن ئەو ساته گەشانه لەناو خۆیاندا فەنا بکەن. بەڵکو ڕێک ئەبێت کردارەکه پێچەوانه بێت و شعرییەتەکه ڕووداو و مێژووەکان له ناو خۆیدا فەنا بکات.

دیاره لە شعرەکانی هەندرێندا رووداو و مێژوو لە ناو شعرییەتی ساتە گەشەکانی رۆحدا فەنابوون و شوێنەورای روون و ئاشکرای شعرەکان دیار نین، ئەوەش دیسانەوە بەڵگەی ئەوەیە کە هەندرێن زیاتر رامان و هزر و هەست و سۆزەکانی خۆی لە کەشوهەوای تایبەتی خۆیدا ئەیانکا بە شعر ، کە تیایدا ئەتوانێت مانای رووداوەکان لە کایە جیاجیاکانەوە بکا بە شعر.هەر بۆ نموونە لە شعری تێکەڵبوون دا ئەڵێت:

**( نامەوێ ئەمشە ماچ بدەمە مانگ**

**هەر وەکو ئەمڕۆ نەمهێشت خۆر تێکەڵم بێت**

**........**

**....**

**سەرخۆشانە تەئەمول ئەکەم و**

**تۆش لە مندا شەڕابانە ئەتوێیتەوە )**

لێرەدا دیارە هەندۆ باس لە شەوێک و رۆژێک ئەکات، بەڵام دیسانەوەش ئەو رۆژ و ئەو شەوە نابنە مێژوویەک یا رووداوێک بۆ لەدایکبوونی شعرەکە . ئەمشە و یان ئەمڕۆ لەزەمەنی شعرەکەدا ناتوانرێت بە مێژوویەکی دیاریکراو دەست نیشان بکرێت. بەڵکو زیاتر شەوێکە بۆ ئەبەد و لەهەر راڤەیەکدا وەک رەمزێکی زەمەنی بێ کۆتا تەماشای ئەکرێت و رەوشی سەرخۆشییەکەش دیسانەوە رەوشێکە بۆ کۆتا بەردەوام و ناکرێت ئەم رەوشە بە رووداوێکی تایبەتی مێژوویەکی دابنێین و بیبەستینەوە بە مانایەک وەک ئاماژە بۆ ئەو مێژووە یان ئەو رووداوە، وەک چۆن ناکرێت زەمەنەکەش بکەینە ئاماژە بۆ مانایەکی شعرەکە. شعرییەتی ئەو دێرانە لێرەدا لەوەدان کە توانیویانە هونەرییانە رووداوەکان راپێچی ناو مانا تایبەتەکانی شعر بکرێن و رەوش و دەمی کردارێک بن بە شعر نەوەک مێژوو.

واتە سەرخان لە شعرەکانی هەندرێندا لایەنە هونەرییەکانی ئەو ساتانەن کە روح تیایدا درەوشاوەتەوە، بنخانی شعرەکانیش رووحییەتی ئەو ساتانەیە کە رامان و تێفکرینەکانی هەندرێن ئەپێچنەوە.

واتە هەندرێن خاوەنی هەم سەرخانێکی پڕە لە خۆنووسینەوە، و هەروەها بنخانی شعرەکانیشی پڕن لە بنکەیەکی هزری و رامانکار کە لە ساتە گەشەکانی روحدا ئەیانووسێتەوە.

خۆ دیارە هەندرێن و زۆر شاعری دیکەش ئەتوانن بەرهەمی دیکە جگە لە شعر بنووسن و باس بکەن، بەڵام وەک رەخنە یان لێکۆڵینەوە یان هەر جۆرێکی دیکەی نووسین، لێ لەو ساتانەدا دیارە زیاتر بنیاتێکی هزری یان سیاسی یان فەلسەفی دەستیان ئەگرێت نەوەک بنیاتێکی شعرییانە. بۆیەشە نووسەرانی پەنا ئەبەنە بەر

جـــۆری نـووســـیـنـی دیکه چونکه لەوێدا زیاتـر هزر یـان فـــەلـســـەفـــە یـان رەخنـە پێشبـەرییـەکانی ئەوان ئەو نووسێتـەوە، نەوەک شـعرییـەت بۆیـە بەرهـەمـەکان ئەبنە شتـی دی و نابـنە شـعر ئەگـەرچی رەنگە هـەمـان ئەو شـتـانـەش بـڵێنـەوە کـە ئەوان لە شعرەکانیاندا بە شێوەی شعر باسی ئەکەن.

واته خۆ بابەتەکانی دیکەش هەر نووسینەوەی نووسەرە، بەڵام چونکە شـعر نین ئەوا بە ئاسانی ئەتوانین بابەتەکان ئاشکرا کەین و ماناکانیان بزانین، لە هەقیقـەتییـان بگەین، بەڵام لە شعردا نووسەر خۆی بە شێوەیەکی دیکە ئەنووسێتەوە ، لەسەر بنیاتێکی دیکە کە شعرییەتە نەوەک شتی دی. بۆیەشە ئاشکراکردنی ئەو بنیاتە زەحمەتتر و خۆشتر و چێژدار ترە.

نەفیکردنی رووداو و مێژووەکانیش لە ناو شعردا ، زیاتر ماناکانمان لە ناو روحی شاعر و شعرییەتدا نقووم ئەکات.ئەو مانایانەی کە وەک بابەتەکانی دیکە خۆیان نادەن بەدەستەوە و یەقینمان نادەنێ.

خۆ ئەو شعرانەی کە هزر یان فەلسەفە یان هەر بابەتێکی دیکەی جگە لە شعرییەتی بەسەردا زاڵە، ئەوا زیاتر ئەتوانین بڵێین ئەبنە بەرهەمێکی شـعری فەلسەفی یان هزری نەوەک شعری ئەدەبی. دیاریشە هەندرێنیش کەم و زۆر وەک زۆربەی شاعیران هەم شعری پڕ لە شـعرییەت و هەم شـعری پڕ لەمـانا و فەلسەفە و بیر نووسیوە. بەڵام دیاریشە شعرییەت تا ئاستێکی باش توانیویەتی لە زۆربەی دێرەکاندا ئامادەبێت و هەم خۆشی و هەم باشی و هەم شعرییەت بە بەرهەمەکان ببەخشێت.

**شتێ هەیە..؟**
**لە دەربەندی روحی تۆدا**
**ئەشکەوتێکم دەوێ**
**بەقەد باڵی پەپولە بێ**
**لەسەحرای چاوە پڕ سەرابیەکانت**
**ماچی خۆر و زەویم دەوێ**
**بە هەناسەی گەرمی ناخت**
**دەست لەملانێی نۆتەکانم و**
**بە نێو فەزای خۆشەویستیت**
**شیدەبمەوە**
**دە لێمگەڕێن**
**بەجێ گۆڕکێی ئەستێرەکان**
**نهێنی ژین ئاشکراکەم**

شتێ هەیە
هێندەی مرۆڤ جوانی هەبێ
گشت جوانیەکان
لە چاوانی تۆدا ئەزێن
شتێ هەیە
وەکو مرۆڤ لە گەورەیی
هەموو شتەکان
لە زاکیرە جێیان ئەبتەوە
دە پێم بلێن
ململانەی خودا و مرۆڤ چ ئەنجامە
دە پێم بلێن خۆشەویستی چ پێویستی بە پەیامە
سەرم کاسە و
روحم خرۆش
رۆژێ دادێ
لە میحرابە خوا هەلسێنم

١٤/١١/ ٩٦ هەولێر / مەگیرانی لاپەڕە ١٩

## مەگیرانی

سەری ئاوسم
لەوەگەورەتربێت بۆم هەلناگیرێ
ئەمە چ کەللە پڕ بەنێکی جوانە
ژانەکانی ئەمجارەم
لەهەمووجارێک بەلەزەتترە
وائەبینم
ئەم زاینەم
بوونێکی تا هەتاییەی بەدواوەیە
تادێ
کەللەم گەورە ئەبێ
لەم ژوورەداجێی نابتەوە

ئەبێ لە باخچەکان
لەژێرسێبەری گەڵا سەوزەکان
لەباوەشی بۆنەخۆش و کەساسەکان
بیانشارمەوە
ئەوبۆنانەی سالەهایە لە نشتمانی گوڵ دابڕاون
گەورەتربوونی کەللەم
ئابرۆچوونە
لەبەر چاوی ئەو نەفامانەی جوانی لەباخچەکان ئەدزن
ئەم ئاوسبوونەم
ئەبێ بدەمە دەست ئەو چۆلەکانەی
شەرم لە خواناکەن
لەمەو پێشتر چەندەها جار ئاوس کرام
لەمومارەسە نهێنیەکانی
منی مەکبوت و ژیانی تیاترۆ
کەفێری سەمای دەروێشان بووم
ژیانم ئاوس دەکرد
لەجەستەی ئافرەتێکی شەرمن
کەفێری سەمای پەپولان بووم
ژیانم ئاوس دەکرد
لەجەستەی ئافرەتێکی رووتی شەرمن
کەفێری سەمای ژیانبووم
ژیانم ئاوس دەکرد
لەجەستەی ئافرەتە سۆزانیەکان
کە لە هەموو ئەو سەمایانە بوومەوە
فێری سەمای خۆشەویستی بووم
لەئاوس بوونی ژیان لە خۆمدا
نهێنێکە تاکو ئێستا سۆراغی نەکراوە
ئاشکرابوونی
لە روناکی خۆر ئاسانترە
کەسێ نیە
لە پەناوە بۆی نەچێتە ژوان

کەسێ نیە
بە ئاگایی و بە بێئاگا
ئاوس نەبووبێ لێی
وەرن
سەیری شعرەکان بکەن
سەیری چیرۆک و رۆمانەکان بکەن
سەیری کۆر و کۆشک و ئەشکەوتەکان بکەن
سەیری مێژووی مرۆڤایەتی
لە رابردوو و ئێستا بکەن
جا ئەبینن
ملیارەها کەللەی ئاوس
کۆرپەکانیان لە بارچووە
ملیارەهاش لەگەل زاین خۆی مردووە
گەر لێرەوە دیقەت بدەن
لە میحرابی کاهینەکان
لە میمبەری پێغەمبەران
چاک ئەبینن
سەرە بێ لاشەکان چۆن ئاوسن
وەرنە ژوورێ لەدەرگا داخراوەکان
تاببینن
چاو چۆن ئەزێ
گوێ چۆن ئەزێ
لێو چۆن ئەزێ
لوت چۆن ئەزێ
زمان چۆن ئەزێ
خانەکانی لەشی مرۆڤ چ زاینێکی جوانیان هەیە
وەرنە ژوورێ
لەدەلاقەی ژوورە تاریکەکان
تا ئازاد بکەن روحی خۆتان
لەگەل سەمای ئەو مشکانەی
نان تەنیا بۆژیان ئەدزن

وەرن
لەکۆڕی خۆشەویستی
خۆتان لە چاوی شعر بخوێنەوە
بن بەخواردنەوەی ئەو حەزانەی ئەتانژێن
لە ناو خۆتان مەلەبێکی ئازاد بکەن
بۆ کردنەوەی ئەو گرێیانەی دایانخستوون
من لەژانەکانی ئەم منداڵبوونەم
خۆم ئەدۆزمەوە
ئەم کەللە پڕیەم لە ئاوس بوونێکی ئاسایی ناکا
ئەم زاینەم
لەبوونی هیچ زاینێک ناکا
کێ ئەزانێ
کێ ئاوسیکردم
کێ ئەزانێ
لە ناو کێدا ئاوسکرام
پرسیارێکە
من هەر ئەوەندەی لێئەزانم
مەگیرانی
بۆماچەکانی خۆشەویستم ئەکەم

١٨/٨/٩٩دیمەشق

لە کتێبی مەگیرانی لاپەڕە ٦١

هەناسەی خواوەند
مریەمی جەستەمی پڕ کرد
حەزەعیساییەکان
بوونە کۆرپەی سندوقی ترس
بە روبارە نهێنیەکان
کرانەوە
لەبەر دەم باوکی کاهینت
دایکی رەبەنت

ئەو حەزانەی
لەشیان لە روح جیاکرایەوە
لە ژێر دەستی
فیرعونی راڕایی
روحە پیرۆزەکان
لە ئاسمانی خەونەکانم
ئۆقرە ئەگرن
ئۆقرە ئەگرن
تا خۆری چاوەکانت
بکەن
بەمەجەڕە
مەجەڕەی
مەجەڕە بوون

٩٦/٦/٢١

لە سەردابی خەونە نارنجیەکان
جەستەم بۆتە
تالەمووی
پەنجە هەلوەریوەکانی خۆر
جەرمەسەی چرپاندنی چرپە
روحی کردووم
بە کانیلەی لیکاوی ئەجندەکان
شەڕی شەیتان لەگەل خواوەند
لەسەر ماچی خۆر و زەویە
کونەکانی ژێر دەریا بێ بنەکان
حەزەکانم ئەخەسێنن
ماسیەکانی لەشم
لە دەست بازی و
ماچ و موچ و
هەلگوشین و هەلمژینی یێک بێزارن
چوونە ژوورم لەم دەرگایە

سیرەی
لە خەو ڕاچڵەکینی
مریەمی دایکی عیسایە
خۆر
سوتانی لە تاو گەیشتنە بە دلی ئادەم
حەواش
لالاییێکی رەش هەلگەڕاوە
لە دەلاقەی چۆکی ئادەم
ئەو دەمە نا
ساتێکی تر
ورد و خاشە
تێڕوانین لە پەنجەرە
فلیمی سینەمایە
کونی ژوورەکانی بوک و زاوا
جێگای سەمای قالۆچانە
ئاوخواردنەوەی چاوە تێنوەکانە
دەرگا داخراوەکان
شەرمەزارین
ئەوەی کوندە پەپۆی خۆش نەوێ
تامی شەوی نەکردووە
لە ناو چاوی ریشۆلەدا
روناکی بوون
لە رەشیە
دیسان سەرداب
گۆرەپانی غارغارانێی مارمیلۆقان
شانۆی سەمای سیسرکانە
باخی لێک ئالان و
فەزای
تێکەلبوونی
هەناسەکان

٩٦/١١/٢٥



# هۆشەنگ شێخ محەمەد

لە ٢٢/٢/١٩٧٢ لە شەقڵاوە لە دایک بووە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شەقڵاوە خوێندووە.

لە ساڵی ١٩٩١ بەشی کارگێری قانونی ئامۆژگەی هونەری لە هەولێر تەواو کردووە.

لە سەرەتای نۆهەتەکانەوە ئەنووسێت یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی یانەی ڕۆشنبیریی شەقڵاوە و یەکەم لێپرسراوی یانەکەش بووە.

بەشداری لە زۆربەی چالاکییەکانی یانەی ڕۆشنبیری کردووە.

**تا ئێستا شەش بەرهەمی چاپکراوی هەیە کە ئەمانەن:**
**١ شعر دنافبەرا گومان و یەقینێدا/ رەخنە ٢٠٠٢**
**٢ نێرڤانا کۆمەڵە شیعر ٢٠٠٣**
**٣سەفەری نیوەی بکوژێک رۆمان ٢٠٠٤**
**٤گووتارێن ئەدەبی خوێندنەوە و رەخنە ٢٠٠٥**
**٥ ئەزموونی عەشق لێکۆڵینەوە ٢٠٠٥**
**٦ دەرچوون ژ دەسهەلاتا مانای٢٠٠٥**

**هەروەها چەندین بەرهەمی دیکەی شعری و لێکۆڵینەوەی ئامادەیە بۆ چاپ.**

## بێوەژنەکانم

١

ئیدی شەیدام هەمیشە دوای مردنیشم پەنچەرەکان بۆ ژیان بکەمەوە
دوای مردنیشم بەردەوام .. من وێڵم سەفەر بەرەو ئازادی بکەم
من ئومێدی هەبونێک بۆ خۆم و ژن و دەسگیران و برادەر و ئاژەڵەکان ئەکەم کە بە مردنی خۆشەویستان بێزار نەبن
کە ژنەکانم ئەبنە بێوەژن بتوانن بەردەوام گۆرانی بڵێن و .. هەمیشە پرچیان بە خەنە بێت و بۆنی مێخەک لە ناو مەمکیاندا بفرێت
هەمیشە لە دوای مردنەکانم ژنە خۆشەویستەکانم خۆشەویست بن و .. لە گەل دەسگیرانەکانم باسی ماچ و مووچەکان بکەن
هەمیشە باوەش بە منی پیاو و ئامێزیان لە بۆنی من وەردەن
هەمیشە با بەو ئاقارەدا بفڕن کە ئەیانباتەوە سەر نوینەکانی بێ ئاگاییترین سات و تێکەڵترین لە حزەی ژیان بە مەرگ و مەرگ بە ئازادی...
بیانباتەوە سەر جوانترین تەئەممول و خودترین ژن لە ساتەکانی مێیێەتیدا
دەبا هەمیشە ئەی ژنە جوانەکانم .. لەناو یەکدا تا دوا نوختە لێک دووربین و تا دوا لەحزەش وێک نەچین
وێک نەچین و لەیەک نەچین و پێک نەچین و هاوبەش بین........

٢

ئەڵێن دوای مردنی مێردەکان .. بێوە ژنەکان جوان ئەبن..
ئەمە راست بێت یان نە .. تۆ جوانتربە و عومرت بکە بە خەرمانەی بخور و تۆزی نێرگز
پرچت بکە بە قەتران و سۆمات پڕکە لە شیعر و کلی رەنگەکانی چاوی تاووس
وەک تریفە برژێ بەسەر هەوەسەکانی ئەڤین وجوانییەکانی دوای مردنم..

٣
مردن هەوەسی بێوەژنەکان ناکوژێت
ئەی جوانتر لە رەنگەکانی ئازادی و شۆختر لە یاسەمینەکانی رەهایی
جوان بە وەک ساتەکانی فڕین و کەوتنی جەستەی مەست بە بۆشایی شەهوەتدا
شل بە وەک ساتە بێهۆشەکانی بارین لە هەوەسدا
جوان بە ئەی شۆڕەژنی بالاتر لە جاویدانی ..
ژیان ... هەمیشە لە پەرچەمی تۆوە با برژێ
دونیا بەردەوام لە دیدەی تۆدا با بخەوێ و بێداربێتەوە..
تۆ هەمیشە خەون بە .. هەمیشە سەربەست......

٤
ولاتی بێوەژنان هەمیشە پڕە لە پیاو
شەرمین مەبە و ولاتەکەت رەنگینتر کە لەوەی مندالەکان رەنگەکانت لێ بسڕنەوە
پیاوەکانی ولاتی بێوەژنەکان هەمیشە لە تاریکیدا دێن و ئەچن .. هەمیشە لە شەودا وجودیان هەیە
بەردەوام وەک تارمایی ژیان ئەکەن.. بەردەوامیش بۆنی رێحان و قەنەفەر لە باخەڵیان تێکەل بە مێخەک و ئارەقەیە
پیاوێکن لەگەل بێوەژنەکان ئەبنە دوولەت لەتێک مەستی و لەتێک خەتا
لەتێک ژیان و لەتێک عەدەم

٢٠٠٤/٩/٢٠
**لە مانگانەی شالور ژمارە (٩) ( ٨) ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ بلاوکراوەتەوە.**

## عەشق

دهۆک ١٩٩٦/٧/٩

چیم لە تۆ خوشتر بوێ
ئاوازی تەمبوورێکی قەرەجان
یا کێلگە گەنمەکانی بەر خۆرنشین؟
وەرە .. لەپشت خەڵوەتگەکانی بوون
لە باخچەکانی یاخیبووندا ..
لە روخ رووبارەکانی پشت شەڕگەکان..

بخورە وەنەوشەییەکانی مناڵی
بۆ موناجاتە خوێنگەرمەکانی هەرزەیی داگیرسێنین
چەند خۆشە بێمەبەست هاورێ بین ؟!
بێمەبەست یەکتریمان خۆش بوێ!
وەک ئەو شیعرە رەهایەی
لە پیاسە بێمەبەستەکانی وشە گەڕۆکەکان .. لە دایکدەبێ

## تریفە ژن

هەولێر ٢٠٠٥/١١/٧

من لە بێدەنگی تۆدا ..چەند جوانم..
ئەی تریفە ژن..

× × × ×

من لە تۆدا
فێری عەشق نەبووم..
من لە ژندا فێرە میهرەبانی بووم
ئەی خودا

× × × ×

دڵت لە هێشووی ترێیەک ئەچێت
دەمیشت تاڤگەیەکی شەڕاب
من لە کتێبەکانی تۆدا فێرە بێدەنگی و شعر وخۆشەویستی بووم
ئەی ژن.

× × × ×

لە خوا فێرە مەراق بووم و
لە تۆوەش مێیانە خەم بخۆم

بۆ ژیانێک .. کە نابێتە پەڕینەوەی روحم
لە چەپەری نێرگزێکەوە بۆ ماچێک
لە دنکی هەنارێکەوە بۆ باوەشی دونیا..
لە مردنەوە بۆ هەر شتێک..
هەر شتێک..لە تۆ بچێ .. لە کۆتر بچێ..
لە گوڵ بچێ ....لە من نەچێ..

× × × ×

تا هەنگاو نەنێیت..
کەس بە شەل بوونی من نازانێت
تا دەستت بەرزنەکەیتەوە .. کەس بەگۆجی من
ناحەسیێت
من لە چاوداخستنی تۆدا ..
ئەبینم
دەچاو بکەوە بۆ بینین
بینینی .. خاڵخاڵۆکێک خەریکە ئەفڕێت
وێنەیەک خەریکە ئەدوێت
من خەریکە ئەبمە هەموو شتێک و نابمە مرۆڤ
دەچاو بکەوە بەسەر هەقایەتەکانی پیاوەتیمدا

× × × ×

من له بێدەنگی تۆدا .. له بێ ژنی تۆدا
جوان جوان و پیاو پیاوم
دەبدوێ و ناشیرینیم پەرشکه
ببه ژن و پیاوەتیم بوەشێنه
ئەی ژن..

ئەی کائینێک له رۆح..
من له تۆدا فێری عەشق و میهرەبانی بووم
نەوەک له خوا..

× × × ×

من له بێدەنگی تۆدا جوانم و
تۆش له قسەکانی مندا ..مەخلوقێکی لەجەسته
بەقەد هەرمێیەک دونیا ئەگری و
بەقەد دڵێکیش خوێن ئەکەی به دونیادا..
خوێنێک که سەرمایەته ..له جوانی مندا و
لەبێدەنگی هزری تۆدا..

× × × ×

فوێک بکه .. بەمەعریفەم..
تفێک به زمانم
ئەی تریفەی ژن
من له تۆوه فێری ماچ ئەبم
نەوەک له خودا

× × × ×

ئەی تریفەی شەنگەبی
بێوەژنانه بڕوانه روحی من و

با لەتۆوە خۆم ببینم ..
نەوەک لە خوا..

× × × ×

لە مابەینی تۆو خوادا
من هەناریکم پڕ لە سورەتی ژن و کائینێکم تژی لە تۆ..
لە بێدەنگی تۆدا جوان ئەبم و
دەنگم پڕ ئەبێ لە خوا..

× × × ×

لە بێدەنگی تۆدا
من پڕم لە تۆ..
لە ماچ ورێحان و پەرچەمت
پڕم لە کەلەپچە و جەلاد
تا بە قسە ئاوس ئەبیت
من بارانانە
ئەبارێمە سەر مەمکەکانت و
خوا پێمنالێت تۆ ناشیرینی
تەنیا تۆ .. ئەتوانیت
ببێتە گۆ و
پێم بلێیت
تۆ ناشیرینی ..ئەی کائینێک لە پیاو
نەوەک خوا.

# پیاوی بێ ژن و
# خوای دوای ئەنفالەکان

٢٠٠٦/٤/١٧

تۆش وەک ڕێحانەکان هەناسەی باخەوان تێکەڵ بە خاک و باخچە ئەکەیت
تۆش وەک ( با ) ئەباریتە ناو باخەڵی ئەم گەڵا دڵدارانەوە و ماچی هەورییان پێ ئەبەخشیت
وەکو باران ئەفڕیت بەسەر ماڵی لیمۆیە عاشقەکان و مەمکیان ئەخەیتە ناو پەنچەی ڕەنگەوە
تۆش جوانبە .. ئەی کوڕی هەتاو .. وەک سێبەر
تۆش فێنک بە وەک حکایەتی عەشق
دەنگێک با لەتۆوە بۆ ژیان بڕژێ بەسەر گەڵاکان و جۆگەکاندا
پڕشنگێک با لە لێوانتەوە وەک کوریکەی هەنارەکان بخزێتە پەنجەکانی منەوە

دڵخۆشبە ئەی کچی شەنگەبی لە نێو دەستی بارانێکی عاشقدا
دڵخۆشبە ئەی بەژنی قەتمەر لە ژوانی بۆن و ڕەنگی تریفەدا
بڕژێ .. بڕژێ بەسەرما وەک خەون داگیرم کە
وەک شعر پەرشمکە لە نێو زمانی گیا و حەرفی مێکوک و پنتی حەوزێکی پڕ خەیاڵ
ئەی بەژنی روناکی لە تاریکاییمدا داگیرسێ ..

× × × × × × ×

لە خامۆشیدا رووناکی دەست ئەخاتە ملی تاریکیو تاریکیش ماچی ئەکات
ئەوانیش ئادەمیانە تێکەڵاوی یەک ئەبن و لەناو یەکدی فەنا ئەبن
لێ زەمەن نازانێ لە ترسانە یان لە خۆشەویستی..؟!

پەلکێک لە داری ئەنفالەوە هەناسەی خوای تێدا وشک ببوو
گەڵایەک دەنگی خوای پێچابۆوە و بەو گوندەدا وەرببوو

دارێک پەنچە بێ رەنگەکانی خوای لەناو مەمکە وشکەکانیدا هەڵگرتبوو
رەگێک رووباری شیرێکی وشکەوەبووی بەهەشتی لەخورجینەکەی خۆیا بۆ خوا هەڵگرتبوو
تۆ بیرکەرەوە ئەی پیاوی بێ ژن
چەند لە خوای دوای ئەنفالەکان ئەچیت؟!

## زۆر جار لە بێزارییەوە
## خۆشم ئەوێی

لە برینێک ئەگەڕێم بتئێشێنێ
لە جوانییەک ئەگەڕێم بتخواتەوە
لە سوخمەیەک مەمکەکانت بشارێتەوە
ئەی رۆح خۆت .. ئەی تەبارەک خۆت

خەونم تۆی هەندێجار کە بەرووتی نوێژێکی مەستانە ئەکەیت و کەس نابینیت
خواش نابینیت..

ئازارم تۆی هەندێجار کە مەستانە بۆ خوا ئەگرییێت و دووگردەکان ئەسووتێنی و فوو لە خوێنم ئەکەیت

عەشقم تۆی هەندێجار بەو هەموو برین و جوانی و خۆزگانەوە .. پێئەکەنی و شێتانە باسی من ئەکەی هەروەک ئەوەی باسی پیاوێکی وەحشی ئەکەی..

خوێنم تۆی هەندێجار رووسورانە لەبەرامبەر پەلکە مێوێ دائەنیشی و باسی باران و مێکوک و هەور و سەراپای ژیانی خۆتی بۆ ئەکەی..

چیرۆکم تۆی.. هەندێجار شێواوانە شعر ئەڵێیت و لاکێشانە جگەرە ئەکێشیت و تەڕ تەڕ وەک هەورێکی بارگران لە بن باراندا بناڵێنی خۆت ئەکەی بە بن جەستەمدا
من و تۆ و دووکەڵی جگەرە و باران .. رووت رووتبە ناو یەکدیدا بۆ ئەبەد روو ئەچین..

هەندێجار نا کەمجار ئەبیتەوە ئەو چرا تاریکەش کە حەز لە رەنگ و رووناکی ناکات
کەمجار ئەبیتەوە ئەو دەریایەش حەز لە زەوی ناکات
کەمجار ئەبیتەوە بەو ژنەش حەز لە من و جەستەم ناکەی
کەمجار کەمجار .... ژنایەتی و خوێن لێک ئەتۆرێن وشەهوەت و ژەهریش وەک یەک نارژێن

کچێ لێگەڕێ با ئەوقسە قۆڕانە شاعیرێک بیکات کە هیچ لە تۆ نازانێ
کە هیچ لەو مەمکانە نازانێ
کەهیچ لەو خوێنە نازانێ
کەهیچ لەو گوشینە نازانێ .. کەهیچ لەو مژینە نازانێ

لێگەڕێ با ئەو باس جوانی بکات و ئێمەش جوان بین....

قوربانت بم
بۆچی نا .. دڵۆپ دڵۆپ لە باخێکەوە نەبمە ژەهر و لەسەر پشتی پەپوولەیەکەوە بتبمەوە ماڵی دووپشکێکی پیر
بۆچی نا ، لە سارایەکدا نەبمە شەهوەت و بەر ببمە گیانی لم و... زەوی خۆی تاوبدا..
بۆ چی نا.. دەریا بەدوام نەگەڕێ و داوا بکات زەوی چۆڵکەم

دەبا چۆڵیکەین ئەم زەوییە جوانە بەکەڵک ئێمەوە نایەت
ئێستا زەمەن بەدەستی سعاتەکانەوە نیە..
ئێستا رەنگی شوێن بەدەستی وەرزەکانەوە نیە

ئێستا تەنیامن و تۆ ئەتوانین .. لەو سەر زەوییەدا بە ئازادی جگەرەیەک بکێشین و لە ژووره تاریکەکەشماندا بێ جلک بنووینو تێر تێر تەماشای یەکدی کەین و بەیەکەوە پێبکەنین وەک ئەوەی دوو شێت لە ژوورێکدا یەک ماچ ئەکەن؟

ده لێگەڕێ قوربان ئەوەشیان بۆ رۆمانـنووسێک لێگەڕێ کە زۆر حەزی لە مۆسیقایە و حەزی لە کچە و حەزی لە ڤینۆیە و حەزی لە من و تۆشە..

لێگەڕێ وەک ئەم دوونیا بێ سەروبەر و جوانە، ئێمەش قژمان بدەینە دەست با و باش بدەینە دەست دڵمان

رووناکیش بدەینە دەست رۆحمان

لێگەڕێ ئەو مەملەکەتە بێ ئێمەش هەر جوان و رازاوەیە وەک شەوەکانی رێحان

وەک ئاوازەکانی شالوور

لێگەڕێ ئێمە رەسمێکی وامان نیە بیدۆڕێنین و رەسمێکی واش لە دونیادا ببەینەوە

دەبا بڕۆین بەو هەموو جوانی و برین و عەشقەوە بڕۆین

کەمجار هەیە جوان جوان وتەڕ تەڕ و نەرم نەرم و شتی تر بیت.

ئیدی زەحمەتە من تۆ و جوانی و نەرمی و تەڕی و شتی دی پێکەوە کۆببینەوە.

هەمیشە مەسافەیەک .. هەمیشە ترسێک .. هەمیشە رێگرێک .. هەمیشە جوداییەک لە نێوان من و تۆدا هەیە و ئەو نەبێت ئێمە عاشق نابین..

هەمیشە کتابێک و هەمیشە باوەڕێک و هەمیشە مەبدەئێکیش لەنێوان من و تۆدا هەیە و ئەو نەبێت ئێمە ئەبین بەیەک

هەمیشە لە نێوان من و تۆدا خوێنێک .. خوایەک.. هەتاوێک هەیە .. کەوامان لێئەکات بڕژێین بەسەر یەکدا و یەکدی رەوانەی جەهەنەم کەین

بڕۆ تۆ زۆر جار رۆیشتیت و .. منیش کەم جار چاوەڕێم کردوویت و زۆر جاریش گەڕاویتەوە و زۆر جاریش دەستت پێکردۆتەوە..

بڕۆ من و تۆش لەو زەوییە جوانتر نین رۆژانە پێی لێ ئەنێین .. من و تۆ لەو تاریکییە بەزەوقتر نین بە چرایەک میزاجی خۆی ئەگۆڕێ

بڕۆ تێکەڵی ئادەمییەکان نابین ئیدی

با لەگەل باران و خوا و گوڵ و ئەستێرە و هەور و چرا و گزنگ و هەناسەی ئەو کەونە گوێ لە خۆمان بگرین بە رووتی

تەماشای خۆمان بکەین لە قاقادا

بگرین بەسەر رۆحماندا لەکاتی گەشانەوەی لەگەل ئێمەدا..

با بڕۆین گیانە ئێرە بە کەڵکی ئێمە نایە زۆر جار

کەمجار ئەڕۆین ..با بێ سوخمە هەڵتبگرم و بەو باخانەدا بتگێڕم و نیشانی

باڵندەکانت دەم
هەرچی حەزی کرد با مەمکت ماچ کات
با بڕۆین و بەرووتی هەڵتگرم و بە پێکەنینەوە
من پێت بڵێم چەند بێ مانایت..
تۆش بڵێیت چەند بێ مانایت..
.. ئەی ئەی ئەی ی جوانی چەند بێمانایت..

زۆر جار من لە بێزارییەوە خۆشم ئەوێیت.

## زایۆن

٢٠٠٦/٦/١٥

راپێچم کە ئەی مەیئوسترین بای عەدەمی میهرەبان
راپێچم کە بۆ جەهەنەمی ماچەکان و بۆ پێدەشتی ئاوێزانی
راپێچم کە ، تاریکترین ساتی خوێنم بۆ تۆ
راپێچم کە،ئەی سووتاوترین رێحانی ترس

ساتێکە کوژانەوەم لە ناو تۆدا
عومرێکە چرات لە روحی مندا
من لە نێوان تۆ و خۆمدا .. عەترێکم مەست بە سێبەری مەمکەکانت
من لەنێوان خۆم و تۆدا .. عاشقێکم بریندار بە سۆزی پەنچەکانت

دە راپێچم کە ، پەریزادە .. بەرەو جەهەنەمەکانی عەشقێک
من هەمیشە ئاوسم بە باران و نێرگز و ماچ
راپێچم کە ، بۆ سەیتەرەکانی بەهەشتێک.. بەماچ نەفەر ئاودیوکەنە باخەکانی

خۆشەویستی
راپێچم کە، بۆ پێچەکانی هەوەستێک، کەقەت بەرد ناگرێتە هەتاو
بەرد ناگرێتە بەرد

ئەی تەجەلای نور .. هەر بە رووتی بێ ستیان و بێ رەنگ
بموەشێنە ناو تاریکایی خوێنت
پەرتم کە بەسەر پەلکەکانی رووبارێکی بێدەنگ
بمخۆوە ..وەک لیمۆی سەر مێزێک کە چاوەڕێی دەستێک ئەکات بۆ گوشین
چاوەڕێی لێوێک ئەکات بۆ مژین

من بێزارم لە بەهەشت و لەم کارانەی خوا ئەیکات
من بێزارم لە جەهەنەم و لەوکارانەی خوا نایکات

من خەتابارم لەو ماچانەی کە نایانکەم
من گوناهکارم لەوانی دیش.....

من لەنێوان ئاهەنگێک و ئاهەنگێکدا ئیمانێک ئەگۆڕم

لە نێوان ئیمانێک و ئیمانێکدا .. بێمانییەک هەروەک چاوە رەشەکانی تۆ

خۆشم ئەوێی بە سادەیی ..
کە بێ ستیان مەمکانت ئەخەیتە پەنجەم..
کە بێ ستیان مەمکەکانت ئەخەیتە دەمم
کە بێ ستیان مەمکەکانت ئەخەیتە چاوم
کە بێ ستیان مەمکەکانت ئەخەیتە روحم
کە بێ ستیان .. کە بێ ستیان.....چ گەمەیەک بەو مەمکانە و بە من ئەکەی...

لێت تورە نابم بەکورتی
خۆشەویستیت .زۆر جار بێ مانایە..
زۆر بێ مانا خۆشم ئەوێی

زۆر بێ مانا خۆشت ئەوێم..
زۆر بێ مانا یەکترمان خۆش ئەوێ...
بێ ماناشە.. کە قەت نە لێت تورە ئەبم و نە بەردت تێئەگرم و نەگەمە بەمەمکەکانت ئەکەم کە بێ ستیانن.

شتی قۆڕ لە تۆدا هەیە
هەندێ شتت هەیە هەرگیز لە شتی عاشقەکان ناکات
هەندێ شتت هەیە هەرگیز لە شتی دزەکان ناکات
هەندێ شتت هەیە هەرگیز لە شتی بێکارەکان ناکات
هەندێ شتت هەیە هەرگیز لەهی قەحپەکان ناکات
کەچی ئەوەندە عاشقانە ماچم ئەکەیت و ئەوەندە دزانە ماچم ئەکەیت و ئەوەندە بێکارانە ماچم ئەکەیت و ئەوەندە قەحپانە ماچم ئەکەیت.

لە بێ مانایی من و تۆدا .. ژیانێک هەیە وەک کەوسەر

ئای ژیان لە تۆدا چەند خۆشە!

## مەزدای رۆح

٢٠٠٦/١١/١٠

لە وێرانەی جوانییەکانمدا بەسەر پەرچەمەکانی تۆدا پێکەنینم ئەرژا
ببورە ئەی خودا .. ببورە مەزدای رۆحی پەراگەندەی من
پێدەچوو لەو دەشتەدا شتێک نەمابێ لە سینەمدا
شتێک نەمابێ لە باخچەکانی هەبوون و فەنابوونمدا

ئەی تریفەی مەرقەدەکانی شعر و گوڵی مەرکانەکانی حەرفە تۆزاوییەکانم
زایۆنێکم گەرەکە .. بە ماچ بمکەیتە جەلاد

وەرە تێکەڵی ئەو جگەرەیە بە کە لەناو دڵمدا خوێنم ئەمژێ
وەرە بمکوژە ئەی عاتیفەی دڵبەر
وەرە و هەڵمگرە و بە مێلاقەکانی هزرتەوە وەک رێحان بمگوشە

لیمۆیانە بەسەر مەمکەکانتدا لێوم بکە بە باران و با تێکەڵ بێن
با شەهوەت و عەقڵ و پەنجە و رۆحمان بکەینەوە بەناو یەکدا
وەرەوە من لەدەرەوەی تۆدا تۆفان ئەمبا
زریان ئەمکوژێ .. خوا ئەمدزێ
من لە دووری تۆدا .. مەسافەی پەنجەکانم و سوخمەکەت تادووری جەهەنەم درێژ ئەبێتەوە
لەدەرەوەی تۆدا کراسێک یەخەی سەرخۆشە بە عارەقەو
دەماغێک بێهۆشە بێ بۆنی خۆشەویستی

ئەی خودای من بمدەرەوە .. هێزی ڤین و قودرەتی شەوبۆ
بمدەرەوە ئەی مەزدای ناز .. بمدەرەوە رۆشنایی و سەفای وەنەوشە

بە تولەرێی چی ئەگەمەوە دڵت ئەی نوێژی تاڤگە بۆ ئاوی ژیان
بە رەنگی چی ئەگەمەوە بەر سێبەرت ئەی فەنابوونم

بیمارانە بەسەر حەزمدا گۆرانی ئەڵێم و چاوانم لە رووناکایی پەنچەکانتەوە ئەگەرێن
من چیم داوە لەو سوحبەتە بێ ئامانە
لەو تەئەمولە بێ بەرائەتە

من لەرەگەوە هاوار ئەکەم .. لە زریانەکانەوە توندتر بەسەر ئەم ژیانەدا ئەرشێمەوە
بێ مانا لە باخچەیەک نوێژبۆ من مەکە
بێهوودە لە ئێوارانی سەرخۆشیدا بە دوای مندا مەگەرێ
من ئەوەتام غەرقم لە ژیان و لە سەربوردەی پیاوە تورەکان

من تەنیام و نامەکانی با ئەدەمە دەست پەلکی چنارێک تا بیداتە رووبارێکی شەیدا
شەیدا بە تۆ
شەیدا بە ئاوسبوونی تۆ لە پەلکە رێحاندا

من تەنیام و چاوەکانی هەتاو ئەدەمە دەست چرای بخورێک تا بیگەیەنێتە مەعبەدێکی مەراق
مەراق بە یادگاری و وێنەکانی تۆ لە بەهەشتدا

من خۆم ئەدەمە دەست خوا .. تا بمداتە پێغەمبەرێکی دانا لە عەشق و سۆفی لە مەحەبەت
خۆم ئەدەمە دەست یاخیبوون .. تا بگەمە شەڕەکانت
خۆم ئەدەمە دەست شێتبوون تا بگەمە حیکەمەتەکانی ئازادی و سنوورەکانی خۆشەویستیت

ئەی مەزدای من .. بە چی تێکەڵت بم ؟
بە کتێب و شەڕاب و شعر .. یان بە جگەرە و دڵ و هەناسەم

بەچی بێمە بەر چاوەکانت .. بە سوژدەی فریشتەیەکی رووت یان بە شەڕەکانی عەشقێکی پڕ لە حیکمەت
چۆن پێت بلێم خۆشم ئەوێی ؟
خوێن برێژم یان گۆرانی ...

چۆن پێت بلێم بیکوژە .. ئەو دووڵییە بکوژە کە دووری ئەیچێنێ..

گوێ لە ترپەی دڵ و خشپەی پێم بگرە
چاوە دەستنووسەکانی پیاوەتیم و ئازادیم لە باوەشتدا

بڕوانە ئەو رۆحە .. لەدەرەوەی تۆدا چەند بەدبەختە

لێگەڕێ با بەدبەختی ئەم وڵاتە کەمێک بەسەر گوڵەسپییەکانی باخچەی ئەم شەوەدا خۆی نمایش کات

ئێمە لەوەرزێکداین خۆی داوەتە دەست دزیکەرەکانی رەنگ
لە بەهاری عەشقێکداین کەس پیاسەیەکی تێدا ناکات
لە هاوینی حورمەتێکد داین کەس بە پیرۆزی نازانێت
لە زستانی فیراقێک داین کەس بۆی ناگرییێت
لە پایزی مەرگێک داین کەس تەرمێک نابینێ

من و تۆ لە چاو ژیاندا ئەوەندە گچکەین لەسەر پەلکی هیچ عەشقێکدا جێگە ناگرین
من و تۆ لەچاو ئازادیدا ئەوەندە بێ ئاسمانین لەسەر باڵی چ دەستورێکدا نافڕین
من و تۆ ئەوەندە تەڕین لەدەفتەری هیچ تەڵەبەیەکی ئیبتیدائیشدا حەرفێکمان لەسەر نانووسرێت
من و تۆ لەو بێ میهرییەدا رێ ناکەین نا..
من و تۆ لەو وشکایەتییەدا نابینە رەنگ

ئاک

٢٠٠٦/١١/١١

ئەبینم تۆ وەک پەپولەیەک بەسەر باڵەکانی مندا ئەسووتێیت و بەسەر روحمدا وەک بۆنی بخور ئەڕژێیت
من ئێرەییم بە خۆم دا دێتەوە کە ئەبینم ئەوەندە جوان وەک سەماکەرێکی رۆژهەڵاتی لەرەی مەمک و روحت ئەبارێنیتە سەر کتێبەکانم
ئێرەییم بە خۆمدا دێتەوە .. من بەرگەی ئەو هەموو جوانی و فڕینەی تۆ ناگرم
من هەمیشە مەست بووم بە بۆنی کتێب و هزر و شعرەوە
کەچی ئێستا چاوت کانگای پەیڤە و روحت سەرچاوەی فڕینی من و بۆنت سروشی ژیانە
تۆ ژیانی منی نەوەک کتێب و خوێندنەوە
تفی لێوەکانت چەند لە نووسین تەڕتر و ئاوی مەمکەکانت چەند لە شعر خوناوتر

من لە تۆدا چەند لە خۆم خۆمترم
من لە ناو دەستەکانی تۆدا چەند ئاقڵ و حەکیمم
ئەی حیکمەتەکانی شوێنە موقەدەسەکان .. بە ئێوە شەڕێکم پێنەکرا وەک شەڕی پیرۆزی تریفە

بە ئێوە کۆششێکم پێنەکرا وەک کۆششم بۆ چاوەکانی تریفە
ئەی تریفە برژێ بەسەرما وەک با تێکەڵم بە
من کتێبەکان تورِ هەڵئەدەم و خۆم ئەکەم بە نێو مەمکەکانتدا
شعرێکی ئەم گەردوونەم ناوێ کە ناوی تۆی تێدا نەبێت
من شەڕێکم ناوێت کەلەسەر ماچێکی تۆ نەبێت
من حیکمەتێکی ئەو ژیانەشم ناوێت کە نەمگەیەنێتەوە بە چاوەکانت

من لە ئێوارەکانی تۆدا ئەگەمە شەوەکانی ژن
پیاسە لەگەڵ کۆتر و ستران و شعر و مۆسیقا بێ مانایە کە لە هەوارەکانی سینەی تۆدا نەبێت
تۆ بەهەشت نیت .. بەڵام مەمکی هەموو حۆرییەکان لە سینگی تۆدا تام ئەدەن
تۆ ئازادی منی لە مەملەکەتی مێبووندا
تۆ هەواری منی لە خوێندنەوەی سێکس و چێژ و ژیاندا
من ئێرەییم بە خۆم دێتەوە کە بستێ زەویم نیە و لە جەستەی تۆدا خاوەنی هەموو جوانییەکانی خاکم
من ئێرەییم بە خۆمدا دێتەوە کە ژنێکم نیە لەم دونیایەدا و لە روحی تۆدا لەزەتی هەموو مێیەکان ئەچێژم

من خەیاڵم لە تۆدا
من تەمەنێکی ئەوەندە درێژم .. پێغەمبەرەکانیش ئێرەییم پێ ئەبەن

من ئێرەییم بە خۆم دێتەوە .. کە خوا لە سەحەردا هەواڵم ئەپرسێ و ئەڵێ نوێژم بۆ مەکە ، باسی جوانییەکانی دوێنێ شەومم بۆ بکە
ئەڵێم ئەی خودا باسی چیت بۆ بکەم؟ گەردونێک بوو دوێنێ شەومم تۆ لە هیچ قولاجێکییا دیار نەبوویتدەعوەتت کەم
دەعوەتی بینینی جوانییەکانی تریفە و شۆخییەکانی من لە باوەشی رەنگ و شەڕی گوڵە ئەرخەوانەکان
تۆ لێرە نەبوویت ببینیت جەنگی ژنانە و پیاوانەی ماڵی من چۆن دار و بەرد و خەلیاقەتەکانی تۆی سەرخۆش کردبوو
تۆ لێرە نەبوویت ئەگەر نا تۆش کفرت ئەکرد و ئەهاتیتەوە سەر زەوی
لێگەڕێ با بۆت باس نەکەم ئەگەرنا تۆش ئێرەییت بە مندا دێتەوە

ئەو ئەڵێ کوڕەکەم بۆم باس بکە ..
ئەی کوڕە چاو جوانەکەم باسی جوانییەکانی دوێنێ شەومم بۆ بکە

دوێنێ شەو بێ دەستی تۆ گوڵ لە چاوەکانم روابوون
پەنچەکانم ببوونە چرا .. سینگم ببووە رەزی ترێ و بۆنی شەراب لە هەناسەم ئەهات
پشتم ببوە باخی ماچ و گەردەنم هاڵاوی لەززەت
بنکەوشم ئەستێرەی لێ ئەرژاو خوناو لە کونیلەکانی لەشم ئەبارین
ماڵم ببوو بە گوڵزار و دوگردێک نەمابوو نوێژی لەسەر بکەم
پێویستیم نە بە تۆ و نە بە شیعر و نە کتێبان هەبوو
خۆم ببوومە تۆ و کتێب و شعر و گوڵ
ئەوەندە جوان و تەڕو ناسک ببووم وەک ئەوەی قەت ناوی تۆم نەبیستبێ
ئەوەندە خارا بووم هەرگیز هەستم بە ئێشی ئایەت و شەڕەکانەوە نەئەکرد
ئەوەندە ئێرەییم بە خۆمەوە ئەهات وەک ئەوەی لە کەڤڵی بنیادەمەکانەوە چووبمە دەر و هیچ نەناسم
ئەوەندە سەرگەرم بووم .. شتەکان بە منەوە سەرخۆش ببوون
دوێنێ شەو کەس نەیپەرستوویت
دوێنێ شەو کەس ناوی نەهێناوی
دوێنێ شەو شەوی جوانییەکانی من بوو ئەی خودا

دوێنێ شەو من بووم ژن پیرۆزی ئەکردم و ئەیپەرستم
من بووم سەد جار بە قوربانم ئەبوو و ماچی ئەکردم
لەسەر سینەم نوێژی بۆ ئەکردم و ئەیکردم بە خودای تاکانەی خۆی
من بووم تامی بەهەشت و تاڤگەکانی جوانیم ئەدا
من بووم ئەرژامە ناو خوێنی ژن و هەڵمئەگرتن
هەڵمئەگرتن بۆ کەشکەلانێک کە تەنیا منی لێبوو
تەنیا منیان ئەدی و خۆیان بە قوربان و فیدا ئەکرد

ئەوان لە چاوی منەوە مەست ئەبوون و رووناکی دەستی منیان ئەخستە ناو مەکەکانیانەوە
ئەوان بە هەناسەی منەوە سەرخۆش ئەبوون و بۆنی منیان ئەخستە سینگیانەوە
ئەوان بە منەوە ئەیانزانی ژنن و پیاوەتی منیان ئەخستە روحیانەوە
دوێنێ شەو ئێرەییم بە خۆمدا ئەهاتەوە کە پیاوەتی من لە تۆ گەورەتر و بە هەیبەتتر بوو

دوێنێ شەو من لە تۆ گەورەتر بووم ئەی خودا.

دوێنێ شەو پێویستم بە زمان و قسە و تەعبیر نەبوو
جەستەم ڕێبەری ژیانی ئەکرد
جەستەم نەخشەی شەڕەکانی ئەکێشا
جەستەم جوانییەکانی کۆئەکردەوە بۆ ئەوەی هێرش بەرنە سەر سەنگەرەکانی ژن
جەستەم ئەدوا لەگەڵ ئەو ژنانەی نە ئەوێران تەماشام کەن
نە ئەوێران چونکە ئەترسان زوو خۆ بەدەستەوە بدەن
ئەترسان خۆ بەدەستەوە بدەن و رسوا بێن
ئەترسان منیش وەک تۆ دڵڕەق بم
ئەترسان زۆر لە تام و لەزەتی جەستەم ئەترسان
کەیەکەم ژن لە یەکەم هێرشدا خۆی دا بەدەستەوە
ئیدی هەموو ژنەکان پیرۆز بوون
هەموو ژنەکان بوونە یەک تاقەژنی رەنگاو رەنگ
هەموو ژنەکان ببوونە تریفە و لەناو هەلاڵەکانی جەستەی مندا نگوو ئەبوون
ئەڕژان وەک بارانێکی رەنگین و کوڵکە زێڕینە بەسەر مندا بزر ئەبوون
ئیدی من ببوومە خاکی پیرۆزی ژنەکان

ئیدی دوێنی شەو دەرسێ بوو پێی گووتم تۆ خاکی پیرۆزی ژنەکانی نەوەک خوا!

منیش تێگەیشتم تریفە خاکی پیرۆزی لەززەت و چێژی منە نەوەک شعر و کتێب
نەوەک قسە و تەعبیر
نەوەک گۆرانی و مۆسیقا و رووناکی
توڕە مەبە ئەی خودای من کە لەو سەحەرەدا جوانی لە هەناسەمەوە ئەڕژێت و ئەو قسانەت بۆ ئەکەم
توڕە مەبە خوا جوانەکەی دوور لە من و ماڵەکەی من لە دوێنێ شەودا
توڕە مەبە من هەر ئەوەندەم کە خاکی پیرۆزی ژنەکان بم و خۆشم لە تامی تریفە ئەگەڕێم
هەر ئەوەندەم ، روحم لە مشتی مندا نیە و هەوا و هەوەسی خۆشم لە شوێنێ شک نابەم
من هەر ئەوەندەم هەیە بۆ وتن ئەی خودای من !



# لەیلا مستەفا مەحمود خۆشناو

لە سالی ١٩٥٩ لە شارۆچکەی شەقلاوە لە دایک بووە، مەلبەندی پێ
گەیاندنی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردوە بەشی دەروون زانی
مندالان.هەر لە مندالّیەوە خولیای هۆنراوە و مۆسیقاو گۆرانی بووە.
کار و چالاکیەکان لە خویندنی سەرەتایی دا لەگەڵ تیپی مۆسیقای
سەفین بووە، لە هەموو بۆنە نەتەوایەتی و چالاکی قوتابخانەکاندا
بەشداری کردوە، لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییدا بە هاوکاری
کارمەندانی نەغدا بەشی مندالان بۆ رادیۆی بەغدا هەشت گۆرانی بۆ
مندالان تۆمار کردووە، لە گۆڤار و چاپەمەنیەکاندا چەندین
هونراوەی بۆ مندالان بلاوکردۆتەوە و بەشداری نمایشی شانۆی کردوە.

## شارەکەم

من کچێکی وەکو بووکم
پەروەردەی شاری کەرکوکم

دەوڵەمەندە خاک و خۆڵم
پری نەوتە دەشت و دۆڵم

شارەکەم داگیر کراوە
رۆژی لێ زەوت کراوە

تاکە هیوام ئازادی یە
بێتە دی ئەم شادی یە

لە ناو خاک و وولاتم
زۆر بە هیوا و ئاواتم

هەلدەم ئالا و بەیداخم
لە مێژە بۆی بە داخم

## پشە سپی

پشیلەی من خرپنە
دەستە مۆیە و شەرمنە

تووکەکەی گەلێ جوانە
وەکو بەفری کوێستانە

سپی رەنگ و چاوشینە
خۆلیای یاریی تۆپێنە
پشیلەکەی من جوانە

گەڵێک خڕو خەپانە
ڕاکە پشەی جوان و ژیر
وا بۆم هێناوی پەنێر
دەی زووکە وەرە لای من
ئەی پشە خرپنەی من

## شیعر بۆ منداڵان

### خۆزگە

من منداڵێکی مەردم
گەڵێک بە دەست و بردم
زیرەک و دانا و وریام
گەڵێک بە خۆزگە و بریام
لە ناو پۆلدا ڕەوانم
هەروەک پشکۆی ژیانم
زۆر بە هیوا و ئاواتم
کۆڵ نادەم لە خەباتم
کاری ئەمڕۆ دوا ناخەم
بۆی پەرۆش و بە داخم

### کۆتر

ئەی کۆتری باڵ ڕەنگین
ڕەنگاوڕەنگی مل نەخشین
بفرە بفرە لە ئاسمان
بۆنا و دەشت و دۆڵی جوان
لێدە چەپڵە و شەقەی باڵ
ئەی کۆتری چاو بە خاڵ
موژدەی ئاشتی بهێنە
گولاومان بۆ بڕژێنە



# سیروان واحد خۆشناو

سیروان واحد خۆشناو لە ساڵی ١٩٨٤ لە دایک بووە . خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی ( سافی ) دەست پێکردووە. قۆناغی ناوەندی لە ( شەقڵاوەی ) کوڕان و ئامادەیشی لە ( دەنگارە ) تەواو کردووە

لە ساڵی ٢٠٠٢ دەستی داوەتە شعر نووسین لە چەند کۆڕێکی شعری لە شەقڵاوە و هەولێر و دهۆک بەشداریکردووە.

لە چەندین بڵاوکراوە بەرهەمەکانی بڵاوکردوونەتەوە، وەک روانین و خەباتی قوتابیان.

جگە لە شعر نووسین لە هەونەری وێنەکانیشدا شارەزاییەکی تەواوی هەیە و لە چەندین پێشانگە بەشداری کردووە.

دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردەی بنیات بەشی کوردی.

سیروان یەکێکە لە دەنگە نوێ و تازەکانی شەقلاوە ,شتی سەرنج راکێش لە شعرەکانیدا ئەوەیە کە شاعیرێکە خەریکی خۆ نووسینەوەی خۆیەتی کە ئەمەش شعرییەتێکی باشی داوە بە شیعرەکانی سیروان خەریکی تۆمارکردنی ئەو هەست و ئێش و ئازارانەی خۆیەتی کە لە ئەزموونەکانی لەگەڵ ژیان و عەشق و جەنگ و بابەتەکانی دیکەدا ئەیانکات. شعر لای ئەو زیاتر دەریچەیەکە بۆ چوونە ناو ناوەوەی خۆی و نووسینەوەی خەون و خەیاڵ و حەز و مەراقە مرۆڤایەتییەکانی.

دیارە من پێم وایە یەکێک لە خەسڵەتە بنەماییەکانی شعر خۆنووسینەوەیە خۆنووسینەوە لە شعردا تایبەتمەندییەکە شعرییەت ئەخوڵقێنێ و هەروەهاش شعرییەتیش ئەو دەریچەیە بۆ ئەوەی جوانکاری و روحی شاعیر دوورا بە کۆتەکانی دین و سیاسەت و هزر و فەلسەفە نیشان بدات لێرەدا پێم باشە تۆزێک لەسەر ئەم خاڵە زیاتر قسە بکەم.

## شعرلە نێوان خۆنووسینەوە و خۆسڕینەوەدا

ئەگەر چاوێک بە ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی شعری کوردیدا بخشێنین ئەبینین سەرەرای بنیاتە جۆراوجۆرەکان بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دوو وێنەی بەرچاو و بەرجەستە ئەبینین کە ئەویش وێنەی خۆسڕینەوە و خۆ نووسینەوەیە.

دیارە ژمارەیەکی زۆر لە ئەزموونە شعرییەکان خۆسڕینەوەن و ژمارەیەکی زۆریش خۆ نووسینەوەن.

لە زۆربەی ئەزموونەکانیشدا ئەوانەی خۆیان ئەسڕنەوە لە شعرییەت دوور ئەکەونەوە و ئەوانەیش کە خۆیان ئەنووسنەوە لە شعرییەت نزیک ئەبنەوە.

ئەگەر بە پێناسەیەکی کورت بڵێین شعرییەت لە گەوهەری خۆیدا ئەو شوناسە بناغەییەیە کە تێکست هەڵیئەگرێ ئەوە ئەڵێین شعرییەت ئەو گەوهەرەیە کە لە بنەما دینی و سیاسی و هزری و فەلسەفییەکانەوە دوورە و لە رۆحی شاعیر و هەست و بابەتە ناوەکییەکانی شاعیرەوە نزیکە.

یان بڵێین شعرییەت ئەو شوناسەیە کە شاعیر ئەیداتە چەمکەکان و زیاتریش ئەو شوناسانە لە ناوەوەی خۆیدا لە رۆحیانەتی خۆیدا لە دایک ئەبن و بەسەر تێکستدا پەرش ئەبن.

واتە دەنگێکە سەرچاوەکەی عەقڵ و ویژدان و پێگیریی شاعیر نیە بەمەسەلە نەتەوایەتی و سیاسی و حزبییەکانەوە بەڵکو دەنگێکە توانیویەتی ئەو هەموو شتانە لەناو خۆیدا فەنا بکات و ببێتە دەنگێکی شعرییانە.. رۆحیانە لەناو زمانی شاعیردا بێتە دەر و ئاوێتەی نووسین بێت

بەرهەمی شعری زیاتر ئەو دەنگانەن کە رەنگ و تامی خۆی لێوە دێت نەوەک هی کایە و بابەتی دیکە.

شعر نە تێکستێکی دینیە و نە گووتارێکی سیاسییە و نەراڤەیەکی فەلسەفییە و بە لێکدانەوەیەکی زانستیاینە و نە بیرکردنەوەیەکە لە خوێندنەوە جۆراوجۆرەکاندا.

بەڵکو زیاتر هاواری ئەو روحەیە کە شتەکانی لەناو خۆیدا فەنا کردوون و ناشیەوێ بەیەکێک لەو بابەتانە بگاتە ماناکان.

گەیشتن بە ماناکان تەنیا لەرێی ئەو دەنگەوە ئەبێت کە تامی هیچ لێنایەت تەنیا تامی شاعیر خۆی و شعرییەتی خۆی.

شاعیر لەو حەلەدا نە پێشمەرگەیە و نە فەیلەسوفە و نەمامۆستایە و نە پیاوی دین و نەژنی هەڵوێست؟!

شاعیر تەنیا شاعیرە و لە گەوهەری خۆیدا هەڵگری هیچ نیە جگە لە شعرییەت نەبێت.

دیاریشە تەنیا ئەو دەنگانەی توانیویانە هەڵگری ئەو شعرییەتە بن خۆیان نووسیوەتەوە و مێژوو و رووداوو کارەسات و سیاسەت و فەلسەفەیان نەنووسیوەتەوە.

دیاریشە ئەوانەی زیاتر خەریکی مێژوو و کایەکانی دیکە بوونە لە شعردا ئەوان زیاتر خۆیان سڕیوەتەوە و شتی دیکەیان نووسیوەتەوە.

دیارە تا ئێستاش زۆرێک لە رەخنەگر و شاعیرە نوێخوازەکان بڕوایان بە کۆمەڵە ناوێکی سەیر هەیە وەک شاعیری سیاسی و شاعیری فەیلەسوف و شاعیری بەرگری و شاعیری کۆمەڵایەتی و هتد....

بەڵام ئایا ئەو ناوانە چەند تەعبیر لەو شعرییەتە ئەکەن بەو گەوهەرەی کە شعرییەت خۆنووسینەوەی ئەو روحە بێت کە کایەکانی دیکە نەیگەنێ و کۆنترۆلی نەکەن؟!

دیارە سەرەتا دین وەک کایەیەکی بەهێزی کەلتووری لە ناو کورددا ئەو رۆڵەی هەبووە کە شاعیری مەلا دروست بکات و شعری دینیش وەک جۆر و وەک بنیات ببێتە بەرهەم و خەرمانێک لە ئەدەبیاتی کلاسیک دروست بکات

لە سەرەتای سەدەی بیستەمیش دوای ئەوەی سیاسەت دێت و ئەبێتە کایەیەکی بەهێز لە ناو شعردا شاعیری سیاسی دروست ئەکات و لە هەفتاکان و هەشتاکانیشدا ئەگاتە چڵە پۆپەی دەسەڵاتی خۆی

دوای ئەمـانەش هزر و فـەلسـەفـە دێنە گـۆڕەپان و لەسـەر دەسـتی شـاعـیـرانی نەوەدەکـان و تا ئێستـاش چەندین ناوی بۆ دروست کـردووین کـە شـاعـیـری فەیلەسوفن؟!

دیاریشە بە درێژایی ئەو کاروانە شاعیر هەبوونە هەمیشە زیاتر هـەوڵیان دابێت کە خۆیان بنووسنەوە و لە زۆرینەی دەنگەکاندا دووربن و بە پەراوێزیش کرابن.

زیاترین دەنگە دیارەکان رەنگە لە سـەردەمـانی خـۆیاندا ئەو دەنگانە بووبن کە لە کایەیەک نزیکتر بوونە لە شعر.

ئێسـتـاش رۆژنـامـە و گـۆڤـارە کـوردییەکـان پڕن لەو تێکسـتـانەی کە پرشن لە فەلسەفە و مەعریفە و هزر نەوەک شعرییەت.

دەرگـەی زۆربەی گـۆڤـار و مـیـدیای کـوردیش بـۆ ئەوانە کـراوەترە کـە لەناو ئەو کایەیاندا تێکستی زۆر و زەبەندمان ئەدەنێ.

بەردەوامیش دەنگە نوێخوازەکان کەمتر دەرئەکەون و ئەزموونەکانیان لە رووی رەخنەییەوە بایەخیان نادرێتێ.

بەڵام دیاریشـە دەم و سەردەمەکان کە دێن و ئەڕۆن ئەتوانن ئەو ئەزموونە جوانانە و پڕ لە شعرییانە بپارێزن و لە سـەردەمی دیکە و شێوازی دیکەی بیرکردنەوە و هەست کردن بە جوانی و ژیان ئەو تێکستانە ئەدرەوشێنەوە و شاعیریەتی خۆیان ئەسەلمێنن.

رەنگە زۆربەی نوێخوازەکان لەسەردەمی خۆیاندا تێکستەکانیان بە جۆرەها ناو و ناتۆرە زرا بن و بە قسـەی قۆڕ و وڕێنە و بێ مـانا و بێ زەوقی و هتد وەسف کرابن بەڵام دیسـانیشـەوە رۆژی خـۆیان هـاتووە و وەک ئەزمـوونی دانسـقـە و شـعـری ناسنامەی خۆیان سەلماندووە.

دوور نیـە دوای مـاوەیەکی دیکە زۆربەی ئـەو تێکسـتـانەی ئـەمـرۆ ئەنووسـرێن فـەرامـۆش بکرێن و ئـەو تێکسـتـانەش کـە تۆزیان لەسـەر ئەنیشـێ ببنە دەقی راستـەقینەی شـعری و گـەوهـەری شـعرییـەتی خـۆیان بدەنە خـوێنـەر خـوێنەرێک کە تێئەگات کێ خۆی نووسیوەتەوە وکێ خۆی سڕیوەتەوە.

دیارە لێرەدا ئەگەر تۆزێک لـە کاک سیروان دوورکـەوتینەوە بەڵام پێویست بوو بۆ ئەوەی بزانین کـە ئەزموونەکانی شاعیرانی شـەقڵاوەش برێکی زۆریـان لەوانەن کە خۆیان ئەسڕنەوە و هەندێکیشان ئەوانەن کە خۆیان ئەنووسنەوە.

دیارە کـاک سـیروانیش یەکێکە لەوانەی کە بە هونەرییـەوە خۆی ئـەنووسێتـەوە و ئەیەوێت خۆی دونیای شعرەکانی خۆی بێت نەوەک شتی دیکە.

واتە خـۆی گـرژەنـەی شـتـەکـان بێت نەوەک شـتـەکـان گـرێژەنەی ئەو بن. بۆیەشـە شعرەکانی پڕن لە دەنگی خۆی و هاواری روحی خۆی نەوەک شتی دی و دەنگی دیکە.

سیروان لە زۆر شعردا مەراقی مرۆڤێکی عاشق ئەنووسێتەوە و لە قوڵاییەوە باسی ئەو روحە عاشقە ئەکات و عەشقیش ئەکاتە ژیانبینیێکی شاعیرانەی تێکستەکانی.

سیروان وەک گەڕیدەیەک سەربوردەکانی عەشق ئەگێرێتەوە و وەک ئەزموونێکی خۆی باسی ئەکات و وەک جۆرێک لە ژیانکردن هەڵوێستەی لەسەر ئەکات.

## بەر لەمردن

٢٠٠٦/٢/٢٨

**بەر لەوەی بمرم**
**لە نێو رەنگەی مانا هەتفیەتەکانی عەشق**
**بۆ تۆ ئەژیم**
**لە نێو باخچە میهرەبانەکانی رۆح**
**ساتێکی فیردەوسی بخوری نێرگزێکی هەمیشەیی**
**دائەگیرسێنم**
**بەر لەمردن**
**لە خانەقای دووچاوانت**
**لە زکردام**
**بۆ ئەو لێوانەت**
**ئەو لێوانەی**
**شۆختترن لە خوناوی سەر پەلکە گیایەک**
**جوانترن**
**لە بریق و شەوقی ئەستێرەیەک**
**لە عومری بەهارێکی یاسەمینی**
**ناسکترن**
**لە ئێوارە ژوانی پەپوولەکان**
**شەنگترن**
**لەو گوڵە شیعریانەی لە سپێدەیەک**
**لە نێو کانیاوی هەناسەکانی عەشق هەڵدەقوڵێن**
**ئەو لێوانەی**
**کە هەموو بەیانیەک بۆم ئەدوێن**

ئەمەو کاک سیروان خاوەن زمانێکی تەڕ و هونەرییە کە یارمەتیدرەن بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەو زمانەوە بتوانێت باشتر و جوانتر خۆی بنووسێتەوە.

بە کورتی سیروان نوێترین دەنگی شیعرییە لە شەقلاوە و شعرەکانیش تا ئاستێکی زۆر باش خاوەن دەنگ و رووخساری روحی ئەون و دەربڕی ژیانبینی و جوانبینی و شیعربینی خۆیەتی.

دەنگێکە جێی دڵخۆشییە کە بە رووچۆنەوە خەریکی خۆیەتی و بە هونەریشەوە شتەکانی ئەنووسێتەوە.

ئەزموونەکەشی تا رادەیەکی باش تایبەتە بە خۆی و جوداشە لە ئەزموونەکانی دیکە. چێژی خوێندنەوەی شعرەکانیش چێژی تایبەتی خۆیان هەیە و لە وانی دیکە ناکەن.

## شیعرنامەی شەونمی بەیانییەک

**لەعەشقی دڵێکی بێ دڵ**
**لە نێو کەزییەکانی کزەبایەکی بۆنخۆش**
**لەسەرە مەرگی زستانێکی غەمبار ئەوەستم**
**تۆم لەبەرچاوە**
**بە هێمنی پێ ئەخەیتە هەواری دڵم**
**سەمفۆنیاییێکت لە میحرابی سۆز**
**بە زولفە شەنگەبییەکان ئەژەنی و**
**لەچەند چرکەیەکی خوماری لێوەکانی نووری**
**مەریەمت ماچ ئەکرد**
**ئەو ماچانەی مانگ بە نزاوە**
**لەبەردەمی یەخەی خۆی دا ئەدرشی**
**پاییزی ئەکرد بە ملوانکە و**
**لە ملی روخساری بەهاری ئەکرد**
**دوورگەکانی هەنگاوی عەشقت**
**ئارام ئارام**
**گیرۆدەی شەونمە جوانەکانی**

گۆرانیە فیردەوسیەکان ئەکرد
منێکی هەژار تیای ئۆقرە بگرم
منێکی دەستی
ئەو دەنگانەی لە جەستەیەکی ئابلوقە دراو
نابینا نابینا
لەگەڵ سواڵکەرەکەی دیوانێکی بێ بەش هاو سەفەرم
لەگەڵ ئەو ناسنامە تاریکانەی
لە نێو ئەدرێسەکانی تەنیایی
شیعر نامەی ( با ) یەکی ستوونی مردوون و
بەڵێنەکانی گوڵێکی وەنەوشە ئەکەن بە پێنووس و
تەفسیری ژانە سورهەڵگەڕاوەکانی پێ ئەکەن
گومانەکەم
لە بوونی پاکیزەیی هەنارێکی رەنگ ئاسا
لە کازێوەیەکی سەراب و
ژوورێکی بێدەنگ
لە ساتێکی گوڵبژێری
پەیکەری شەقامێکی ساویلکە و
بێ ئاگایی رۆژژمێرێکی دوودڵ
وەرە با لە رۆشنایی چاوانتا
شەتڵی هەمیشە بوونی شەبەنگ بچێنم
تا بەناخی سەمای شاڵێرە رەشەکە بچێتە خوارەوە
لە رۆحی هاژەی ئۆقیانوسێکیش
تاڵێک لە گومان بەشەڕی تیمساحەکانی
حەشامەت ببەخشم
لە فەرهەنگی مەزامیریش
ئەستێرەیەکی دوو لەت
بکەم بە سیگارەیەکی مۆر و دایبگیرسێنم
زەمەنێکی باوەش کز
لە ناز و نوزەی شەرحی بەیانییەکی گەنم رەنگ
بکەم بە پۆرترێتێکی ئاڵۆز
تا هەموو ئازارەکان

له مازادی خێڵی تاراوگەدا
له روخسارێکی فەنا بمرێنم
ئەو شەوەی هەستی
له هەنگوینی روومەتی مانگێکی دەم بە هەنسک چەسپاوە
لەگەڵ شنەی نیگارێکی شێت بپێچمەوە و بیکەم بە شەڕابێکی هیرمس
له نێو وشە خەیاڵاوییەکان بیمرێنم
گەر گوڵەکانیش دوور لە ئێمە بنوارن
ئەوا تارمایەک
له پەردەکانی زوویری رێبوارەکانی وەرزی ئیلهام
ئەبێ بە چۆلەکەیەکی رووت و
دار قەیسیەکەی بەردەم پەیڤە رۆحییەکان ئەخوات
ئەو کات
دەڤەری گۆڕستانەکان
مۆمە نیگەرانییەکان
دڵۆپە فرمێسکە پرتەقالییەکان
لەسەر لێوی بەیانییەکی حەسرەتاوی ئەبن بە شەونم

## ئەنابوونی ماچێک لە شەودا

٢٠٠٦/٢/١٠

ئەشێ باران له دەروازەکانی ئاسمان
کفنە دڕاوەکەی فڕێ داو
له هەژمەتا بەرەو ئاقارەکانی
مەرگێکی تێنوو بکەوێتە رێ
یا پەڕەسێلکەکان
له بیابانی پرتاو نزا
بۆ نووزەی روحێکی گۆشەگیر بکەن

پاییز لە ترسی
وەفاداری سبەینێی بەهار
سەراپا سرووده دەروێشییەکانی خۆی بسووتێنێ
ئەوکات شەو ئارام ئارام
بەسەر کچە رەش ئەسمەرەکە ئەبارێت
تاوانەکانی دەستی غەزەبی ( با )یەکی دڵرەق
لە کۆشی گریانێکی غەریبی خۆی ئەکوژێت
تابوتی مەرگ
دانە دانە ملوانکە ئازارەکانی
سۆزانیەکی قەرەچ
پێڵووی سفرەیەکی ئاڵتونی
زستانێکی گەرم رائەماڵێ
بەشەرمنی
بەیانییەکی شێواو ئەکوژێت
بەیانیەک
بەدوای سواڵکردنی سێبەرێکی ئاشنایە
لە ژێر هەورە رەشتاڵەکانی
درەختێکی سور
لە نێو گێژەلووکەی حەزین
عەبەسی ... پووچ ئەیمرێنێت
ئەو شەوانەی بە ماچ ئەبوون بە دیلی بەیانیان
ئەو شەوانەی فەرهەنگی عەشقی تیا ئەسوتێنرا
فەلسەفەی نامە واقیعییەکانی تیا ئەشێوێنرا
ئەو ماچانەی
مانگێکی تاوانبارئەکرد
موسافیرێکیشی نقومی فرمێسکەکانی
قەرەجێکی نامۆ ئەکرد
سنورەکانی تەنیایی پێ ئەبڕدرا
هەنگاوەکانی رۆحی زەیتونێکی ئەکرد بە مەرگ
ئەهریمەنەکانی ئەکرد بەسەر کردە و
جەهەنەمیشی ئەکردنە دیاری

هەر ئەو ماچانەی سنورەکانی نێوان من و تۆیان تێک شکاند
منێکی تێنوو
تێنووی ئەو ڕێبوارانەی لە تەک فریشتەکانی ئاسمان
هێمن هێمن پیاسە ئەکەن
تێنووی ئەو شەوانەی ماچی تیا لەخاچ ئەدرێ
ئەو شەوانەی سێدارە بۆ لاسکە گیایەکی تێنوو
لە قەراغ بێ ئومێدیەوە هەڵئەدرێ
عەشقی تیا ئەکوژرێ
تێنووی کانیاوی جاویدانی کچانی دونیا
شیلەی لێوانیان
ماچی لێوانی کلووریان
ڕوومەتی نۆژەنیان
تێنووی تەمەن
شارە بێ قینەکان
فرمێسکە گوڵە خەندەرانیان
هێشتا لە مەملەکەتستانێکی خنکاوی
ژێر سێبەری خەونێکی نابینا ئەمرم
ئەی یار
تەنها بزەیەکی وەنەوشەی تۆ
نمە شەونمێکی ڕووت
تریفەی شەرمنی تۆ
بەس ... بەس ... بەسە بۆ ژیانم
تا هەقیقەتی
ئەو ماچانەی لە سنورەکانی
تاراوگەی بارانێکی نووستوو فەنا ئەبن لە بیر بکەم

# سەوسەنە رەنگ پەرییەکان

٢٠٠٦/٢/٢٧

ئەمشەو هاتووم
تا رقی عەشق بە فرمێسکە بەرائەتییەکانی
چاوانت بشۆمەوە
هاتووم پێت بڵێم
ئەمشە و لە ترسی موسافیرەکانی ئاسمان
مانگ دەرنەکەوتووە
هاتووم
تا ئەوینە دۆڕاوەکانی ژێر
پەردە سپی یەکان زیندە بەچاڵ بکەم و
کۆڕی زیکر بکەم
بە گۆرانی و بە ناختا بچێتە خوارەوە
هاتووم تا ئاو لە ژێر پێڵوەکانی چاوم ببارێنم
تا تریفەی مانگ
لەسەر دەستەکانت بدەروشێتەوە
رەنگی گریان بکەم
بە تەمەنێکی خەوتوو
ئەی وشە پڕ هیواکان
ماوەیەکە بێ تۆ بۆنی
خەونە ڤیناوییەکان ئەکەم
ماوەیەکە بۆنی گوڵی ژاکاو ئەکەم
( با ) بۆنی گەڵا وشکەکان ئەکا
بە دارییم
هاتووم
تا جریوەی ئەستێرەکان
بەدەم گریانەوە بکەونە سەر ئەژنۆ و
سەوسەنە رەنگ پەرییەکان
لە نێو قژتا نقووم بکەم



# محەمەد عەبدوڵڵا ئیسماعیل

محەمەد عەبدوڵڵا ئیسماعیل جەوهەری لە ساڵی ١٩٦٦ لە شەقڵاوە لە دایک بووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شەقڵاوە تەواو کردووە، کۆلیژی ( شەریعە)ی لە ساڵی ١٩٩٠ زانکۆی تەواوکردووە و لە ١٩٩٢ بۆتە مامۆستای زمانی عەرەبی لە شەقڵاوە. هەر لە لاوییەوە شعر ئەنووسێت و شارەزاییەکی باشی هەیە لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی عەرەبی و ڕەوانبێژی و زانستە ئیسلامییەکان، هەروەها شاعیربوونی باوکی ( عەبدوڵڵا ئیسماعیل ) کاریگەری لەسەر محەمەد هەبووە بۆ ئەوەی حەز لە شعر و ئەدەبیات بکات.

جگە لەشعر، مامۆستا محەمەد شارەزای هونەری مۆسیقاشە و ئێستا ئەندامە لە تیپی مۆسیقای سەفین.

کاک محەمەد ئێستا مامۆستایە لە دواناوەندی نموونەیی لە شەقڵاوە.

مامۆستا محەمەدی شاعیر وەک خۆی ئەڵێت کاریگەری سرووشتی جوانی کوردستان و شعرەکانی عەبدوللا پەشێوی شاعیری لەسەرە، شعرەکانی مامۆستا محەمەد ، بنیاتێکی سۆزداری و نیشتانپەروەرانەیان هەیە ، بەشێکن لە کۆی شعری کوردی لە قۆناغی هەشتاکان و دوای هەشتاکانیش. دیارە کاک محەمەد کەم شعر ئەنووسێت و لەماوەیەکی زەمەنی زۆریشدا کەم بەرهەمی هەیە، بۆ نموونە رەنگە لە نێوان ساڵەکانی هەشتاکانەوە تا ئێستا تەنیا چەند شعرێکی کەمی نووسیبێت، کە ئەمەش وایکردووە خاوەن بەرهەمی زۆر نەبێت و لە بنیاتەکانی شعریشدا گۆڕانکاری گەورە نەکات.

## وشەکانم

**شوباتی ١٩٨٥ بەغدا**

**نازدارەکەم**
**وشەکانم**
**دەخەمە ناو ئەو رووبارەی**
**بە دەروونی بێزاریتا**
**دەڕژێنە خوار**
**وشەکانم**
**رێگا دەبڕن...**
**بێ سنورن لە رۆیشتن**
**تۆڕی راوکەری ناحەزیش**
**بە شەپۆلی خۆیان دەدڕن**
**وشەکانم**
**هەڵگری دیمەنی ژوریکی**
**چۆڵ و بێ کەسن**
**بۆ تۆ دەهێن بەسەربەستی**
**لە کەنارا قەت ناوەستن**
**باڵندەکان**

به گیانێکی پڕ له هیوا دەجریوێن
سروودی ئازادی و نەورۆز
بۆ کوردی نەمر دەخوێن
وشەکانم
هەر پێت دەگەن
پشوو نادەن هەر وا دەڕۆن
هەموویان له پێناوی
خزمەتی تۆن

## جێت دەهێڵم

بناری قەندیل ۱۹۸۷

شیرینەکەم
وا جێت دێڵم
تا ئەو کاتەی مێرولەکان
دەنکی گەنم
به شایی و ئاهەنگ دەنێژن ...
تا ئەو کاتەی هەژارەکان
ئیتر ئازار قەت ناچێژن

× × × × ×

تا ئەو کاتەی
خەندەی سەر لێوە ئاڵەکەت
پێم دەبەخشێ ویادی شەوێک
له شەوانی ئەڤینیمان
له جێی ژوانی
خۆشەویستی و دڵداریمان دەکەینەوە.

× × × × ×

جێت دەهێڵم تا ئەو کاتەی
نمەی باران
دەبارێتە دەشت و بیابان!
گوڵاڵەکان پێشوازی باران بکەن و
تێنوویەتی چەندین ساڵەیان بشکێنن

× × × × × ×

تا ئەو کاتەی کانیاوەکان
بە بەفراوی سەر لوتکەی شاخەکان
رێبواران بحەسێننەوە ...
جا ئەو کاتەش منی دوور لە تۆ و رەنجەڕۆ
دیواری جودایی نێوان
دوو دڵی
پڕ لە هیواو ئاسۆ دەروخێنم
منیش بۆت
دەگەڕێمەوە .. دەگەڕێمەوە.

## جێم مەهێڵە

ئایاری ١٩٩٢ شەقڵاوە

کە جێم دێڵی بەم بەهارە
کام ئاوازی پاییزاویم
پێ دەژەنی؟
کە جێم دێڵی لەم هەوارە
بە گاسنی خەمی ساوام
کام زەویم پێ هەڵدەکەنی؟
کە جێم دێڵی
شریتی خەونە کورتەکەم

چیرۆکی حەزە شێتەکەم
پچڕدەکەی
شاری شیعری ساوای من
خاپوور دەکەی
دەجێم مێڵە
رانەهاتووم ژانی دووریت بخۆمەوە
جێم مەهێڵە
رانەهاتووم ئەسرین
لە چاوی هەڵبەستم بسڕمەوە

من زانیومە کە مانگە شەو
ئەگەر ئاسمان جێ بهێڵێ
شەوێکی تر هەر دەبێتەوە میوانی
بەڵام کە تۆ بەجێم دێڵی
نەدەبییەوە میوانم
نەبەهەواڵم دەزانی،
نەبەهەواڵم دەزانی



# ئازاد ئیبراهیم عەبدوڵڵا

لە ساڵی ١٩٥٩ لە شەقڵاوە لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شەقڵاوە تەواو کردووە. خوێندنی زانکۆی دوو ساڵ لە سلێمانی و دوو ساڵ لە هەولێر بەشی کارگێڕی و ئابووری خوێندووە.

لە ساڵانی هەفتاکانەوە دەستی بە شعر نووسین کردووە و دیاریشە وەک زۆربەی شاعیرانی دی خۆشەویستی نیشتمان و بابەتی سیاسی تەوەرێکی شعرەکانی کاک ئازادن لە سەرەتادا. لە خوێندنەوەی دەستنووسەکانیدا ئەتوانین بە ئاسانی دەستنیشانی چەمکی نیشتمان و پێشمەرگە و قوربانیدان و خۆشەویستی خاک و ئاو و داروبەردی کوردستان بکەین.

لە پاڵ ئەمەشدا کاک ئازاد هەوڵیداوە هەندێ هەڵبەستی تایبەت بۆ گۆرانی بنووسێ. کە بە زمانێکی سادەو ساکارەوە نووسراون.

## دڵ و گوڵ

١٩٧٦/٢/٤

دەسا بێرە لام گوڵی جوان
لێم هەڵێنە چاو یاری جوان
کەی بێ تۆ ژیاوە دڵی دڵدار
ئەتگرێ دڵی خەمبار
چاوی خومار
گوڵی دڵدار
کەی ئەسرەوێن لە هەواران
مەیلی ئازیز
گوڵی پایز
دڵی بێ زیز
شادی لە عەشقی دڵداران

## رۆیشتن دڵدارەکان

١٩٧٨/١٠

رۆیشتن دڵدارەکان
چەم بەچەم رووبارەکان
بەڵام بێبەشی وەک من
کەی دیویە نازدارەکان
بێن و بن بە سەیرانگای
ژێر درەختی پەلدارەکان

بەڵام بەهار
مەبەستی من جوان تێئەگا
کە من شەیدای کام زەمینم
زەمینی هەژارەکان
کەی وتوومە خۆشم ناوێیت
بە کام وتە بەکام وشە
وا ئەڕۆی و لێم ئەتۆرتیت
گیانەکەم
لە مێژ سایە
خەم، خەیاڵم لە لایە
بۆ وشەیەک
تا بتوانی دەرییبڕم
هەموو لەشم لە ئاوایە.
لە چوار چێوەی خەیاڵەکەم
خۆشم ئەوێی بەقەد باڵا
پەرییەکانی ئەم ناوە
خۆشیم ئەوێ بۆ گوڵزارم
بۆ چیمەن و بۆ بەهارم
بە دڵ و بە گیان بۆ شادی
هەر بڵێم بۆ دەنگی ئازادی
با بخوێنم وەک کەوی چیا
لەسەر لووتکەی بەرزی جیا جیا
با گوێ بگرن هەموو جیهان
لە وشەی کورد و کوردستان

# بۆ ئەوانەی بەهار ئەکەن بە زووخاو

١٩٧٨

ماسییەک
ماسییەکی بچکۆلانە
لە رووبارێ مەلەی ئەکرد
راوکەرێ هات
ویستی هەڵمەت با بیگرێ
شەپۆلێ هات
لە ناوی برد

رەگێک
باخەوانێ
لەزەمینی شاخاویدا
ویستی بچێنێ رەگی دارێ
نەیئەتوانی
چونکە زانی
دار بەڕووەکان
زۆر رەگی وا لەناو ئەبەن

هێلانەیەک
چۆلەکەیەک
لەسەر داری
رەنجی تیچوو تا دروست کات هێلانەیەک
منالێک زمانی چەقی
هەنگاوی برد
تا تێکبدات هێلانەکەی
رەشەبایەک هەڵ هێنا
منالەکەی خستە خوارێ



# وشیار مستەفا قادر

لە ١٩٦٧/١/١٠ لە شەقڵاوە لە دایک بووە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شەقڵاوە تەواو کردووە ئێستا لە شەقڵاوە مامۆستایە.

یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی یانەی رۆشنبیری شەقڵاوە ماوەیەکی درێژە شعر ئەنووسێ بەڵام بڵاوی نەکردوونەتەوە.

لێرەدا چەند شعرێکی کاک وشیار ئەخەمە روو کە لەناو کۆمەڵێ دەستنووسدا هەڵمبژاردن.

شعرەکانی کاک وشیار خاوەن سۆزداری و فێنکایی عەشقێکی پڕ لە خۆزگە و خەونن بە زمانێکی ساکار و روون و ئاشکرا باس لە خەون و خەیاڵەکانی خۆی ئەکات.

ڕەنگە تەوزیفکردنی شعرەکانی کالک وشیار بۆ گۆرانی کارێکی باش و ئاسان بێت چونکە تا رادەیەکی باش بە هەناسەیەک ئەنووسێت کە کێش و قافیەی شعرەکان هاوکارن بۆ ئەوەی بە ئاوازەوە بگووترێنەوە.

دیارە وشیار لە شعرەکانیدا نایەوێ رووبچێتە نێو دونیای هزر و فەلسەفە و بە قوڵی باسی چەمک و بابەتەکان بکات بەڵکو زیاتر شعرەکانی سەرخانی هەست و سۆزەکانی خۆی نیشان ئەدات واتە خاوەن بنخانێکی هزری نیە تا لەوێوە کاک وشیار بتوانێت لە ڕێی شعرەکانییەوە دەم لەو بابەتانە بدات کە شعری ئەمڕۆ باسیان ئەکات.

دیاریشە هەموو شعرەکانی وشیار ئەگەرێنەوە بۆ ساڵانی نۆهەتەکان و وەک دیاریشە لە نۆهەتەکاندا هێشتا بنیاتە تەقلیدییەکانی شعر لە ئارادا بوون و ئەزموونی زۆرێکیش لە شاعیران هێشتا هەر بەو زمان و بەو تەکنیکە ئەیاننووسی کە تارادەیکی زۆر کلاسیک و کۆن بوو.

دەستخۆشی بۆ کاک وشیار و بە هیوای بەردەوامی و پێشکەوتنی زیاترین.

## خۆزگەی خەونێک

١٩٩٣/٢/١٤

**وا خەریکە خۆر کەزییەکانی بەیان**
**لە هەگبەی ئاسماندا بپێچتەوە**
**هاشەی شەپۆلی دەریاکان**
**دەنگیان نیە و خەریکە خەویان لێبکەوێ**
**نەسیمی دەم کۆسارەکان**
**وا خەریکە**
**لەناو پێخەفی هیواکان سەرهەڵ ئەبرێ**
**شەوە زەنگە**
**هەسارەکان**
**دەستە دەستە دەست لەناو دەست**

سەماو هەڵپەرکێ و گۆڤەندییان دابەستووە
هەر دوو دوو یەکیان گرتووە
یادی راموساندنی ئەڤین ئەکەن
بازی هەموو دڵدارەکان
بەسەریاندا نیشتنەوە
تەنها بازی من جێی وێڵە
چەند ئەگەڕێ
لە ئاسمانی تەنیاییمدا ئەحولێتەوە
کێ ئەزانێ
مانگە شەوی من لە کوێیە؟
بەرە کامکاکێشگای فەلەک ئۆغری خێرە
خۆزگەخۆزگە
گەر خەونیش بێ ئەم جارەیان بنوومەوە
بە مانگە شەوی خۆشەویستیم شاد ببمەوە

## پێی وتم

١٩٩٠/٩/٢٧

پێی وتم گیانە بۆچی وا پەست و داماوی
بۆچی رەنگ زەرد و سەرلێشێواوی

خەفەتت چیە وا لێم رەنجاوی
بۆچی ؟ نەخۆشی و هێز لێبراوی

وتم نەخۆشی تۆمە دەردم گرانە
ماچی لێوەکەت بۆ من دەرمانە

له دنیای پڕ غەم چیت بۆ بنێرم
تەنیا ئەو دڵەم بە تۆ ئەسپێرم

لە دووری تۆیە وا لێڵ و کوێرم
دەسارێژبکە دڵەی پەشێوم

## شەقڵاوە

١٩٩٠/٩/٣٠

شارۆچکەی جوانی ڕەنگاو ڕەنگینم
بە حەسرەت ئەمرم ساتێ نەتبینم

سەفین سەوز و شین سەختی بەفرینم
تۆی سەرچاوەی ئاو هەناسەی ژینم

وەنەوشە و بەیبوون گوڵزار و ڕەیحان
سارێژ دەکا گشت ئازاری گیان

دار و درەختت کەسک و سەوز و شین
سەریان تێکناوە لە باخچەی بەرین

دێنێتە خرۆش هەستی پەشۆکاو
لادەبا غەم و میحنەت و ژاکاو

# گیانەکەم بە یادی تۆ

ب٢٣/٩/١٩٩٥

یادت ئەکەم
بە یادی تۆ دەست لە ملی خۆرەتاوی ئاسمان ئەکەم
بە یادی تۆ زستانیش بێ
لە قەندیلی سەهۆڵبەندا
بۆنی عەتر و وەنەوشە و گوڵزار ئەکەم
با شەوەکان
روناکایی سوری خولی هەموو گێتی داگیر بکەن
بەیادی تۆ
هەموو تاریکایی گەردوون لای من روونە
بەیادی تۆ
ئەمجارەیان سویندم خواردووە
بارگە و بنەی خۆم تێک بنێم
لە چۆمی ناو سۆرک و سەفینی سینەی تۆ
بۆ دواجار
خیوەتی خۆم تیا هەڵبدەم



# سامان ساڵح خەلیفە

لە دایکبووی ساڵی ١٩٧١ لە شەقڵاوە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شەقڵاوە تەواو کردووە، ئێستاش هەر لە شەقڵاوە ئەژی.

سامان ساڵح پێش چەند ساڵێک دەفتەرێکی پڕ لە شعری دامێ منیش ماوەیەک بە خوێندنەوەیان خەریک بووم بە دەیان وێنەی شعری جوانی هەبوون ، بەڵام مخابن کە بۆ ئەم کتێبە داوام لێکردن هەموو شعرەکانی فەوتا بوون.

دیارە یەکێک لە کێشەی شاعیرە شەقڵاوەیەکان ئەوەیە کە زۆر شاعیری هەبوونە وەلێ بەرهەمەکانیان فەوتاون جا هۆکارەکانی ئەم فەوتانە رەنگ زۆربن لە پێش هەموویانەوە نەبوونی کەسان و دەزگەی خەمخۆر بۆ نووسین و شعر و ئەدەبیاتی ئەو شارە هەتا شاعیرەکان خۆشیان زۆر کەمتەرخەم بوونە بۆ ئەو شتانەی نووسیویانن، دیارە ئەمرۆ چەندین سەنتەر و کۆمەڵەی رۆشنبیری لە شەقڵاوە هەن باش ئەبێت ئەگەر بێت و ئەوان وەک دەزگەیەکی رۆشنبیری خەم لەو بەرهەمە رۆشنبیرییانە بخۆن و پاراستنی بەرهەمی ئەدەبیات و مێژوو و جوگرافیا و وێنە و بابەتەکانی دیکە بکەنە خەمی خۆیان.

دیارە کاک سامان لەم دوو پارچە شعرەیدا بە نەفەسێکی تەڕی عاشقێکی خەمباری ئەم وڵاتەی ئێمە شعری نووسیوە و خەمێکی قوڵی مرۆڤانەشمان پیشان ئەدان پارچە پارچە بوون و نیوەی وێنەکانی مانگ و پارچە بوونی مرۆڤمان بە وشەکان بۆ وێنە ئەکات

روحێکی هەلا هەلا و خەمێک بۆ ئەو جوانیانەی دوای خوێن و برینداربوون ناگەنە بەر دەرگەکانی دڵ و روحی مرۆڤ.

سامان زۆر بە بەرائەتەوە باس لەو چۆڵی هەواری رۆحە ئەکات کە مرۆڤەکانی ئێمە پێی سەراسیمە بوون، وێنەکانی کەرەستەکانی سرووشتیش بەهەمان شێوە لە نێو سووتان و خنکان لە تاریکی و حەسرەت و غوربەتدا بەشێکی دیکەن لە تراژیدیای روحی مرۆڤ و ئافرەتە شیرینەکەش هەر پارچە و پارچە تر ئەبێت.

وێنەی پارچە پارچەی ئافرەتێکی شیرین و سروشتێکی خنکاو و هیجرەتی پەپوولەکان حەسرەتی حەقیقی شاعیرن و قوڵایی ئەو هەستە ئاشکرا ئەکەن کە سامان بۆ جوانی و شیرینی و رووناکی و خۆشەویستی هەیەتی.

## چەند جوانی بەڵام

**چوار پارچە لە گۆی دڵدا**
**بوکی رازاوەی خەیاڵ و**
**تاوی بەر بارانی**
**بەڵام حەسرەت؟**
**بۆ هەر وەرزە**
**رەوتی گریانی دایکانی**
**ئەی دوو چرای خامۆشی دڵ**
**حیرەت ماوم**
**بۆ دوو بازگەی هاوچەرخی گوڕ دیل کراوم**
**خۆشەویستی**

دەلاقەیەکی تەسک و ترووسکە
هەروەک زیندان
سڕ کەوتووە
پاساریەکەی سەر لقی دار
ناخوێنێ
ناجریوینێ
نابزوێنێ
نیوە مانگی ئاسمانی شار
نیوەی تری لە تاریکی خنکاندووە
چاوی حەسرەت
رووباری غوربەت
بە روخساری نێرگزەوە
ئاشکرایە
ئەی ئافرەتە شیرینەکە
پارچەکانت
پارچە پارچە
بۆ هەر پارچە
دیسان پارچە
پارچەکراوە

## دەفتەری تۆ

لە جەستەی تۆ
هەنوکە رابووردی تۆ
بەرەنگی سوور
بەواژەی سوور
بە خوێنی سوور
بە گوڵی سوور
بەهاری ئێستای پێ رواوە
بەڵام حەسرەت
پەپوولەکان هیجرەتیان کرد



# جێگر مستەفا ڕەسوڵ

جێگر لە ساڵی ١٩٨٨ لە گوندی شێخ وەسانان لە دایک بووە، ئێستا لە پۆلی پێنجەمی زانستی لە شەقڵاوە ئەخوێنێ.

ئەگەر زۆر بەکورتی قسە لەسەر شعرەکانی کاک جێگر بکەم ئەوە ئەڵێم، یەکەم لە رووی هزرییەوە جێگر هەوڵیداوە لە دیاردە مرۆڤایەتییەکان و مرۆڤەکان رابمێنێ و قسە لەسەر هەندێ شتی ناباو و بە ناباوی بکات کە ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتە جوانەکانی، وەک قسە کردن لەسەر خۆشەویستی ناشرینەکان بۆ نموونە، هەروەها لەپاڵ ئەم قسەکردنەشدا شێوازی قسەکردنەکەشی کۆ مەڵێ وێنەی شیعری جوانی خولقاندووە وەک:

**(ناشرینەکانم گەڵێ خۆشدەوێن )**
**( لە دڵی بێوەژنێکا خێوەت هەڵدەین )**
**( بەڵێ بەردی هاوڕێم**
**من بەوە خۆشحاڵم کە هاوڕێی تۆم**
**چونکە دڵت زۆر نەرمە )**

**( بایە درۆزنەکان )**
**تۆش ئازاد بە چۆن دەڕوانی )**

**( رووتم کەرەوە لە شەودا**
**تاریکیم بکە بەر )**

ئەمە و وێنەی شیعری دیکەش ئەوەمان نیشان ئەدەن کە جێگر رامانکارانە لە نێو مانادا دێت و ئەچێ و هەوڵئەدا کە بنیاتێکی مرۆڤایەتییانە و خەمێکی قووڵی مرۆڤایەتی لە بەرامبەر ژیان و هەبووندا نیشان بدات.
جوانە کە گەنجێک خاوەنی ئەو دیدە مرۆڤایەتییە بێت و بۆ ناسکی مرۆڤ و شعر و وشە بنووسێت و هەست بەو دۆڕان و بنکەوتنانەی مرۆڤ و ژیان بکات. جێگر بۆ ئازادی مرۆڤ ئەنووسێت و خەمەکانی خەمی قووڵ و گرانن، خەون ئەبینێ و شعرەکانی ئەو دەریچەیەن لە رێیەوە خۆی و خەفەتەکانی بنووسێتەوە، خاوەن کەرەستەی شعری باشە و دەنگێکە ئەکرێت هیوای جوان جوانی پێوە ببینین.

## ژنە کوتاڵ فرۆشەکان

**وەرە با خۆمان نوقمی وەهم بکەین**
**تا تەڕ تەڕ دەبین**
**بۆ وشکبوونەوەمان زەردەیی ئێوارە دامانپۆشێ**
**دووربین لەوانەی بۆنی باران ناکەن و**
**ناشرینەکان لە خاچ دەدەن**

بڕوا بکە من تەنیا لای تۆ دەوێرم
بڵێم ناشرینەکانم گەلێ خۆشدەوێن
خۆ ئەگەر بە ئاشکرا بڵێم .. ئەوا ..
ئاخ؟!
وەرە با بگرێین و بچین لە دڵی بێوەژنێکا خێوەت هەڵدەین
گوێ لە خەمەکانی بگرین تا زووە
ئەگینا سیاسەت بزانێ بە قەد دیماگۆجیەکانی
ئەمانخاتە رووباری یۆتۆپیاوە
من فرمێسکێک دەمکوژێ کە لەچاوی منالێکی دڵشکاو دێ
بەڵێ بەردی هاوڕێم
من بەوە خۆشحاڵم کە هاوڕێی تۆم
چونکە دڵت زۆر نەرمە
من بەوە گەشکە دەگرم
کە دەستێکی سادیزم و پێلاوێکی رەق دەبینم
من کە مێژوو دەبینم رقم لە هەموو شتێکە
تەنانەت لە تۆش لە خۆم
بەڵام تۆ قەت لێم زویر نابی
بەڵێ هاوڕێم

## تەنگژەکانی تەمەن

لە ئاسمانی شیعری مندا
نەما پڕشکی ئەستێرە
کۆڵانەکانی خۆزگەم رووناک بکاتەوە
لێرە گریان بۆ دڵشکاوەکانە
بارانی رۆحم بەسەر هیچ کەسێ دانابارێ
زۆر حەزەرم .. جارێ چاوە تینوەکانم
بایە درۆزنەکان نەبینێ
زۆر تەنیام وەک ئەو کێوەی لە کێڵگەی بوون و نەبوونا

له سەفەری حەزەکان دا
تەنیا تەنیا شەڕە ماچ لە گەڵ خۆیا دەکات
ئەبینێ پاڵەوانە و ئەی بینێ دۆڕاویشە
خەون زۆر ئەبینێ و لە سەر مێزی خەیاڵا
حەز بە نان خواردن دەکات
بۆ ئەوەی دڵتان نەڕەنجێ هەموو سەرە ساڵێ
رسمێ لە گەڵ بابە نوئێلا ئەگرێ و
مۆمی تەمەنی دائەگیرسێنێ
بیری دەکەوێتەوە منالێکی چەند بە تەمەنە
لە ئاخیرا یان ئەبێ بە قاچاخچی و
یان کرێکاری دەکات لە کارگەی ئەتککردنی وشە

## میلۆدی عشقێکی پاک

چلە پووشی خۆزگەکانم لە
ئاتاشگەی نیگاکانت ژیلەمۆیەکی پەناهەندەیە
سەبای تۆفان دوور لە بەزەیی دایک
لە سەر ژێیەکانی عومرم بۆ دەژەنێ
من چیبکەم؟!
من چیبکەم ئەم گوڵانە بۆنێ نادەن
گوڵە بەڕۆژە تۆراوە و گوایە ماچ بە خۆر نادا
شعرەکانم بە قسەم ناکەن
هۆ عشقی پاک گەڕیدەم و هەورازەکان بە پێ دەبڕم
چاک دەزانم هەورازەکانت زۆر سەختن
بەڵام دەمەوێ ئاسوودە بم
لە هەر هەنگاوێ هەڵئەنێم
تالێ فرمێسک و جووتێ شعری ناسکت بۆ دێنم
تۆش ئازاد بە چۆن دەڕوانی

## لێت داوا دەکەم

ڕووتم کەرەوە لە شەودا
تاریکیم بکە بەر
بە وتە دۆڕاوەکانی زەمەن
تێزی دڵم بۆ ئەم کولتوورە
بکە بە شەقامە خەمگرتووەکان
تا هەر چەند بەسەرمدا بڕۆی دەنگێکم لێوە نەیێ
بۆیە ئارەزوو دەکەم کاروان هەڵگرم و بەرە و
هەسارەیەکی تر
بۆ دوا جاریش نیگایەک بەرەو زەوی نەکەم
گەر بتەوێ کوخێ هەڵئەدەم زۆر سادە
هیچ ناشترسێم چونکە خەیاڵ لەگەڵمایە و
ڕۆحەکەمی تاپۆ کردووە
ئینجا لەوێ ژیاننامەی زەوی دەنووسم.



# بارزان یاسین وەیسی

بارزان لە ١٢/٣/١٩٨٧ لە شەقڵاوە لە دایک بووە، هەر لە شەقڵاوە سەرەتایی و ناوەندی خوێندووە و ئێستاش لە قۆناغی ئامادەییە و لە پێنجەمی زانستی لە دەنگارەی کوڕان ئەخوێنێ.

لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ یەکەمجار شعری نووسیوە.

دونیای شعرەکانی کاکە بارزان دونیای ئەو کوڕە عاشقەیە کە جگە لە شیعر هیچ دیکەی نیە پەنای بۆببات و ئەیوێت لە رێی شعردا بەوانی دیکە بلێت من عاشقم و من هەم، بانگکردنی یار و هێنانی خۆشی و ژیان و چێژی هەبوون یەکێکە لە هاوارەکانی بارزان و ئەیەوێت لەم رێیەوە لەگەڵ هاتنی یارەکەیدا دونیای خۆی جوان و چێژبەخش بکات.

گەڕان بەدوای ئەو چێژە و ئەو جوانییە، یەکێکە لە خاڵە جوانەکانی شعرەکانی بارزان و چاندنی ئەو خۆشەویستییەش هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە خۆزگەکانی دڵ و ئەو هەبوونەی مرۆڤ تیایدا خۆی تیادا ئەدۆزێتەوە و بەختەوەر ئەبێت.

## وەرە

**ئەی یارەکەم**
**با تاوێ چرپەی پێیەکانت**
**جێی ژوانە نووستووەکەم بەخەبەر بکاتەوە**
**ئەی گوڵەکەم...**
**گوڵە سیس بووەکانی باخە وشکەکەم بگەشێنەوە**
**تا بولبولە مەستەکانی خەم**
**بە گوڵزار شەیدا ببنەوە**
**ئەستێرەکەم..**
**ببە گڕی خۆشەویستی .. بۆ توانەوەم**
**یا خود چرا**
**بۆ رووناک کردنی ژوورەکەم**

# خۆشمئەویێ

له شەوێکی خوێناویدا
لەو ساتانەی گولله باران و
مەرگی بەهار ئەبیسترێ
به ئومێدەوه ئەڵێم
خۆشمئەوێی !
چونکه .. دڵێک له ساڵانی رابردوودا
له مەینەتی خۆشەویستی
لەم کاتەش دا
که چرکەکانی به لێدانی دڵی تۆوه بەستراوه
بیرت دەکا
که لێی دووریت .. یادت دەکا
هەر به وشەی خۆشم ئەوێی بانگت دەکا



# ڕێژنە قاسم

ڕێژنە خان لە ١/١/١٩٨٨ لە شەقڵاوە لە دایک بووە خوێندنی سەرەتایی لە ( سافی ) کردووە و ئێستاش لە پۆلی شەشەمی زانستی لە دواناوەندی شەقڵاوەی کچان ئەخوێنێ.

لە ساڵی ٢٠٠١ ەوە دەستی بە شعر نووسین کردووە و زۆربەی شعرەکانیشی لە ڕێگەی بەرنامەی ئێوارەی شارەکەم لە ڕادیۆی ئازادی شەقڵاوە بڵاوکراونەتەوە.

شعرەكانی ڕێژنە خان دونیای كچۆڵانەی پاك و پڕ لە خەونی خۆشەویستییە، كە زۆر بوێرانە خۆی و خەون و عەشق و خۆزگەكانی ئەنووسێتەوە، بوێرییەكەی ڕێژنە خان لەوەدایە زۆر بەجوانی هەستی خۆشەویستی خۆی باس ئەكات و زۆر بەریئانەش ڕوو ئەكاتە یار و قسەی بۆ ئەكات، نووسینەكانی ئەوەندە ڕوون و ناسكن كە مرۆڤ سەرباری هەموو سادەیی و ڕاستەوخۆیی و شتە ڕۆژانەییەكانی ناو وێنە شعرییەكان بەڵام شعرەكانی خۆش ئەوێن و لەگەڵیاندا تێكەڵ ئەبێت و ئەزانێت ڕێژنە خان خاوەن پەیامێكی عاشقانەیە و ئەیەوێت بەرامبەرەكەی لەو پەیامە بگات، شعر لای ئەم كیژۆڵەیە نووسینەوەی ژیانێكە بە هەموو بەرائەتی خۆیەوە، بە هەموو جوانی و ناسكی و خەندە و فرمێسكە گەرمەكانی تەمەنێك كە هێشتا زۆر زووە بۆ گریان و هەستكردن بە ناخۆشی.

دەستخۆشی لە ڕێژنە خان ئەكەم و هیوادارم بە بەردەوامی خۆی، مژدەی لە دایكبوونی شاعرێكی كیژۆڵەی جوانمان پێبدات.

## عەشقی منت لە دڵدایە

**من هەوری بەهارێكم لە ئاسمانی دڵتان ئەگرمێنم**
**شیعری شاعیرێكی دڵشكاوم هەزاران چاو ئەگرێینم**
**درەختێكی وشكی گەڵاوەریوی وەرزی خەزانم**
**كەی دێیت تا پڕ بە چاوم لە جوانی شێوەت بڕوانم**
**بەسە ئیتر بەرگەی ئێش وناڵین ناگرم**
**خۆشمدەوێی بۆ زستانی سەرماوسۆڵەت من ئاگرم**
**دە تۆش تەنها جارێ بەم لێوانەت پێم بڵێ من شەیداتم**
**چاك دەزانم عەشقی منت لە دڵدایە ئازیز هیوا و ئاواتم**

## جەژن و سەفەر

توخوا بۆچی سەفەرت کرد بۆ وڵاتێکی دوور بارگەت تێکنا
جەژنت لێکردم بە گریان کێ شاد بکا منی تەنیا
توخوا گیانە بۆ بێ ماڵئاوایی کۆچت کرد
ئەم جەژنە لە گیانی مندا ئاگری نەرۆزت هەڵکرد
ئەم سەفەرە لە ناکاوە چی بوو تۆی لە چاوانم ون کرد
بۆ گوڵی یەکەم رۆژی بەهارت لێرە بۆن نەکرد
تکا دەکەم بگەڕێوە بەر لەوەی بەهار تێپەڕێ
گوڵی ژینم گەلێ سستە ئەترسم بە شنە بایێ بوەرێ
گڕ بەرمەدە لە حەز و خۆزگەکانم زوو وەرەوە
زەمەن گەلێ بێ وەفایە نەکا بمرم بەم دەردەوە

## کپکردنی ئاگری دوو دڵ

ساڵانێکە کۆچەرێکی وێڵم بە دوای ناونیشانت
لە کوێ و لە چ هەوارێک بەسەر دەبەی ژیانت
شار خامۆشە و شەقامەکان چۆڵ و بێدەنگن
گوڵەکانیش بە دەست خەزانی عەشقتەوە بێ رەنگن
تۆ ئەڕۆیت و جەستەی ماندووم سێدارە چاوەڕوانییەتی
خۆری هیوام وا ئەمڕۆکە دوارۆژی ئاوابوونییەتی
ئەمڕۆکە خولیا و ئاواتم بە پەتی سێدارە هەڵدەواسن
لەم وڵاتە بێ دڵەکان وشەی عەشق ناناسن
نازانن هەستی دڵدار لە تاوان چەندە دوورە
ئەو گوڵانە دەژاکێن کە رەنگیان سوورە
زەرەدەخەنە لە لێوەکان ئەتۆرێن
بینای عەشقی راستی و پاکیش ئەڕوخێن
کاتێ ئەبیستن چرای عەشقی نێوان دووکەس هەڵگیرساوە
زۆر تامەزرۆن بۆ کپکردنی ئاگری دڵی ئەم دوولاوە



# ئەڤین رەسوڵ ئەحمەد

لە ساڵی ١٩٨٥ لە کاوانیان لە دایک بووە، ئێستا خوێندکاری قۆناغی سێیەمی کۆلیژی تەکنیکی ، لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٨ دا دەستی کردووە بە شعر نووسین.

هەندێ لە دەستنووسەکانی خاتوو ئەڤینم بەدەست گەیشتن، کە زۆربەی شعرەکانی لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٧ دا نووسراون.

شعرەکان بە شێوەیەکی گشتی هەناسەکانی ئەژین خۆیەتی و لە نێو دونیای تایبەتی خەم و هیواو حەزەکانی خۆیدا بەرهەمی هێناون. بە زمانێکی سادە و ساکار و بە ریتمێکی سادەوە تەعبیر لە خۆی ئەکات و خەریکی نووسینەوەی خۆیەتی. شعرەکان سەرەتایین وەک سەرەتای هەر شاعیرێکی دیکە لە سەرەتای نووسیندا، کۆمەڵێ وێنەی شعری سادە ئەکاتە دێر و دەستەواژەی رەنگاورەنگ و هەست و نەستەکانی تێدا ئەگێڕێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی دونیای شعرەکان دونیای سۆز و هەستەوەری خۆیەتی و هێشتا ماویەتی بگەنە پلەی رامانی قوڵی بیرکردنەوە و دەرچوون لە دەسەڵاتەکانی سۆز و مانا و فڕین بەرەو ئاقاری فراوانی شعر. وەک سەرەتاش ئەژین خان جێگەی ستایش کردنە و سوپاسی ئەکەم کە ئەو دەرفەتەی پێبەخشیم لە دواساتەکانی نووسینی ئەو پەڕتووکەدا بەشداری پێبکەین.

## ماچێ

٢٠٠٤/١٢/١٠

**هەرچەند هانام بۆ هێنای**
**نەتکرد ماچی دڵەی شەیدا**
**چارم نەبوو ماچم کرد بە پەتی**
**خەم و دڵی خۆمم پێ گرێدا**
**لە بیرم چوو تۆ کۆچکەری**
**ماچی منت لەم کۆچەدا**
**لێ بەجێما**
**ئاخ ماچی تۆ بوو ئازیز**
**دڵی منی فریودا**
**چاوەڕوان بووم ماچێ وەک**
**تروسکەی ئەستێرە رووی**
**خۆمم پێ نیشان بدا**
**نەمدەزانی لەم ئاورنگەی وەرزی**
**خەزان گەڵای عەشق بە ماچی**
**بەهار بزەی وەراند**

هەنسکی کامە گریان بوو
ئێوارەی ماچی ژێر دەوارانی
هەژاند

## تەنیام

٢٠٠٦/٥/١٤

ئەو کاتانەی دووری لێم هەست ئەکەم
تەنیام!
کە تەنیاش بم بە بێ شک بۆ عەشقت شەیدام!
بۆ ئەم ئەوینەی تۆش هەموو ساتێ
چاو بە گریەم .. سارێژ نابێ
بەم گریانە بەتینەش سووتانی دڵم!
ئامێزی تۆش لانە و گوڵزارێکە
بۆ مەستبوونی دڵەی تەنیام!

## ئەی

٢٠٠٥/١١/٢٤

ئەی باوەشی سۆزاوی گەڵاوەریوەکان
کام باڵای درەختە خەیاڵییەکان؟!
لە کوێی دڵە بێ چرپەکان خۆت ون کردوە؟
دڵۆپی ئەو چاوە بێ تروسکانەی
کە تاریکی بەندی کردوون!
عاشقی چۆڵەکە پاساری و پەپولە و باڵ شکاوەکانی؟!
ئەی کەشتی بێ لەنگەری کەناری دڵم
کام ئاراستە بەرەو خۆی راپێچی کردی؟
تۆ لە لاشەی خنکاو ئەچی
بەهێزی هیچ ئاوێک ژێر ناکەوی!



# ساریێژ زیاد شێخ محەمەد

# شەوانە

هەموو شەوێک فرمێسکی چاوەکانم
چاوەڕێی دەنگی گریانی عاشقێک دەکات
بۆ ئەوەی سەمای لەگەڵدا بکات

هەموو شەوێک دەمم چاوەڕێی
ناڵەی عاشقێک دەکات
تا بە یەک دەنگ هاوار بکەن بۆ رازەکانیان

هەموو شەوێک چاوەکانم چاوەڕێی
شەوقێک دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵیدا
بڕوات بۆ رووناکی

هەموو شەوێک گوێچکەکانم چاوەڕێی
خورپە سامناکەکانی دڵم دەکەن
لە ترسی شەوە تاریکە سەختەکان

هەموو شەوێک هەموو گیانم چاوەڕێی
بیرێکی نوێ دەکات
بۆ رادربڕینێکی ئازادانە

# ئەنجامێک

**لە خوێندنەوەی شعرەکانی شاعیرانی شەقڵاوەدا لەوە ئەگەین کە شعر لەو شارەدا شان بە شانی شعری کوردی ڕۆیشتووە و لەگەڵ قۆناغەکانی ئەم شعرەدا ڕێی کردووە.**
**دیارە لە کوردستان سەرەڕای شعر لەسەر بنەمایەکی دینی دەستی پێکردووە و بەو بنیاتەوە خۆی نووسیوەتەوە ئەمەش لە لایەن شاعیرانی کلاسیکەوە شتێکی هەم ئاشکرا و هەم ئاساییش بووە چونکە شاعیرەکان مەلا بوونە و بە زهنییەتی دینییەوە نووسراون دیاریشە ئێمە ئەزانین کەوا پەیوەندی شعر و دینیش بە تایبەتی ئیسلام پەیوەندییەکی ئاڵۆزە، چونکە ئیسلام وەک ئەزانین شعری نەویستووە و پێغەمبەری موسڵمانانیش شعر و بتەکانی وەکیەک رق لێبوونەتەوە! هەروەها لە قورئانیشدا ئایەتی روون و ئاشکرا هەن وەک لەم ئایەتەدا دیارە** ( والشعراء يتبعهم الغاوون. الم ترهم انهم في كل واد يهيمون وانهم يقولون ما لا يفعلون الا الذين امنو وعملوا الصالحات وذكروا الله كثيرا وانتصروا من بعد ما ظلموا وسيعلم الذين ظلموا اي منقلب ينقلبون )

**بەڵام دیارە لە ئیسلامیشدا ڕێ بەو شعرانە دراوە کە بەشێوەیەک پشتگیرییان لە پەیامی ئیسلام و دینەکەی ئەکرد هەر بۆ نموونە ( حەسان بن سابت ) کە بە شاعیری ئیسلام و پێغەمبەر ناسراوە یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کە شعری لە دژی دەسەڵاتی قورەیش دائەنا، وەک د عەلی وەردی ئەڵێت: لەم قۆناغەدا ئیسلام پێویستی بە شمشێر و وشە هەبوو بۆ ئەوەی بەرگری لە دینەکەی خۆی پێبکات و بەربەرەکانی دوژمنەکانی پێ بکات، بەڵام دوای ئەمە ئەبینین ئیسلام پێویستی بە شعر نامێنێت و قورئانیش ئەڵێ کە ئێمە پێغەمبەرمان فێرە شعر نەکردووە و بۆشی نیە** ( وما علمناه الشعر وما ينبغي له) **دوای پێغەمبەریش ، دیسانەوە عومەری کوڕی خەتاب و عەلی کوڕی ئەبو تالیبیش رقیان لە شعر بۆتەوە.**

**بۆیە ئاساییە کە مەلاکان و باوەڕدارانی دینی کە شعر تەنیا لە قالبی مەدح و سەنا و بابەتی دینییەوە بنووسن، بەڵام لەشەقڵاوەدا ئێمە ئەم سەرەتایەمان بەرچاو نەکەوت، هەرچەندە یەکەم شاعیرمان مەلا حەمەدەمین حوتان بوو کە مەلا بووە، بەڵام ئەو شعرانەی بەردەستی ئێمە کەوتن، بابەتەکانیان زیاتر ئەوینداری و کۆمەڵایەتی و جوانی پەرستن و سروشتناسی و جواناسی شەقڵاوەبوون. هەرچەندە ڕەنگە مەلای دیکە هەبووبن، بۆ نمونە وەک ( مەلا سەمیع ) کە گوایە شعری عەرەبی هەن و شعرەکانی دینین، ئەگەرچی هەوڵیشمدا کە شعرەکان پەیدا بکەم، بەڵام بەداخەوە نەکەوتنە بەردەستم و نەمدیتن. هەروەها شاعیرێکی دیکەی مەلاش هەبوو، بەڵام ئەویش بەرهەمەکانی بە داخەوە فەوتا**

بوون و پەیدانەبوون، ئەگەر نا رەنگە ئەگەر کەسێک لە بارێکی باشتردا بگەڕێت رەنگە دەستنووسی شاعیرانی کلاسیک پەیدابکات کۆمەڵێ شعری بنیات دینی بدۆزێتەوە.

دوای ئەم قۆناغە، لە ساڵانی پەنجاکان و بەتایبەتی دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی لە عێراق و هێنانەکایەی دەسەڵاتێکی کۆماری شعر لەو قۆناغەدا تەواو تێکەڵی سیاسەت ئەبێت و تا ماوەیەکی درێژیش شعر و سیاسەت ئاوێتەی یەک ئەبن و بە سەدان و هەزاران شعری کوردی لەو قۆناغەدا ئەنووسرێن لەپاڵ ئەمەشدا بنەمای عەشق و سۆزداریش وردە وردە دێتە ناو تێکستی شاعیران و ئەویش ئەبێتە بنەمایەکی دیکەی شعری کوردی.

لە شەقڵاوەشدا شعرەکانی مەلا گچکە و عەبدوڵڵا ئیسماعیل و جەلال مەدحەت و ماهیر عوسمان و خەلیل خۆرانی و زرار سەرتاش و شەهید هەژار و ئاودێر و سەردار کاوانی و بیلال کاوانی، لەسەر ئەم بنیاتەدا هەنگاو ئەنێن ئەمە بە جیاوازی شێوازی دەربڕین و هونەرکاری تایبەتی هەر یەک لەم ناوانە.

لە ئەزموونی جەلال مەلا حەسەندا ئەبینین تایبەتمەندی شاعیرانەی خۆی بە شعرەکانییەوە دیار ئەکات و جۆرە داهێنانێک لای ئەو هەیە.

دوای ئەوە ئەبینین لەگەل نەوەیەکی نوێی شعریدا کە لە دوای راپەڕینەوە دەست پێئەکات وەک سەرباز مەجید و هەندرێن حەمەدەمین و سیروان واحید خۆشناو و محەمەد عەبدوڵلا ئیسماعیل ، جۆرە شعرێکی دیکە ئەبینین کە تا رادەیەک جیاوازی لەگەل پێش خۆیان هەیە بە تایبەتیش شعرەکانی هەندرێن کە دابڕانێکی باشی کردووە لەگەڵ نەوەی پێش خۆی ئەویش بەوەی توانیویەتی هزر و فەلسەفە و بیر و دیتنی نوێ بۆ شعر و دونیا و چەمکەکانی ژیان پێشکەش بکات.

هەروەها هەوڵی دیکەش کە دراون وەک هەوڵەکانی سامانساڵح و وشیار مامە و ئازاد ئیبراهیم دا ئەبینین هەوڵەکان سەرەتایین و رەنگە تا رادەیەکی زۆر تەنیا سەرخانێکی شعری بن و خاوەن بنخانێکی شعری قووڵ نەبن بەڵکو زیاتر تۆمارکردنی هەندێ بیری راگوزەر و دیمەنی جۆراوجۆری ژیانیان و دەربڕینی هەندێ هەستە لە ساتە تایبەتییەکانی ژیانیاندا کە ئەبنە شعر ئەگەر نا هەست ناکرێت کە ئەوان بە قوڵی تێکەڵی ئەم دونیایە بووبن و شعریش بووبێتە خەمێکی بەردەوام و مەراقێکی هەندە گەورە کە وایان لێبکات بەردەوام بنووسن و کتێب چاپ بکەن.

هەروەها هەر پێنج هەوڵەکانی دوایین ( جێگر و بارزان و رێژنە و ئەڤین و سارێژ ) کە پێنج کەسن لە تەمەنێکی نزیک لەیەکدا و لەناو یەک کەش و ئاووهەوادا گەشەیان کردووە و ئەنووسن، پێنج دەنگن کە سەرەتایانە و هیوادارم بەردەوام بن لە نووسین و دونیای شعریشیان رۆژبەرۆژ گەورەتر و جوانتر ببێت، دڵم بە هەوڵەکانیان خۆشە و جێگەی ستایش و رێزگرتنن. بەشداری کردنیشیان لەم کتێبەدا کارێکە بۆ ئەوەی زیاتر هان بدرێن و دەستیان بگیرێت بۆ نووسینی دیکە.

بە کورتی ئەبینین ئەزموونەکانی شەقڵاوە رەنگاو رەنگن ئەگەرچی بنیاتی و سیاسی و سۆزداری بەسەردا زاڵە بەڵام دەنگی جەلال مەلا حەسەن لە نەوەکانی هەفتاکان و هەندرێن و سەرباز خۆشناو سیروان خۆشناو لە نەوەی دوای راپەڕین و ئەمڕۆ، تا رادەیەک سەربەخۆیی خۆیان هەیە و تایبەتمەندی خۆیان پێوە دیارە.

هەر چۆنێکیش بێت ناکرێت من ئەزموونی شاعیرەکانی ئەو پەڕتووکە لەو خوێندنەوەیەدا بەند بکەم و خوێندنەوەی دیکەیان بۆ نەکرێت نەخێر من تەنیا لەرووی بنەماکانەوە تەماشام کردوون و وەک لە پێشەکیش گووتم ئەم پەڕتووکە هەم لایەنە مێژوویەکە و هەم بەها ئەدەبییەکەی دوو تەوەری سەرەکین ئەگەر نا ، ئەکرێت خوێندنەوەی دیکە بۆ تێکستەکانی ئەم شاعیرانە بکرێت و لە رووی زمانەوانی و جوانکاری و لایەنی دیکەدا بخوێندرێنەوە.

ئەوەی من کردوومە زیاتر بۆ پاراستنی ئەم ناو و دەستنووسانە بووە و خوێندنەوەیەکی گشتی و بچووکیش بۆ بنیاتەکان کراوە.
بە هیوام نووسینی دیکە و بەرهەمی باشتری بەدواوە بێت.

# سەرچاوەکانی ئەم باسە

١- دەستنووسەکانی مەلا حوتان.

٢- مەلا گچکە / سکالای دەروون / دەستنووس / کۆکردنەوە بەهار مەلا گچکە.

٣- مستەفا مامە / دەستنووس لە لایەن کوڕەکەی کاک وشیار مستەفا وەرگیراوە .

٤- عەبدوللا ئیسماعیل/ دەستنووس

٥- تەها نەبی ( خارۆ ) دەستنووسی یادەوەرییەکانی حوسێن زەخۆک.

٦- مام حەمەدەمین، سایتی بۆ پێشەوە

٧- ئەندازیار جەلال مەدحەت خۆشناو/ کاروانی یار /چەپکێکی چێنراوەیە لە شعرەکانی خۆشناو/١٩٧٥ ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی ( ٦١٨) ١٩٧٦ چاپخانەی شارەوانی هەولێر

٨-جەلال مەدحەت خۆشناو/ سێ دەنگە تورە / بەڵاوکراوەکانی ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری(٤) دار الحریه للطباعه بغداد ١٩٧٩

٩-ئاسمان و ئاو و خاک/ جەلال مدحەت/ئەمانەی گشتی رۆشنبیری و لاوان (١٤)چاپخانەی علاء بغداد ١٩٨١

١٠- نەوای حەیرانێکی چر/جەلال مدحت خۆشناو/بە یارمەتی ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان/ چاپخانەی الحوادث بەغدا ١٩٨٢

١١-گرەو / شاعیر و ئەندازیار جەلال مەدحەت خۆشناو/ هەولێر چاپخانەی منارە ژمارەی راسپاردن/ ١٣٤ ٢٠٠٣چاپی یەکەم.

١٢- جەلال مەلا حەسەن / خرپن/ ١٩٧٨
١٣- دەستنووسەکانی قادر مەلاحوتان.
١٤- خەلیل خۆرانی.
١٥- شاکر عەودیش/ دەستنووس.
١٦- جـەمـیـل شـێخ مـحـەممەد/ نووسـینەوەی شـعـرەکـان لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا.لەدیسمبەری ٢٠٠٦دا.
١٧- ماهیر وەسمان خۆشناو/ نالەی دووری/هەڵبەست / نەرویج /١٩٩٧چاپی یەکەم ٢٠٠١ چاپخانەی ماردین/ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی گشتی ( ١٨٧) ساڵی ٢٠٠١
١٨- ماهیر وەسمان خۆشناو/نۆبەرە/هەڵبەست/هەولێر /٢٠٠٢ژمارەی سپاردن ( ١٩٧)
١٩- زرار عەبدوللا سەرتاش / هەڵچوونی تەمەن ١٩٩١ شەقلاوە.
٢٠- کۆچ بەرەو هەوارێکی نامۆ/ شەهید هەژار خۆشناو. دەستنووس
٢١- بلاوکراوەی شالوور/ژمارە (٥) ساڵی سێیەم.
٢٢- بلاوکراوەی شالوور ژمارە (٣) ساڵی دووەم.
٢٣- بلاوکراوەی شالوور ژمارە ( ٦ )
٢٤- بلاوکراوەی شالوور ژمارە (٤) ساڵی سێیەم.
٢٥- بیلال کاوانی / دەستنووس.

٢٦- سەردار قادر كاوانی/ مەرگی پیرۆز ١٩٩١.

٢٧- كاوەی خەسرەو كاوانی / دەستنووس.

٢٨- سەربەست مەجید خوشناو / دەستنووس.

٢٩ - سەرباز خۆشناو/لەوەرزی هەنگوین وشكە سالیی شیلەدا / ملوانكە شیعر / ٢٠٠٥

٣٠- هەندرێن حەمەدەمین/مەگیرانی/هوزان/ چاپی یەكەم ٢٠٠٥ دهۆك/ژمارەی راسپاردن ٢٠٠٥/٧٤٥ چاپخانەی زانا / دهۆك.

٣١- هۆشەنگ شێخ محەمەد/ دەرچوون ژ دەسهەلاتا مانای/ لێكۆلینەوە چاپی یەكەم ٢٠٠٥ دهۆك/ژمارەی راسپاردن ٢٠٠٥/٧٤٤ / چاپخانەی هاوار كوردستان دهۆك/ لە بلاوكراوەكانی یەكێتی نووسەرانی كورد لقی دهۆك.

٣٢- دەستنووسەكانی كاك سامان سالح

٣٣- دەستنووسەكانی كاك وشیار مستەفا قادر.

٣٤- دەستنووسەكانی سیروان واحید خۆشناو.

٣٥- دەستنووسەكانی ئازاد ئیبراهیم عەبدوللا.

٣٦- دەستنووسەكانی جێگر مستەفا رەسول.

٣٧- دەستنووسەكانی بارزان یاسین وەیسی.

٣٨- دەستنووسەكانی رێژنە قاسم.

٣٩- دەستنووسەكانی ئەژین رەسوڵ ئەحمەد.

٤٠- دەستنووسەكانی سارێژ زیاد.